# نەورەس

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەڤ

# نــــەورەس

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە:

شیروان مەحموود محەمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئەنتۆن پاڤلەڤیچ چێخەڤ
نەورەس
وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: شیروان مەحموود محەمەد
پێشەکی: دانا ڕەئووف
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٠٩
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٩ –٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# نەورەس و چێخەڤ

دانا ڕەئووف

چێخەڤ لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە شارێکی بچووکی باشووری ڕووسیا لەدایک بووە. دوای قوتابخانە کۆلێجی پزیشکی تەواو دەکا، بەڵام دەبێت بە نووسیار. چێخەڤ هەرچەندە واز لە پیشەی پزیشکیش دێنێ، بەڵام دەستبەرداری نەخۆشەکان، بە تایبەتی هەژارەکانیان، نابێت و چارەسەریان دەکا.

چێخەڤ لە ڕێگەی نۆڤێلت و شانۆنامەکانیەوە: نەورەس، لالۆ ڤانیا، سێ خوشکەکە و باخچەی گێلاسەکەوە کە لە دوای ساڵی ١٨٩٥ نووسیونی، دەبێتە یەکێک لە نووسیارە گەورە نێونەتەوەییەکانی دنیا. چێخەڤ زۆربەی ژیانی لە مۆسکۆ بەسەر بردووە، بەڵام بە هۆی تەندروستییەوە ماوەیەکی زۆریش لە نیمچەدوورگەی کریم و یاڵتاش ژیاوە، تا لە ساڵی ١٩٠٤دا کۆچی دوایی دەکا.

### نەورەس

چێخەڤ هەرکە شانۆنامەی (نەورەس) لە ساڵی ١٨٩٦دا دەنووسێت، لەسەر شانۆی" ئەلیکساندرەڤسکی" نمایش دەکرێت. ئەم نمایشە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێ و ڕەخنەگرەکان زۆر بە توندی هێرشی دەکەنە سەر و بە کارەساتێکی هونەریی دادەنێن.

چێخەڤ بەم هەرەسە هونەرییە تووشی نائومێدییەکی گەورە دەبێت

و نایەوێت جارێکی تر بۆ شانۆ بنووسێ.

بەڵام ستانیسلاڤسکی و شانۆی هونەریی مۆسکۆ، چێخەڤ ناچار دەکەن کە شانسێکی تر بدات بە (نەورەس) و لە ساڵی ١٨٩٨دا لە مۆسکۆ نمایش دەکرێتەوە. ئەم نمایشە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ شانۆی هونەری، بۆ نەورەس و بۆ چێخەڤیش بە دەست دەهێنێ.

نەورەس بە زمانێکی ساکار، تەکنیکێکی بەرزی شانۆیی و فەلسەفەیەکی قووڵی ژیانەوە، چیرۆکی یازدە مرۆڤمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە یەکێک لە شارە گچکە و دوورەدەستەکانی ڕووسیادا لە کەنار دەریاچەیەکدا دەژین.

بەسەرهات و ڕووداوەکانی نەورەس باسی مەسەلە هەتاهەتایی و هەنووکەییەکانی مرۆڤ: خۆشەویستی، جیاوەبوون و و دابڕان، پیربوون، شەڕی نێوان نەوەکان، بەناوبانگبوون، هەروەها شانۆ و ئەدەب دەکەن. لە پاڵ ئەمانەشدا، باسی خەونی ئەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێ ببنە ئەکتەر، بە نووسیار و ناوبانگ دەرکەن.

ماشا، کەنستەنتینی خۆش دەوێت، کەنستەنتین عاشقی نینایە، نیناش تای عەشقی بۆ تریگۆرین لێ هاتووە، هەموویان عاشقن، هەمووشیان عاشقی کەسێکی هەڵەن.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە دوو مەسەلەی سەرەکی لەنێو ڕووداوەکان و لەگەڵ کارەکتەرەکان و لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا، لە چەقی شانۆنامەکەدان و بەهایەکی گەورەیان هەیە؛ ئەوەش هونەر و خۆشەویستییە و هەموو کارەکتەرەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان بەم دوو مەسەلەیەوە بەستراونەتەوە.

زۆرجار پێوەندیی کارەکتەرەکان بە مەسەلەکانی هونەرەوە و لەسەر

ئاستێکی بەرز پابەندی مەرگ و ژیانە، بۆ نموونە لەلای کەنستەنتین و نینا. نینا لە پێناوی ئەوەی ببێ بە ئەکتەر هەموو شتێک لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێ: ژیانێکی ئارام، ماڵە باوان و خۆشەویستەکەی. کەنستەنتین بە دوای فۆرمێکی نوێی شانۆدا دەگەڕێ (دەبێ شێوازی نوێ بخوڵقێنین، پێویستمان بە شێوازی نوێیە، خۆ ئەگەر ئەو شێوازە نوێیەمان پێ بەرهەم نەیەت، چاکترە هەر دەستی لێ هەڵگرین) بەڵام خۆشەویستی تێکی دەشکێنێ و وەکو نووسیارێکی ناکام و بێ هیوا کۆتا بە ژیانی خۆی دەهێنێ.

ئەم مەسەلانە لەلای ئەرکادینا/ ئەکتەر، تریگۆرین/ نووسیار لە ئاستێکی تردایە، ئەمان بەناوبانگن، ڕێگە دوورەکەیان بڕیوە، بەڵام لەنێو ڕواڵەت و چەق بەستندا دەسوڕێنەوە و ددان بە یەکتریدا نانێن، بە تایبەتی کەنستەنتین/ ئەرکادینا، کەنستەنتین/ تریگۆرین و یەکتری وەلاوە دەنێن.

بەم شێوەیە شانۆنامەی (نەورەس) شەڕی نەوەکان، کۆن و نوێ، مرۆڤە بەهرەمەند و بێ بەهرەکان دەخاتە ڕوو. لەم شەڕەدا کەنستەنتین بە هونەرەکەیەوە نوێنەری نەوەیەکی نوێیە و دژی چینە ناودار و هونەرمەندە تەقلیدییەکانە، دژی فۆرمە کۆن و چەق بەستووەکانە و دژی ئەو هونەرەیە کە لە بنەما تەقلیدی و باو و ڕۆتینەکاندا دەسوڕێتەوە.

ئەوەی کە لە نێوان ئەم کارەکتەرانەشدا هاوبەشە، بە تایبەتی لە پێوەندییەکانیاندا بە مەسەلە هونەرییەکانەوە، ئەوەیە کە نووسیار پرسە هونەرییەکانی بەستووەتەوە بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانەوە و پێگەی هونەر و هونەرمەندیشی کردووەتە بەشێکی گرینگ و

جیانەکراوەی کۆمەڵگە. هەروەها چۆن مەسەلە هونەرییەکان بنەما و پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، بە هەمان شێوەش مەسەلەکانی خۆشەویستی، گیروگرفتە دەروونییەکان و بارودۆخە ناهەموارەکان، بەشێکن لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان.

چێخەڤ توانیویەتی ئەم دوو مەسەلەیە، ئەم دوو جەمسەرە، ئەم دوو بنەما گرینگە، بە شێوەیەکی فراوان قووڵ بکاتەوە و مەودایەکی هەمەچەشنیان پێ بدات و گیروگرفت و پشێوییە کۆمەڵایەتییەکان، مەسەلە ئابوورییەکان لە ڕوانگەی پێوەندییەکانەوە بخاتە ڕوو.

لەلای کەنستەنتین و نینا هەردوو مەسەلەکە تێکەڵاوی یەکتر دەبن، گرفتەکانی هونەر لە هەمان کاتدا گرفتەکانی خۆشەویستیشن.

## شانۆ و خۆشەویستی

چێخەڤ هەر لە دەستپێکی شانۆنامەکەوە و لە دوو هێڵی تەریبدا مەسەلەکانی هونەر و خۆشەویستی دەخاتە ڕوو، کاراکتەرەکانمان پێشان دەدا و گیروگرفتە دەروونی، کۆمەڵایەتی و عەشقە ئاڵۆزەکانیان ئاشکرا دەکا.

لە پەردەی یەکەمدا نمایشێکی شانۆیی هەرزەکارانە دەبینین کە بە ئاژاوە کۆتایی دێت، لە پەردەی دووەمدا تریپلیۆڤ (کەنستەنتین) لە ئەنجامی دڵدارییەکی بێ هیوادا، هەوڵی خۆکوشتن دەدا، نیناش حەز و خۆشەویستیی خۆی بۆ تریگۆرین دەردەبڕێ.

لە پەردەی سێیەمدا ئەرکادینا، تریگۆرین ناچار دەکا کە بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ، بەڵام تریگۆرین لە پشت ئەرکادیناوە لەگەڵ نینا ڕێک دەکەوێ تا لە مۆسکۆ یەکتری ببینن و پێوەندییەکی خۆشەویستی ببەستن.

پەردەی چوارەم، دوو ساڵ بەسەر ڕووداوەکاندا تێ پەڕیوە. وەرزی پایزە، نینا بووەتە ئەکتەرێکی باوەڕپێکراو، تریگۆرین وازی لێ هێناوە و گەڕاوەتەوە لای ئەرکادینا و کەنستەنتینش بووە بە نووسیار. دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کورتی نێوان نینا و کەنستەنتین، نینا بە تەواوەتی ماڵئاوایی لە کەنستەنتین دەکات و کەنستەنتینیش بە گوللەیەک کۆتا بە ژیانی خۆی دەهێنێ.

چێخەڤ بیر و بۆچوونە شانۆییەکانی کەنستەنتین لە تەوژمە ئەڤاندگار و سیمبولیزمەکانی ئەو سەردەمەوە وەردەگرێ، بە تایبەتیش "مۆریس مەتەرلینگ" و تەوژمی سیمبولیزمەکانی فرەنسا. ئەو تەوژمە سیمبولییە، لەو زەمەنەدا ببوو بە ئاوازێکی دەربڕینی کۆمەڵێ شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار و شانۆ. شانۆ بچووکەکانی پاریس کەوتبوونە نمایشکردنی شانۆنامەی ئەزموونگەری کە ڕووناکی، تاریکی و سێبەر، دەنگ و بووکەڵە و تەنانەت بۆنیشیان بەکار دەهێنا. هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن، کە لە یەکێک لەو نمایشانەدا، بۆنیان پرژاندووە بە هۆڵی بینەراندا، هەر وەکو ئەوەی کەنستەنتین لە نمایشەکەی خۆی و نینادا و لە کاتی دەرکەوتنی دوو "چاوە سوورەکان"دا، بۆنی گۆگرد و شتی تر بلاو دەکاتەوە.

کەنستەنتین هەر لە دەستپێکی شانۆنامەکەدا دووپاتی دەکاتەوە، کە لە شانۆدا نابێت "ژیان وەک ئەوەی هەیە نمایش بکرێت، یان وەک ئەوەی کە پێویستە ببێت، بگرە دەبێت بەو شێوەیە نمایش بکرێ کە لە خەوەکانماندا دێتە بەرچاومان".

لە کۆتاییی شانۆنامەکەشدا، دوای ئەوەی دەبێتە نووسیار و لە کۆوارەکاندا نۆڤێلتەکانی بلاو دەکرێنەوە، بە ڕوونی و بە پێداگرتنەوە

دەڵێت "من تا دێت زیاتر و زیاتر دەگەمە ئەو بڕوایەی کە کار لە فۆرمی کۆن و نوێدا نییە، بگرە لەوەدایە کە مرۆڤ کاتێک دەنووسێ لە ڕاستیدا بیر لە هیچ جۆرە فۆرمێک ناکاتەوە، ئەو بۆیە دەنووسێ، چونکە نووسین خۆی، ئازادانە و بێ پەروا لە ڕۆحیەوە سەردەکا.."

ئەم بیر و بۆچوونە هونەرییانەی کە لەم شانۆنامەیەدا، لەلایەن کەنستەنتینەوە سەبارەت بە فۆرم و شانۆ و ئەدەب دەخرێنە ڕوو، نابنە چەند پەرەگرافێکی تیئۆری وشک، بگرە دەبنە بەشێک لە کارەکتەری کەنستەنتین و پرۆسە شانۆییەکە.

چێخەڤ لەژێر کاریگەری نووسیاری نەرویجی هێنریک ئیبسن و شانۆنامەی "مراوی کێوی"دا شانۆنامەکەی ناوناوە (نەورەس) و ویستوویەتی ئەویش باڵندەیەک بکاتە مۆتیڤ و مەودایەکی هێماگەلی قووڵی پێ بدا و هێڵی ڕووداو و کارەکتەرەکان، بە تایبەتیش "نینا" ببەستێتەوە بە نەورەسێکەوە. ئەمە جگە لەوەی کە چەند ڕووداوێکی ڕاستەقینە هەن لە ژیانی چێخەڤدا، کەم و زۆر سوودی لێ وەرگرتوون و بەکارهێنانی مۆتیڤی (نەورەس) ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای ئەو بەسەرهاتانەیە، هەر بۆ نموونە چێخەڤ جارێکیان ناچار بووە کە (دارکونکەرە)یەکی جوان بکوژێ، چونکە هاوڕێ وێنەکێشەکەی کە ناوی (لیڤیتان) بووە بە ڕێک کەوت بریندداری کردووە. هەر ئەم هاوڕێیەی هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام سەر ناکەوێ و تەنیا سەری بریندار دەکا. ئەمەش ڕێک وەک کارەکتەری کەنستەنتین، کە لە هەوڵێکی خۆکوشتندا سەری بریندار دەبێت و لە بریی (دارکونکەرە)ش نەورەسێک دەکوژێت.

## دیمەنی کۆتایی و کۆتاییی گەشتەکە

لە دیمەنی کۆتاییدا، نینا و کەنستەنتین سەرلەنوێ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، کەنستەنتین بووەتە نووسیار و نیناش لە شانۆکاندا وەکو ئەکتەر کار دەکات. جیاوازیی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە لەم دووڕیانەدا "دوای دوو ساڵ" ئەوەیە، کە نینا هەموو ڕەهەند، گومان، دڵەڕاوکێ، کەوتن و پەژارەکانی لە دوای خۆیەوە بەجێ هێشتووە و بووەتە ئافرەتێکی خاوەن ئەزموون.

نینا دەڵێت ". باسی شانۆ دەکەم... من ئێستا وا نەماوم، من ئەکتەرێکی ڕاستەقینەم، چێژ لەو ڕۆڵانە دەبینم کە دەیان نوێنم و سەرسام دەبم بەرامبەریان، لەسەر تەختی شانۆکە مەست دەبم و هەست بە لێهاتوویی و کەموێنەییی خۆم دەکەم". لەم ڕووەوە نینا تاکە کارەکتەرە، کە لەم شانۆنامەیەدا، لە هەردوو ڕووی خۆشەویستی و هونەریشەوە، گۆڕانکاریی بنەڕەتی و گەورەی بەسەردا دێت، دەبێتە مرۆڤێکی کامڵ و بە ئەزموون، مل دەدات بۆ هەموو ئەو بەرەنجامانەی کە لە ژیاندا بە هۆی بڕیارەکانی خۆیەوە، بە هۆی هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە تووشی دەبن.

بەڵام کەنستەنتین لە شوێنی خۆیدا وەستاوە، بێهودەیە و هەست دەکات مرۆڤێکە لە ژیاندا بەختیار نییە، لەم دوا چاوپێکەوتنەدا بە نینا دەڵێت "ئێوە ڕێگەی خۆتان دۆزیوەتەوە و دەزانن بەرەو کوێ ڕێ دەکەن، هەرچی منیشم هەر لە ئاشووبی خەیاڵات و دیمەنە دژبەیەکەکاندا دەژیم". ئەوەی کە لە بەرەنجامیشدا ڕوو دەدات ئەوەیە، کە نینا سەرلەنوێ کەنستەنتین بەجێ دەهێڵێتەوە، بەرەو شار و شانۆ بچووکەکانی هەرێمەکان، بەبێ ئاوڕدانەوە هەنگاو دەنێت، بەڵام

کــەنســـتــەنتین هـیچ شــوێنێکی نیــیــە بۆی بچــێت، دەست دەداتە دەسـتنووسـەکانی و پارچە پارچەیان دەکا و دەڕواتە دەرەوە و کۆتا بە ژیانی خۆی دەهێنێ.

# نەورەس

کۆمیدیایەک لە چوار پەردەدا

**کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە**

ئیرینا نیکەلایێڤنا ئەرکادینا، ئەکتەری شانۆیی، بە هۆی نازناوی مێردەکەی پێشوویەوە بە تریپلیۆڤا دەناسرێ.

کەنستەنتین گەڤریلەڤیچ تریپلیۆڤ، کوڕی ئیرینایە و بە تەمەن گەنجە

پیۆتەر نیکەلایەڤیچ سۆرین، برای ئیرینایە

نینا میخایەلەڤنا زەرێچنەیا، کیژۆڵەیەکی گەنجە و کچی کابرایەکی خاوەن زەویوزارە

ئیلیا ئەفەناسیێڤچ شەمرایێڤ، ئەفسەرێکی پلە نزمی خانەنشینکراو و سەرپەرشتیاری کاروبارەکانی سۆرینی برای ئیرینایە

پەلینا ئەندرێیەڤنا هاوسەری ئیلیایە

ماشا کچی ئیلیایە

بەریس ئەلێکسێیەڤیچ تریگۆرین ڕۆماننووسە

یڤگێنی سێرگێیەڤیچ دۆرن، پزیشکە

سیمیۆن سیمیۆنەڤیچ مدڤیدێنکا، مامۆستایە

یاکەڤ، ئیشکەرە

چێشتکەرێک

کارەکەرێک

بەسەرهاتەکان لە موڵکەکەی سۆریندا ڕوو دەدەن، لە نێوان پەردەی سێیەم و چوارەمیشدا دوو ساڵ تێ دەپەڕێ.

## پەردەی یەکەم

لە سوچێکی باغچەی موڵکەکەی سۆریندا؛ درەختەڕێیەکی دوور و درێژ لەلای تەماشاکارانەوە دەست پێ دەکا و ڕوو دەکاتە قووڵاییی باخچەکە بەرەو دەریاچەکە، کە بە شانۆیەک بەری گیراوە، شانۆکە سەرپێیانە و بۆ نواندنی شانۆنامەی ناو خێزانەکە دروست کراوە و تەواو بەری دەریاچەکەی گرتووە و بە هیچ شێوەیەک دیار نییە. لەلای ڕاست و چەپی شانۆکەوە چەند دەوەنێک بەرز بوونەتەوە، چەند کورسی و مێزێک دەبینرێن.

کەمێک لەمەوبەر خۆر ئاوا بووە. یاکەڤ و چەند کرێکارێکی تر لەسەر شانۆکە و لە پشت پەردە دادراوەکەوە وەستاون، دەنگی کۆکەیەک و کووتەی چەکوشێک دێتە گوێ. ماشا و مدڤیدێنکا لای چەپی شانۆکەیان گرتووە و لە پیاسە دەگەڕێنەوە.

**مدڤیدێنکا**: پێم ناڵێن ئێوە بۆ هەردەم ڕەشپۆشن؟

**ماشا:** ئەوە من ماتەمینی بۆ ژیانی خۆم دەگێرم. من بەدبەختم.

**مدڤیدێنکا:** لەبەرچی؟ (ڕادەمێنێ).... هیچ تێ ناگەم، پێ دەچێ تەندروستیتان باش بێت، باوکیشتان ئەگەرچی دەوڵەمەندیش نییە، بەڵام لە هیچی کەم نییە. دەتوانم بڵێم ژیانی من زۆر لە ژیانی ئێوە سەختترە. من هەمووی مانگی بیست و سێ ڕۆبڵ وەردەگرم، جگە لەوەش برێکم لێ دادەشکێنن و بۆم پاشەکەوت دەکەن بۆ کاتی خانەنشینی.. بەڵام ئیتر خۆ ناچم بەرگی

ماتەمینی بپۆشم.

(دادەنیشن)

**ماشا:** کار لە بوون و نەبوونی پارەدا نییە، تەنانەت نەداریش دەتوانی بەختەوەر بێت.

**مدڤیدێنکا:** ڕاستە، لە تیۆریدا وایە، بەڵام لە واقیعدا مەسەلەکە ئەوەیە کە من خۆم و دایکم و دوو خوشک و برایەکم دەبێت بە مووچەیەکی بیست و سێ ڕۆبڵی بژین. باشە بە نانی بدەین؟ بە ئاو؟ ئەی شەکر و چا بە چی بکڕین؟ چی بدەم بە جگەرە؟ جا فەرموو ژیان ئاوا هەڵسووڕێنە.

**ماشا** (نیگایەک دەبڕێتە شانۆکە): پاش کەمێک شانۆنامەکە نمایش دەکرێت.

**مدڤیدێنکا:** بەڵێ، ڕۆڵی سەرەکی زەرێچنەیا دەیگێڕێ، شانۆنامەکەش لە نووسینی کەنستەنتین گەڤریلەڤیچە. هەردووکیان دڵداری یەکترین و ئەمڕۆ هەردووکیان گیانیان ئامێتەی یەکتری دەکەن تا یەک نیگاری هونەری بنەخشێنن، هەرچی گیانی من و تۆشە خاڵی هاوبەش و پێک گەیشتنیان نییە. من ئێوەم خۆش دەوێت، لە ماڵەوە تاسەتان دەکەم و ئۆقرەم نییە، هەموو ڕۆژێک شەش کیلۆمەتر ئەمسەر و شەش کیلۆمەتر ئەوسەر بە پێ دەبڕم، بەڵام لەلای ئێوەوە تەنیا قسەی نادیار و پەنهان دەبیستم. تێش دەگەم، من بابایەکی دەستکورتم، خێزانێکی گەورەم کەوتووە بە سەردا، ئیتر کێ ئارەزووی ئەوە دەکات ببێتە هاوسەری کابرایەک کە خۆی نانی نییە بیخوات؟

**ماشا:** قسەی بێ مانا (بۆن بە توونەکەوە دەکات) خۆشەویستییەکەی

ئێــوه ســۆزم دەبزوێنێت، بەڵام من نـاتوانم بە هـەمــان شــێــوه وەڵامـتــان بدەمــەوه، هـەمــوو مـەســەلەکـە ئەمــەیە و هـیــچی تر (قوتووی تووتنەکەی لێ نزیک دەکاتەوه) بفەرموون.

**مدڤیدێنکا:** ئارەزووی ناکەم.

(پشوویەک)

**مــاشــا:** شنـەیەکی هەوا چیــیــه نایەت، بێگومــان شــەوێ دەیکاتە هەورەبرووسکە. ئێوه هـەردەم ژیان دەفەلسەفێنن و باسی پارە و سامان دەکەن. لای ئێوه ماڵوێرانییەک نییە لە هەژاری سـەختتر بێت، بە ڕای مـنیش پیــاو پۆشــاکی شــڕەوشــیــتــاڵ بێت و دەروازەکووتی بکات، هەزار جار لـەوه چاکترە کە... هـەرچەندە سوودی نییە، ئێوه لەمەیان ناگەن...

(لەلای ڕاستەوه سۆرین و تریپلیۆڤ دێنە پێش)

**سۆرین** (کێشی خـۆی خستووەتە سـەر گۆچانەکەی دەستی): برام بە خوا من لە لادێ زۆر ئـاسـووده نیم و کـارەکـە ڕوون و ئاشکرایە کـە من هـەرگیز بێرە ڕانایەم، دوێنێ شـەو سـەعـات دە ڕاکشـام، ئەمرۆ بەیانییەکەی کە بێدار بوومەوه، وا هـەستم دەکرد مێشکم، لە ئاکامی ئەو خەوه زۆرەدا، بە کاسەی سـەرمەوه سـواغ دراوه، هـەر مـەپرسـە (پێ دەکـەنێ) دوای نـانی نیـوەڕۆش لە نـاچاریدا خــەوم لێ کـەوتەوه، وا ئێـستـاش هـەمـوو گـیـانم تێک شکاوه و دەڵێی مۆتەکە نیشتووەتە سەر سنگم،...

**تریپلیـۆڤ:** ڕاسـتـە ئێوه پێویسـتـە هەر لە شـار بژین. (هـەرکـە چاوی دەکەوێت بە ماشا و مدڤیدێنکا) بەڕێزان هـەرکە دەستی پێ کرد بانگتان دەکەن، بەڵام ئێستا بۆتان نییە لێرە بن، جا تکایە لێرە مەمێنن.

**سۆرین** (ڕووی دەمی دەکاتە ماشا): ماریا ئیڤانەڤنا، میهرەبانی بنوێن و بە باوکتان بڵێن کە ڕاسپێریٚ سەگەکە بەرەڵا بکەن، ئەگینا دەکەوێتەوە لوورەلوور، خوشکم دیسانەوە هەموو شەو خەو لە چاوی ناکەوێت.

**ماشا:** خۆتان قسە لەگەڵ باوکمدا بکەن، من نیازم نییە هیچی پیٚ بڵێم. داوای لێبووردن دەکەم. (بە مدڤیدێنکا دەڵێت) با بڕۆین!

**مدڤیدێنکا** (بە تریپلیۆڤ دەڵیٚ): چاکە، کەواتە ئێوە پێش ئەوەی دەست پیٚ بکات هەواڵمان دەدەنیٚ.

(هەردووکیان دەڕۆن)

**سۆرین:** مانای ئەوەیە ئەمشەویش تا بەیانی دەبیٚ گوێمان لە وەڕەی سەگ بێت. چ بەڵایەکە تێی کەوتووم، هەرگیز لە لادێدا بە دڵی خۆم نەژیاوم. جار بووە بیست و هەشت ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرتووە و هاتوومەتەوە ئێرە پشوویەک بدەم، بەڵام هەرکە گەیشتووم، بە گرفتی وا پڕوپووچ و بیٚ ماناوە شەکەتیان کردووم، هەر یەکەم ڕۆژ خوا خوام بووە لێرە سەری خۆم هەڵگرم و بۆی دەرچم (پیٚ دەکەنیٚ) هەردەم بە خۆشییەوە ئێرەم جیٚ هێشتووە... بەڵام ئێستا وا خانەنشینم، چارم ناچارە، ترشم بێت و خۆشم بێت دەبیٚ لێرە بم و لێرە بژیم.

**یاکەڤ** (ڕووی دەمی دەکاتە تریپلیۆڤ): کەنستەنتین گەڤریلەڤیچ ئێمە دەڕۆین بۆ مەلە.

**تریپلیۆڤ:** باشە، بەڵام دەمەویٚ پاش دە خولەک هەمووتان لە شوێنی خۆتان بن. (سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی دەکات) پاش کەمێکی تر دەست پیٚ دەکات.

**یاکەڤ:** ئەمرەکەی (شوێنەکە جێ دەهێڵێ).

**تریپلیۆڤ:** (چاو بە شانۆکەدا دەگێڕێ) شانۆ هەی شانۆ، فەرموو ئەوە پەردە و ئەوە پشتی پەردە و لە پشت ئەویشەوە بۆشاییە و پێویست بە هیچ دیکۆرێک ناکا، دیمەنەکە بە ڕووی دەریاچەکە و ئاسۆدا کراوەتەوە. ڕێک سەعات هەشت و نیو لەگەڵ دەرکەوتنی مانگدا پەردە هەڵدەدەینەوە.

**سۆرین:** تەواو قەشەنگە.

**تریپلیۆڤ:** بەڵام ئەگەر زەرێچنەیا دوابکەوێ، ئەوا هەموو کاریگەری کات هەڵبژاردنەکە بە زایە دەڕوا. دەبوایە ئێستا لێرە بوایە. باوکی و باوەژنەکەی وا پاسەوانیی دەکەن، لە ماڵ دەرچوونی لەوە سەختترە لە زیندانێک هەڵبێت. (بۆینباخەکەی خاڵی ڕاست دەکاتەوە) سەروریشت بە جارێک ئاڵۆزاون، پێت وا نییە کاتی ئەوە هاتبێت تەراشێکی بۆ بکەیت...

**سۆرین** (بە دەم ڕیشداهێنانەوە): ئەوە تراجیدیای ژیانی منە. کوڕە من بە گەنجیش هەر ئەمە ڕووخسارم بووە، وەک بڵێی قەڕرابەیەکم خواردبێتەوە. ژنان هەرگیز منیان خۆش نەویستوە (بە دەم دانیشتنەوە) ئەرێ خوشکم بۆ وا وەڕس دیارە؟

**تریپلیۆڤ:** بۆچی؟ چونکە بێتاقەتە. (لە تەنیشتییەوە دادەنیشێ) ئیرەیی دەبات. ئەو ئێستا نەیارێتیی من و شانۆ و شانۆنامەکەم دەکات، هەمووشی لە ترسی ئەوەی نەبا کابرا ڕۆماننووسەکەی دڵی بچێت بە زەرێچنەیادا. ئەو هێشتا نازانێ شانۆگەرییەکەم باسی چی دەکات کەچی لە ئێستاوە دژێتی.

**سۆرین** (پێ دەکەنێ): ئای کە شت دەهۆنیتەوە، ماڵێکتە...

**تریپلیۆڤ:** لە بەردڵی گرانە کە لەسەر ئەم شانۆ گچکەیە زەرێچنەیا بدرەوشێتەوە نەک ئەو خۆی. (سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەکات) دایکم مەتەڵێکی سایکۆلۆجییە بۆ خۆی. گومانی تێدا نییە ئافرەتێکی بەهرەدارە، ژیرە، بەسەر کتێبێکەوە تێر دەگری، هەموو نیکراسەڤت* لەبەر بۆ هەڵدەرێژێ، هەر فریشتە ئاسایە، بەڵام دەبرۆ لە بەردەمیدا ستایشێکی دوزێ** بکە! ئای خۆزگەم بە حاڵت نەبێ! ستایش دەبێ هەر ستایشی ئەو بێت، نووسین هەر دەبێ لەسەر خۆی بنووسرێت و بەردەوام دەبێ هاوار بکەیت و بە شانوباڵی نمایشکردنە بێ هاوتاکەی "خانمی کامیلیا"***یان "تەمومژی ژیان"****ەکەی ئەودا هەڵبدەیت، جا لەبەرئەوەی لەم دێیەدا ئەو تلیاکەی ئەو گرفتارێتی دەست ناکەوێت، ئەوا بۆیە جاڕس و بێزارە، ئێمەش هەموومان نەیاری ئەوین و تاوانبارین. لەبەرئەوەش کە باوەڕی بە خورافاتە، لە سێ مۆم، کە هاوکات داگیرسا بن، سڵ دەکاتەوە و ژمارەی

---

* نیکەلای ئەلکسێیەڤیچ نیکراسەڤ، شاعیرێکی ناوداری ڕووسیاییە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٢١–١٨٧٧ دا ژیاوە.

** ئیلیانوڕا دوزێ، ژنە ئەکتەرێکی ئیتاڵیاییە (١٨٥٨–١٩٢٤) گرووپێکی شانۆییی خۆی هەبووە، چەندین وڵاتی وەکو ڕووسیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەڕاون و شانۆنامەیان نمایش کردووە.

*** "خانمی کامیلیا" ڕۆمانێکی نووسیاری فرەنسایی ئەلیکساندەر دومایە کە لە ساڵی ١٨٤٨دا نووسیویەتی و لە ساڵی ١٨٥٢شدا کردوویەتی بە شانۆنامە.

**** " تەمومژی ژیان" شانۆنامەیەکی پێنج پەردەییە و مارکێیەڤیچ بەلیسلاڤ میخائێلەڤیچ (١٨٢٢–١٨٨٤) نووسیویەتی.

سێزدەی لا شوومە. سەرباری هەموو ئەمەش چرووکیشە، لە بانکی ئۆدێسادا حەفتا هەزاری هەیە- ئەمەیان بە دڵنیاییەوە دەزانم- دەبڕۆ داوای قەرزێکی لێ بکە، بزانە دەست ناکا بە گریان و کڕوزانەوە.

**سۆرین:** تۆ خستووەتە مێشکی خۆتەوە کە شانۆگەرییەکەت بە دڵی دایکت نابێت، بۆیە وا بێ ئارامیت و قسە دەکەیت. دە داسەکنێ، دایکت دەتپەرستێ.

**تریپلیۆف** (بەدەم هەڵوەراندنی پەڕەی گوڵێکەوە): خۆشی دەوێم - خۆشی ناوێم، خۆشی دەوێم - خۆشی ناوێم، خۆشی دەوێم - خۆشی ناوێم (دەست دەکات بە پێکەنین) ئەوەتا دەیبینیت، دایکم خۆشی ناوێم. ئاخر چۆن خۆشی بوێم! ئەو دەیەوێت، بژی، دڵداری بکات، بەرگی ڕەنگکراوە بپۆشێ، منیش وا بیست و پێنج ساڵم و بەردەوام ئەوەی دێنمەوە یاد کە ئەو گەنجێتیی بەسەرچووە. کاتێک منی لە بەرچاودا نیم ئەو تەمەنی تەنیا سی و دوو ساڵە، کە منیش لەوێ دەبم دەبێتە چل و سێ ساڵ، هەر لەبەرئەوە قینی لێم دەبێتەوە. جگە لەوەش دەزانێت کە من شانۆ بە هێند ناگرم، لە کاتێکدا ئەو خۆی شەیدای شانۆیە، پێی وایە خزمەتی مرۆڤایەتی و هونەری پیرۆز دەکات، بە لای منیشەوە شانۆی سەردەم تەنیا ڕۆتینێکە، جۆرە هەڵوێست و حوکمدانێکی پێشوەختانەیە. کاتێک پەردەی شانۆ بەرز دەکرێتەوە و لەبەر تیشکی ئێوارەدا، لە ژوورێکی سێ دیواریدا، ئەو بەهرەدارە مەزنانە، ئەو خزمەتکارە دڵسۆزانەی هونەری پیرۆز، دانیشتوون و نمایشی ئەوە دەکەن کە چۆن خەڵکی نان

دەخـــۆن و دەخـــۆنـەوە، چۆن دڵداری دەکـــەن، ڕەوت دەکـــەن، پۆشـاکەکانیان دەپۆشن، کاتێک دەیانەوێ لە دیمەن و ڕستـە بێ فەڕەکان حیکمەتێک ڕاو بکەن، حیکمەتێکی بچکۆلانە و ئاسان هەرسکراو و بە کـەڵک بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانـەی ژیانی ناومـاڵ، کاتێک بە هەزار تەرح و شـێوە هەمـان شـتم بۆ دەڵێن و دەڵێن و دەڵێنـەوە ئا لەو کـاتانەدا من ڕادەکـەم و هەڵدێم، هەروەک چۆن مۆپاسان لە بورجەکەی ئێیفیل ڕای کرد، چونکە ئەو بورجـە بە بێ فەڕی و بێ مـاناییەکەی خۆی مێشکی مـۆپاسانی دەخستە ژێر خۆی و دەیپلیشانەوە.

**سۆرین:** ئاخر بە بێ شانۆش کار مەیسەر نابێ.

**تریپلیۆف:** ڕاستە، بەڵام دەبێ شـێوازی نوێ بخوڵقێنین، پێویستمان بە شـێوازی نوێیە، خۆ ئەگەر ئەو شـێوازە نوێیانەمـان پێ بەرهەم نـەیەت، چاکـــتـــرە هەر دەســـتی لێ هـەڵگرین. (ســـەیری کـاتژمـێرەکـەی دەکاتـەوە) من دایکمم خـۆش دەوێت، زۆریشم خۆش دەوێت، بەڵام ئەو ژیانێکی بێ مانا دەباتە سـەر، بەردەوام بە دوای کابرای ڕۆمـاننووسـەوەیە و بەم ڕۆژگارە بووەتە بنێشـتە خۆشـەی ژێر ددانی ڕۆژنامەکان، هەموو ئەمەش شـەکەتم دەکات. جاروباریش هـەر خۆپەرستییـە سادە و ساکارەکەی مرۆڤە و لە ناخـمـدا دەجـووڵێ، سـاتی وا هـەیە پێم ناخـۆشــە کـە دایکم ئەکتەرێکی ناودارە و وا بە مێشکمدا دێت کە ئەگەر ئەو ژنێکی ئاســایی بوایە من بەختـەوەرتر دەبووم. خـاڵە، ئاخـر دە بڵێ بزانم، دۆخێکی لەمەی من بێ هیـواتر و بێ ماناتر شک دەبەیت؛ جـار بووە مـاڵـمـان پڕ بووە لە کـەسـانی ناودار، لە ئەکتــەر و

نووسیاران، منیش لەناو هەموو ئەمانەدا دانیشتووم منێک کە هیچ نیم، تەنیا لەبەرئەوە قبووڵیان کردووم کە کوڕی ئەوم. ئاخر من کێم؟ من چیم؟ لە پۆلی سێیەمی زانکۆ هاتمە دەر، لەبەر چەند هۆیەک، کە وەک لە زمانی ڕۆژنامەوانیدا دەگوترێت، پێوەندیی بە دەستەی نووسیارانەوە نەبوو*، بەهرەیەک چییە نیمە، کە پێیکێکم لە گیرفاندا نییە، بەڵام بەپێی ناسنامەکەم من کاسبکارێکی** شاری کییڤم. خۆ باوکیشم هەر کاسبکارێکی شاری کییڤ بوو، ئەگەرچی ئەکتەرێکی ناسراویش بوو، جا کە لە ژووری میوانەکانماندا ئەو هونەرمەند و نووسیارانە سەرنجی پڕ لە میهرەبانییان ئاراستەی من دەکرد، وا دەهاتە بەر زەینم، کە ئەوانە بە نیگایان بوودەڵەیی و هیچ نەبوونییەکەم دەپێون و منیش بیرۆکەکانیانم مەزەندە دەکرد و ئازاری شکاوەیی و خۆ بەکەمزانینەکەی خۆمم دەچێژت.

**سۆرین:** توخوا، مادامەکی باسەکە هاتە پێشەوە، پێم ناڵێیت ئەو ڕۆماننووسە چۆنە؟ چ جۆرە مرۆڤێکە؟ پیاو تێی ناگات. هەموو

---

* "لەبەر چەند هۆیەک، کە وەک لە زمانی ڕۆژنامەوانیدا دەگوترێت، پێوەندیی بە دەستەی نووسیارانەوە نەبوو": لێرەدا کەنستەنتین تریپلیۆڤ ئەو ڕستەیە بەکار دێنێت کە ڕۆژنامەکان بەکاری دێنن کاتێک نایانەوێ هۆی ڕاستەقینەی ئەو هەڵانە ڕوون کەنەوە کە لە کاتی چاپی ڕۆژنامەکانیاندا ڕوو دەدات.

** "من کابرایەکی کاسبکارم": لە دەقەکەدا وشەی میشانین بەکار دەهێنرێ کە کەسێکە سەر بە چینی وردە کاسبکار و پیشەییەکانی نیشتەجێی شارەکان بوون لە ڕووسیای کۆندا. ئەمە چینێکی کەمدەرامەت بوون و مافەکانیان هەر کەمێک لە مافی جووتیارەکان زیاتر بووە. ئەمانە دەبوایە باج بدەن بە دەوڵەت و خزمەتی سەربازیش بکەن.

کات قڕوقەپی لێ کردووە.

**تریپلیۆڤ:** دەزانیت، کابرایەکی ژیر و سادەیە، وەک بڵێیت کەمێک خەمۆکییە. تا بڵێیت سەرڕاستە. تەمەنی هێشتا چل ساڵی پڕ نەکردووەتەوە، بەڵام بەناوبانگە و تێرە.. تەواو تێرە... هەرچی نووسینەکانیشێتی.. ئەوا چۆنت بۆ باس کەم؟ شیرنن، پڕ بەهرەن... بەڵام دوای تەڵستۆی و زۆلا، پیاو هێندە تامەزرۆی خوێندنەوەی تریگۆرین نابێت.

**سۆرین:** بەخوا برام من ئەدیبانم خۆش دەوێ، سەردەمانێک دوو شت هەبوون ئارەزووم دەکردن، یەکەمیان ئەوە بوو ژن بێنم، دووەمیشیان ئەوە بوو ببم بە ئەدیب، بەڵام نە ئەویان نە ئەمیان، نەهاتنە دی، بەڵێ، خۆ بەخوا ڕاستت دەوێ پیاو ئەدیبۆکەیەکیش بێت هەر خۆشە.

**تریپلیۆڤ** (گوێ شل دەکات): ترپەی پێیەک دێتە گوێم... (باوەش دەکات بەخاڵیدا) من بێ ئەو ژیانم نییە... تەنانەت دەنگی هەنگاوەکانیشی دڵفڕێنن.. من لە ڕادەبەدەر بەختەوەرم (بە پەلە دەچێت بە پیر نینا زەردێچنەیاوە، کە خەریکە بێتە ژوورەوە) خانمە سیحراوییەکەم، خەون و ئاواتەکەم...

**نینا** (بە پەشۆکانەوە): خۆ دوا نەکەوتووم.. بێگومان دوا نەکەوتووم..

**تریپلیۆڤ:** نەخێر.. نا، نا.

**نینا:** ئەمڕۆ هەموو ڕۆژەکە نیگەران بووم.. وا زەندەقم چووبوو، دەترسام باوکم ڕێگەم نەدات.. بەڵام باش بوو ئەو لەگەڵ باوەژنەکەمدا بە ڕێ کەوتن بۆ لایەک.. بەری ئاسمان سوور بووبوو.. مانگ خەریک بوو هەڵدەهات، منیش تا هێزم تێدا بوو

ئەسپەکەم تاو دەدا. (پێ دەکەنێ) بەڵام ئێستا من دڵشادم (بە توندی دەستی سۆرین دەگوشێت).

**سۆرین** (پێ دەکەنێ): بەڵام چاوەکانتان گریاناوی دیارن... ئای! ئای! ئەمەیان شتێکی باش نییە!

**نینا:** ئەوەیان ڕاستە.. نابێن بە حاڵ هەناسەم بۆ دەدرێ. نیو سەعاتی تر دەبێ بڕۆم، پێویستە خێرا کەین.. لە ڕای خوا.. بەهیچ جۆرێک نابێ ڕاگیرم کەن.. نابێ.. باوکم نازانێت کە من لێرەم.

**تریپلیۆڤ:** لە ڕاستیشدا ئیتر کاتێتی، با دەست پێ بکەین، یەکێک بچووایە خەڵکەکەی بانگ کردایە.

**سۆرین:** خۆم دەچم و تەواو. هەر ئێستا (بەدەم گۆرانییەوە بەرەو لای ڕاست دەڕوات) " دوو ئەفسەر لە دیلێتیی ڕووسیاوە بەرەو فرەنسا خۆیان دەکوتا.."* (ئاوڕێک بە دەوری خۆیدا دەداتەوە) جارێکیان هەر وەکو ئێستا دەنگم لێ هەڵبڕیبوو گۆرانیم دەگوت لە پڕ یاریدەرێکی داواکاری گشتی پێی گووتم" بەڕاست گەورەم دەنگتان بەهێزە.." پاش تۆزێک تێرامان ئینجا گوتی:" بەڵام... ناخۆشە" (پێ دەکەنێ و دەکەوێتە ڕێ).

**نینا:** باوکم و ژنەکەی ڕێگەم نادەن بێم بۆ ئێرە. دەڵێن ئێرە بۆهێمیایە.. دەترسن نەبا من ببم بە ئەکتەر.. منیش دڵم هەروەک نەورەسێک هۆگری ئەم دەریاچەیە بووە... دڵم لێوانلێوی ئێوەیە (بە دەوری خۆیدا دەڕوانێت).

---

* "دوو ئەفسەر لە دیلێتیی ڕووسیاوە بەرەو فرەنسا خۆیان دەکوتا.." ئەمە وشەی گۆرانییەکی بەناوبانگی ئەو کاتەیە، کە میخاییل لەریۆنەڤیچ میخایلەڤ نووسیویەتی و وەرگێڕدراوی هۆنراوەیەکی هاینریش هاینێ-یە.

**تریپلیۆف**: جگە لە ئێمە کەسی تر لێرە نییە.

**نینا**: پێ دەچێ یەکێک لەوێدا بێت.

**تریپلیۆف**: دە کەسی لێ نییە.

(ماچێک)

**نینا**: ئەمە چ درەختێکە؟

**تریپلیۆف**: ڕەشەدارە.

**نینا**: ئەی بۆ وا تاریک داگەڕاوە.

**تریپلیۆف**: ئێوارە داهاتووە، ئیتر گشت شتێک تاریک دەنوێنێ. زوو مەڕۆنەوە، تکاتان لێ دەکەم.

**نینا**: ناکرێ.

**تریپلیۆف**: دەی باشە نینا، ئەی چۆنە ئەگەر لەگەڵتان بێم بۆ لای ئێوە؟ ئامادەم تا بەیانی لە باخچەکەدا بوەستم و چاو ببڕمە پەنجەرەکەتان.

**نینا**: نابێت، پاسەوانەکان سووسەتان دەکەن. تریزۆریش هێشتا پێتان ڕانەهاتووە، دەیکاتە وەڕین.

**تریپلیۆف**: من ئێوەم خۆش دەوێ.

**نینا**: وسس...

**تریپلیۆف** (گوێی لە هەنگاوی کەسێکە): کێیە ئەوە؟ یاکەڤ، ئێوەن؟

**یاکەڤ** (لەودیو شانۆکەوە): بەڵێ، خۆمانین.

**تریپلیۆف**: ئیسپیرتۆمان هەیە؟ ئەی، گۆگردمان هەیە؟ کاتێک چاوەسوورەکان دەردەکەون پێویستە بۆنی گۆگرد بڵاو ببێتەوە. (بە نینا دەڵێت) فەرموون بڕۆنە ئەوێ، هەموو شت ئامادەیە.

چییە، نیگەرانیی شتێکن؟

**نینا**: بەڵێ زۆریش. دایکتان بۆ من گرفتێک نییە، لەو ناترسم، بەڵام تریگۆرین لێرەیە.. نمایشکردن لە بەردەمی ئەودا، هەم دەمترسێنێ و هەم مایەی شەرمیشە.. نووسیارێکی وا ناسراو... باشە ئەو گەنجە؟

**تریپلیۆف**: بەڵێ.

**نینا**: چیرۆکەکانی چەند ناوازە و سیحراوین.

**تریپلیۆف**: (بە ساردییەوە) نازانم، نەمخوێندوونەتەوە.

**نینا**: نمایشکردنی شانۆگەرییەکەی ئێوە سەختە. کەسایەتیی زیندووی تێدا نییە.

**تریپلیۆف**: کەسایەتیی زیندوو! ژیان نابێت وەک ئەوەی هەیە نمایش بکرێت، یان وەک ئەوەی کە پێویستە ببێت، بگرە دەبێت بەو شێوەیە نمایش بکریت کە لە خەوەکانماندا دێتە بەرچاومان.

**نینا**: لە شانۆگەرییەکەی ئێوەدا ڕووداو کەمە، تەنیا شت خوێندنەوەیە. جگە لەوەش لە هەر شانۆگەرییەکدا، بە ڕای من، پێویستە خۆشەویستی هەبێت.

(هەردووکیان دەڕۆنە پشت شانۆکەوە)

(پەلینا ئەندرێیەڤنا و دۆرن دێنە ژوورێ)

**پەلینا ئەندرێیەڤنا**: هەواکەی خەریکە شێدار دەبێت، بگەڕێنەوە و کەڵۆشەکانتان* لە پێ بکەن.

* کەڵۆش، جۆرە پێڵاوێکی چەرمی سادەیە کە بەسەر پێڵاوی تردا لە پێ دەکرێ بۆ پاراستنیان لە تەڕبوون و قوڕاویبوون.

**دۆرن:** من گەرمامە.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** ئێوە خۆتان ناپارێزن. ئەمەیان کەللەڕەقییە، ئاخر ئێوە خۆتان پزیشکن و چاک دەزانن کە هەوای شێدار بۆ ئێوە باش نییە، بەڵام ئێوە هەر دەتانەوێ خەفەتم بدەنێ، ئێوە هەر بە ئەنقەست هەموو ئێوارە لەو بەرهەیوانە دانیشتبوون.

**دۆرن** (دەست دەکات بە گۆرانی گوتن): "مەڵێ لاوێتیی خۆت فەوتاندووە"*

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** ئێوە وا سەرقاڵی قسەکردن بوون لەگەڵ ئیرینا نیکەلاییەڤنادا کە هەستتان بە سەرماکە نەدەکرد. بۆ ڕاستییەکەی ناڵێن کە دڵتان گیرۆدەی ئەو بووە...

**دۆرن:** من پەنجا و پێنج ساڵم.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** ئەوە قسەیە، بۆ پیاو ئەوە هەر تەمەن نییە. ئێوە تا ئێستاش باش دەنوێنن و بە دڵی ژنانیشن.

**دۆرن:** باشە ئێستا چیتان لە من دەوێت؟

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** هیچ، هەر دەڵێم ئێوە لە بەردەمی خانمی ئەکتەردا ئامادەن بچنە سەر چۆک!

**دۆرن:** (دەست دەکاتەوە بە گۆرانی گوتن) "دیسان لە بەردەم سیحری تۆدا وەستاوم.."** لە ڕاستیدا ئەگەر لە کۆمەڵگەدا

---

* "مەڵێ لاوێتیی خۆت فەوتاندووە" گۆرانییەکی کۆنە و هۆنراوەکەی لە نووسینی نیکراسەڤە.

**" دیسان لە بەردەم سیحری تۆدا وەستاوم.." گۆرانییەکە هۆنراوەی ڤ. کراسەڤە، دانەری ئاوازەکەی نەناسراوە.

هونەرمەندانیان خۆش بوێت و جیاواز لە کاسبکاران ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، ئەوە کارێکی زۆر ئاساییە، ئەوە ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێ ئایدیالیزم.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** ژنان هەردەم عاشقی ئێوە بوون و خۆیان لە ملتان ئالاندووە. ئەمەشیان هەر ئایدیالیزمە؟

**دۆرن** (شانێکی بۆ هەڵدەتەکێنێ): جا چی تێدایە؟ پێوەندییەکانی ژنان لەگەڵ مندا گەلێک شتی باشیشیان تێدا بووە. ئەوەی لە مندا خۆشیان ویستووە پزیشکێکی کارامە بووە. خۆتان چاکتان لە یادە، دە پازدە ساڵ پێش ئێستا لە هەموو ناوچەکەدا من تەنیا پزیشکێکی سەرپەرشتیاری منداڵبوون بووم، جگە لەوەش من هەموو کات کابرایەکی سەرڕاست و پاک بووم.

**پەلینا ئەندرییەڤنا** (پەلاماری دەستی دەدات): ئازیزەکەی خۆم!

**دۆرن:** هێواش. خەڵک بەرەو لامان دێن.

(ئەرکادینا قۆڵی کردووە بە قۆڵی سۆریندا، لەگەڵ تریگۆرین، شەمرایێف، مدڤیدێنکا و ماشادا دێنە ژوورەوە)

**شەمرایێف:** ساڵی ١٨٧٣، ئەو خانمە ئەکتەرە لە بازاڕەکەی پۆڵتاڤادا نمایشێکی بێ هاوتای پێشکێش کرد، خەڵکەکە هەر واقیان وڕمابوو، ئەوە بوو نمایش! ئەرێ پێم نالێن چادینی کۆمێدی، پاڤل سیمیۆنچ، کەوتە کوێوە؟ لە ڕۆڵی ڕەسپلوییەڤدا کەس دەرۆستی نەدەهات، سوێندتان بۆ دەخۆم، خانمە بەڕێزەکەم، لە خودی سادۆڤسکیش باشتر بوو. دەبێ ئێستا لە کوێ بێت؟

**ئەرکادینا:** ئێوەش هەر پرسیاری خەڵکانی زەمانی تەقیانووسەکەم لێ

دەکەن، من چۆن بزانم لە کوێیە! (دادەنیشێت).

**شەمرایڤ:** (هەناسەیەکی بۆ هەڵدەکێشێ) پاشکا چادین! ئێستا کەسانی وا نەماون. ئیرینا نیکەلاییەڤنا، شانۆ دارماوە، دا! جاران داربەرووی شکۆدار هەبوون، ئێستاش هەر بنەدار و چیلکە و چەوێڵ ماونەتەوە.

**دۆرن:** بەهرەی گەشەدار ئێستا کەمە، ئەمەیان ڕاستە، بەڵام لەناو پیاوانی ئەکتەردا بەهرەی زۆر بەرز پەیدا بووە.

**شەمرایڤ:** لەمەیاندا لەگەڵتاندا نیم. هەرچەندە مەسەلەکە مەسەلەی چێژە. "چێژیش یان هەیە و باشە یان هەر وجوودی نییە"*

(تریپلیۆڤ لە شانۆکە دێتە دەرەوە)

**ئەرکادینا** (بە کوڕەکەی دەڵێت): کوڕی شیرینم، کەی دەست پێ دەکات؟

**تریپلیۆڤ:** لە ماوەی یەک خولەکدا. تکایە سەبرتان بێت.

**ئەرکادینا** (چەند دێرێکی هاملێت لەبەر دەخوێنێتەوە):" کوڕی خۆم! تۆ چاوەکانمت ڕووەو ناخی دەروونم وەرگێڕا، منیش دیم کە بە ناسۆری وا خوێنتێزاو و مەرگهێنەر تەنراوە کە ڕزگاربوونم مەحاڵە!"

**تریپلیۆڤ** (ئەویش هاملێت دەخوێنێتەوە): "جا لەبەرچی خۆت دایە دەست خەوش و نزمی و لە دەریای بێبنی تاواندا بە دوای خۆشەویستیدا گەڕایت؟"

---

* "چێژیش یان هەیە یان هەر وجوودی نییە" لە دەقەکەدا بە لاتینی هاتووە.De gustibus aut bene, aut nihil

(لە پشت شانۆکەوە کەڕەنا لێ دەدرێت)

بەڕێزان، دەست پێ دەکات! تکایە گوێ بگرن!

من دەست پێ دەکەم. (دارەکەی دەستی چەند جارێک دەکوتێ بە زەویدا و ئینجا بە دەنگێکی بەرز دەدوێ) ئەی تارمایییە شکۆدار و دێرینەکان، کە شەوانە ڕووی ئەم دەریاچەیە تەی دەکەن، خەو بخەنە چاوانمان و وا بکەن ئەوەی دووسەد هەزار ساڵ لەمەودوا ڕوو دەدات بێتە خەومان!

**سۆرین:** دووسەد هەزار ساڵ پاش ئێستا هیچ شتێک نامێنێت.

**تریپلیۆڤ:** دەیسا با ئەو هیچەمان بخەنە بەرچاو.

**ئەرکادینا:** چاکە. ئێمەش دەنوین.

(پەردە لادەبرێت، دیمەنی دەریاچەکە دەبینرێ، مانگ لە ئاست ئاسۆدایە و لە ئاوەکەدا وێنا دەبێ، نینا زەرێچنەیا لەسەر تاشەبەردێک دانیشتووە و سەرتاپا سپیپۆشە)

**نینا:** مرۆڤەکان، شێرەکان، هەڵۆکان و کەوەکان، ئاسکە شاخدارەکان، قازەکان، جاڵجاڵۆکەکان، ماسییە بێدەنگەکانی بن دەریا، ئەستێرە دەرياييیەکان و ئەو گیانەوەرانەش کە بە چاو نەدەبینران، بە کورتی هەموو ژیان، هەموو ژیان، هەموو ژیان پاش ئەوەی خولی خەمئامێزی خۆی تەواو کرد، کوژایەوە.. ئەوا هەزار سەدەیە ڕووی زەوی تاکە گیانەوەرێکی نەگرتووەتە خۆ، ئەو مانگە کەساسەش بێهوودە چراکەی خۆی دادەگیرسێنێ، چیی تر قوولنگەکان بەدەم چریکەوە لە مێرگەکاندا بە ئاگا نایەنەوە، چیی تر قالۆنچەکانی بەهار لە دارستانەکاندا

دەنگیان نایەت. سەرمایە، سەرمایە، سەرما. بۆشاییە، بۆشاییە، بۆشایی، ترسناکە، ترسناکە، ترسناک.

(پشوویەک)

تەرمی گیانلەبەرە زیندووەکان لەناو خاکدا ون بوون، مادەی سەرمەدی کردنیە بەرد، ئاو، هەور. هەموو گیانەکانیشیان لە یەک گیاندا ئاوێتەی یەک بوون. ئەو گیانە هاوبەشە جیهانگیرە، منم... من.. لە مندا گیانی ئەسکەندەری مەزن و، گیانی قەیسەر و گیانی شکسپیر و گیانی ناپلیۆن و گیانی دوا زەروو مەنزڵگەیان گرتووە، لە مندا هۆشمەندیی مرۆڤەکان و غەریزەی ئاژەڵەکان تێک ئالاون، من هەموو شتێکم لە یادە و یەک بە یەکی ئەو ژیانانە لە ناخمدا دەژێتەوە.

(ئاگری زەلکاوەکان دەبینرێ)

**ئەرکادینا:** (بە دەنگێکی نزم) ئەمە شتێکی دیکادێنییە*

**تریپلیۆف:** (بە دەنگێکی لێ پاڕانەوە و سەرزەنشتەوە)دایە!

**نینا:** من تەنیام، هەر سەد ساڵ جارێک لێوەکانم لێک دەترازێن بۆ ئەوەی قسە بکەم، بەڵام دەنگم لەم بۆشاییەدا پەژارەئامێزە و کەسێک نییە بیبیستێ... تەنانەت ئێوەش.. ئەی گڕە ڕەنگ هەڵبزرکاوەکان، دەنگم نابیستن... دەمەوبەیانی لە زەلکاوێکی

---

* "ئەمە شتێکی دیکادێنییە" دیکادینیزم: ڕەوتێکی هونەری و ئەدەبی بووە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵداوە، بانگەشەی ئەوەی کردووە کە هەموو شتێک بەرەو داڕمان دەچێت و ئەو هونەرمەندانەی پەیڕەویان کردووە ویستوویانە خۆیان بە دوور بگرن لە بەرژەوەندییە مەتریالییەکانی سەردەمی پیشەسازی.

بۆگەن لەدایک دەبن، ئیتر ئێوەش تا دەمەوبەیان ڕێ وێڵ دەکەن و دەسووڕێنەوە، بەڵام بێ هزر و بێ ئیرادەن و لە بزۆزی ژیان بێبەشن. لە ترسی ئەوەی نەبا ژیانتان تێدا سەرهەڵبدات، ئەهریمەن، باوکی مادەی سەرمەدی، هەموو ساتێک و بێ وچان سەرقاڵی گۆڕینەوەی ئاتۆمەکانتانە، هەروەک چۆن لەگەڵ بەرد و ئاودا هەمان ڕەفتار دەکات، ئیتر ئێوەش بەردەوام دەگۆڕدرێن. تاکە شتێک کە لە گەردووندا نەگۆڕ و چەسپاو بێت، تەنیا گیانە.

(پشوویەک)

وەک دیلێک، فڕێ درابێتە بیرێکی قووڵ و لاتەریکەوە، نازانم لە کوێم و چی چاوەڕوانم دەکات. تاکە شتێک کە لام ئاشکرا بێت ئەوەیە کە لە زۆرانی دژوار و نەپساوەم دژ بە ئەهریمەن، بنەچەی هەموو هێزە مادییەکان، سەرکەوتن هی منە و پاش ئەوەش مادە و ڕوح لە هارمۆنیایەکی قەشەنگدا ئاوێتەی یەک دەبن و مەملەکەتی جیهانگیریی ئیرادە دێتە کایەوە، بەڵام ئەوە تەنیا کاتێک ڕوو دەدات کە مانگ و ئەستێرەی گەلاوێژ و زەوی، هێدی هێدی و لە ماوەی هەزاران ساڵدا بووبنە خۆڵ.. بەڵام تا ئەو کاتە دێت، تەنیا ترس و تۆقین باڵادەستن.

(پشوویەک؛ لەسەر فۆنی دەریاچەکە دوو خاڵی سوور پەیدا دەبن)

ئەوەتا ئەهریمەن، نەیارە پڕ تواناکەم نزیک دەبێتەوە، جووت چاوە ترسناک و خوێنتێزاوەکانی دەبینم...

**ئەرکادینا:** بۆنی گۆگرد دێت. چییە، دەبێت وابێت؟

**تریپلیۆف:** بەڵێ.

**ئەرکادینا** (پێ دەکەنێ): بەڵێ، ئۆباڵت بە گەردنم، کاریگەری شانۆیی هەروا دەبێت.

**تریپلیۆف:** دایە!

**نینا:** ئەهریمەن غەریبی مرۆڤ دەکات.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا** (بە دۆرن دەڵێ): ئێوە شەپقەکەتان لە سەرتان کردووەتەوە، دە بیکەنەوە سەرتان با سەرماتان نەبێت.

**ئەرکادینا:** ئەوە دوکتۆر وەک ڕێزگرتن لە ئەهریمەن، باوکی مادەی سەرمەدی، شەپقەکەی داگرتووە.

**تریپلیۆف** (بە هەڵچوون و دەنگێکی بەرزەوە): شانۆگەرییەکە تەواو! بەسە! پەردە دادەنەوە!

**ئەرکادینا:** چییە بۆ وا تووڕە دەبیت؟

**تریپلیۆف:** تەواو! پەردەکە! پەردەکە دادەنەوە! (پێ دەدا بەزەویدا) پەردەکە!

(پەردەکە دادەدرێتەوە)

من بە هەڵەدا چووم! لە یادم چووەوە کە شانۆگەری نووسین و نواندنی سەر شانۆ، تەنیا لە توانای چەند کەسێکی کەمی هەڵبژاردەدایە. وا دیارە من ڕێسای قۆرغکارییەکەم شکاندووە! بەلای منەوە... من... (دەیەوێ شتێکی تر بڵێت، بەڵام هەر دەست ڕادەوەشێنێ و بەلای چەپدا دەچێتە دەرەوە)

**ئەرکادینا:** ئەوە چییەتی؟

**سۆرین:** ئاخر، ئیرینا، خوشکی خۆم، ناشێ پیاو ئاوا ڕەفتار لەگەڵ

هەستی بەخۆنازینی کوڕێکی لاودا بکات.

**ئەرکادینا:** بۆ من چیم پێ گوت؟

**سۆرین:** تۆ دڵیت ئێشاند.

**ئەرکادینا:** ئەو خۆی پێشوەخت گوتبووی کە مەسەلەکە سوعبەتە و بۆ خۆشییە، منیش هەروەک سوعبەتێک ڕەفتارم لەگەڵدا کرد.

**سۆرین:** با واش بووبێت...

**ئەرکادینا:** دەیسا کەواتە ئەمە بەرهەمێکی مەزنە کەوا ئەو نووسیویەتی! دە فەرموو دەی! کەواتە ئەو، کە ئەم شانۆگەرییەی نووسی و خەریک بوو بە بۆنی گۆگرد بمانخنکێنێ، بۆ خۆشی نەبوو، بگرە دەیویست نیشانمان بدات... دەیویست دەرسمان دابدات نووسین چۆن دەبێت و ڕۆڵ چۆن دەبێ نمایش بکرێت..، ئاخر ئیتر پیاو لە حەوسەڵەتیدا نامێنێ. خۆتان سەرپشک بن، ئەو هەموو هێرش و توانج گرتنانەی لە دژی من، بەردیش دێننە قسە! منداڵێکی ئاوا وڕکگر و خۆپەرست.

**سۆرین:** ئەو دەیویست دڵت خۆش بکات.

**ئەرکادینا:** ئاوا؟ بەڵام ئەو نەچوو شانۆگەرییەکی ئاسایی هەڵبژێرێ، بگرە داینایین گوێ لەم وڕێنە دیکادێنئامێزە بگرین. بۆ سوعبەت بێت ئامادەم گوێ لە وڕێنەش بگرم، بەڵام ئەمەیان لاف لێدانی فورمی تازەیە، لاف لێدانی سەردەمێکی نوێی هونەرە. ئەگەر لە منیش دەپرسیت ئەوا ئەوەی فۆرمی نوێ بێت لێرەدا نییە، تەنیا شتێک کە لە ئارادا بێت کەسایەتیی ناپەسندە.

**تریگۆرین:** هەرکەسە و بەو شێوەیە دەنووسێت کە ئارەزوو دەکات و

توانای بەسەریدا دەشکێ.

**ئەرکادینا:** ئەو چۆن ئارەزوو دەکات و چۆن دەتوانێ با بنووسێ، هەر لە کۆڵ من بێتەوە.

**دۆرن:** ئاخ جۆپیتەر، خواوەندی برووسکە، تۆ توورەییت لێ دەبارێ....

**ئەرکادینا:** من جۆپیتەر نیم... من ئافرەتێکم. (دەست دەکات بە جگەرەکێشان) من تووڕەش نیم.. بەڵام داخ دەخۆم بەوەی گەنجێک کاتی خۆی وا بێ بەهرە و دوور لە خۆشی بباتە سەر، من مەبەستم نەبوو زویری بکەم.

**مدڤیدێنکا:** کەس بنەمای ئەوەی لا نییە گیان لە مادە جیا کاتەوە، بگرە ڕەنگە گیان خۆی کۆکراوەی ئاتۆمە مادییەکان بێت (بە گەرمی بۆ تریگۆرین دەدوێ) بەڵام سەرنج ڕاکێش دەبوو گەر یەکێک شانۆنامەیەکی بنووسیایە و دواتر لەسەر شانۆش نمایش بکرایە سەبارەت بەوەی بابایەکی مامۆستا چۆن دەژی. ئای کە ژیانێکی سەختە، سەخت!

**ئەرکادینا:** ئەوە دروستە، بەڵام چیی تر نە باسی شانۆنامە دەکەین، نە باسی مادە. ئێوارەیەکی هێند قەشەنگە! گوێتان لێیە، بەرێزان، دەنگی گۆرانی دێت؟ (گوێ شل دەکات) چەند خۆشە!

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** ئەوە لە کەناری ئەوبەرەوە دێت.

(پشوویەک)

**ئەرکادینا** (بە تریگۆرین دەڵێ): وەرە تەنیشتمەوە. دە- پازدە ساڵێک لەمەوبەر لەم دەریاچەیە هەموو شەوێک و بە بەردەوامی سەدای مۆسیقا و گۆرانی دەبیسترا. لە بەری ئەوبەرەوە کۆشکی شەش خانەوادەی موڵکداری لێ بوو. لە یادمە، ئیتر ئەوە هەر دەنگی

پێکەنین و هەلا و تەقەکردن بوو دەهات.. ڕۆمان لە دوای ڕۆمان دەخوێندرایەوە، سەرقافلە و خۆشەویستیی ئەو شەش ماڵەش فەرموون با پێشکێشتانی کەم (بەسەر ئاماژە بۆ دۆرن دەکات) دوکتۆر یڤگێنی سێرگێیەڤیچ. ئەو ئێستاش هەر لە بەردلانە، بەڵام ئەو کات ئافرەت نەبوو خۆی لە ئاستی ڕابگرێ. بەڵام هەست دەکەم ویژدانم ئازارم دەدات. لە پای چی من دڵی ئەو کوڕە کەساسەی خۆمم ئێشاند؟ ئۆقرە ناگرم. (بە دەنگی بەرز) کۆستیا*! کوڕم! کۆستیا!

**ماشا:** من دەچم بە دوایدا دەگەڕێم.

**ئەرکادینا:** تکات لێ دەکەم، ئازیزم.

**ماشا** (بە لای چەپدا دەڕوات): هۆ هۆ! کەنستەنتین گەڤریلەڤیچ لە کوێی، هۆ (دەچێتە دەر).

**نینا** (لە پشت شانۆکەوە دێتە دەر): دیارە شانۆنامەکە تەواو ناکرێت، دەتوانم بێمە دەرەوە. سڵاوتان لێ بێت (لەگەڵ ئەرکادینا و پەلینا ئەندرێیەڤنادا ئەملا و لای یەکتر ماچ دەکەن)

**سۆرین:** براڤۆ! براڤۆ!

**ئەرکادینا:** براڤۆ، براڤۆ! ئێمە بە سەرسامییەوە تەماشامان دەکرد. بە سیمایەکی وا جوانەوە و بە دەنگێکی وا سیحراوییەوە حەیفە لە لادێدا ژیان بەسەربەرن. گومانی تێدا نییە، ئێوە بەهرەدارن. گوێتان لێمە؟ ئەوە ئەرکی سەرشانتانە کە بچنە سەر شانۆ!

**نینا:** ئۆف، ئەوە خەونی منە! (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ) بەڵام خەونێک کە هەرگیز نایەتەدی.

* کۆستیا: ناسککراوەی ناوی کەنستەنتینە.

**ئەرکادینا:** کێ دەزانێت! جا ڕێگەم بدەن ئەم زاتەتان پێشکێش بکەم: تریگۆرین، بەریس ئەلێکسێیەڤیچ.

**نینا:** ئەی کە خۆشحاڵم... (دەشڵەژێ) من هەردەم بەرهەمەکانتان دەخوێنمەوە.

**ئەرکادینا** (لەلای خۆیەوە دای دەنیشێنێ): مەشڵەژێ، ئازیزەکەم. ئەو ڕاستە کەسێکی ناودارە، بەڵام گیانی سادەیە. دەبینن، ئەویش شڵەژاوە.

**دۆرن:** وابزانم ئیتر دەکرێ پەردەکە لابدرێ، ئەگینا ترسناکە.

**شەمرایڤ:** (بە دەنگی بەرز) یاکەڤ، ئادەی برام، پەردەکە!

(پەردەکە لادەدرێ)

**نینا** (ڕووی دەمی لە تریگۆرینە): ئێوەش پێتان وا نییە کە ئەمە شانۆگەرییەکی سەیرە؟

**تریگۆرین:** من هیچی لێ تێنەگەیشتم، ئەگەرچی من بە خۆشییەوە سەیرم دەکرد. ئێوە ڕۆڵەکەتان ڕاستگۆیانە دەبینی. دیکۆرەکانیش نایاب بوون.

(پشوویەک)

دەبێ ئەم دەریاچەیە ماسییەکی زۆری تێدا بێت.

**نینا:** بەڵێ.

**تریگۆرین:** من حەزم لە ماسیگرتنە. لای من هیچ لەوە خۆشتر نییە، دەمەوئێوارە، لە لێوار ئاوێک دانیشیت و چاوەڕێی ئەوە بکەیت کەی ماسییەک داوەماسییەکەت دەلەرێنێتەوە.

**نینا:** بەڵام من وای بۆ دەچم، ئەوەی چێژی ئەفراندنی کردبێت، ئیتر

هیچ جۆره چێژێکی تر وجوودی نامێنێت به لایەوه.

**ئەرکادینا** (بەدەم پێکەنینەوه): وا مەڵێن، هەرکە کەسێک ستایشی بکات ئەم بە ناخی زەویدا ڕۆ دەچێتە خوارەوه.

**شەمرایێڤ:** له یادمه، جارێکیان له شانۆی ئۆپێرای مۆسکۆ، ژنه گۆرانیبێژی ناودار سیلڤا، تۆنی (دۆ)ی نزمتر له پێویست گوت، بۆ نەگبەتی لەو کاتەدا له بەشی سەرەوەی شانۆکه یەکێک له ئەندامانی کۆڕاڵی کڵێسا دانیشتبوو، ئینجا بیهێننه بەرچاوتان ئێمه چۆن حەپەساین کاتێک لەولایەی ئەوەوه دەنگێک دەڵێت: "ئافەرین سیلڤا، یەک ئۆکتاڤ نزمتر بیڵێ ئه ئاوا (به دەنگێکی باس، بەڵام به نزمی) براڤۆ، سیلڤا.. خەڵکەکه له شوێنی خۆیاندا هەر ئەبڵەق بوون.

(پشوویەک)

**دۆرن:** فریشتەیەکی بێدەنگ هەڵفڕی*.

**نینا:** منیش ئیتر کاتی ڕۆیشتنمه. ماڵئاوا.

**ئەرکادینا:** بۆ کوێ؟ بۆ کوێ وا زوو دەڕۆن؟ جا ئێمه چۆن دەستبەردارت دەبین!

**نینا:** من باوکم چاوەڕوانمه.

**ئەرکادینا:** چۆن دڵی دەیهێنێ ئاوا ڕەفتارتان لەگەڵ بکات (ئەملا و لایشی ماچ دەکات) چار نییه دەڵێی چی. حەیف، ناخۆشه

---

* "فریشتەیەکی بێدەنگ هەڵفڕی " دەربڕینێکه، کاتێک دەگوترێ که بێدەنگییەکی قورس به دوای قسەی کەسێکدا بێت، که گوێگرەکان نازانن چی لەبارەی ئەو قسەیەوه بڵێن.

وازتان لێ بێنین برۆن.

**نینا:** ئەگەر دەتانزانی خۆم چەند لە بەردڵم گرانە لێرە برۆم!

**ئەرکادینا:** خنجیلانەکەم، چاکتر بوو یەکێک لەگەڵتاندا بەڕێ کەوتایە.

**نینا:** (بەترسێکەوە) ئەیەڕۆ نا! نا!

**سۆرین:** (بە لێ پاڕانەوەوە) دە لێرە بمێننەوە!

**نینا:** ناتوانم پیۆتەر نیکەلایەڤیچ.

**سۆرین:** هەر سەعاتێک بمێننەوە. ها، چی دەڵێن، بە ڕاست...

**نینا:** (پاش بیرکردنەوەیەک، بە دەم فرمێسکەوە) نابێت! (تەوقەی لەگەڵدا دەکات و بە خێرایی دەڕوات).

**ئەرکادینا:** لە ڕاستیدا کیژۆڵەیەکی نەگبەتە. دەڵێن دایکی ڕەحمەتی ئەو سامانە گەورەیەی هەیبووە تا دوا کەپێیکی* بە وەسیەت بۆ مێردەکەی جێ هێشتووە، ئێستا ئەم کچە نەگبەتە هیچی بەرناکەوێ، چونکە باوکی هەرچی هەیە و نییە خستوویەتییە سەر ناوی ژنی دووەمی. کارێکی تا بڵێی قێزەوەنە.

**دۆرن:** بەڵێ، باوکی، گەر پیاو هەقی خۆی بداتێ، ئاژەڵێکی عەیارە بیست و چوارە.

**سۆرین** (دەستە سەرمابردووەکانی لێک دەخشێنێ): بەڕێزان، با ئێمەش بەڕێ کەوین، هەواکەی خەریکە شێدار دەبێت، منیش لاقەکانم هاتوونەتە ژان.

**ئەرکادینا:** کوڕە لاقەکانی تۆ وەک تەختەیان لێ هاتووە، بە حاڵ

* کەپێیک: یەکەیەکی پارەی ڕووسیاییە و یەک لەسەر سەدی ڕۆبڵێکە.

بەدوای خۆتاندا ڕایان دەکێشیت، دەبا بڕۆین پیرەمێردە ئاخر شەڕەکە (قۆڵ دەکات بە قۆڵیدا).

**شەمرایڤ:** (قۆڵی پێشکێش ژنەکەی دەکات) مەدام؟

**سۆرین:** دێتە گوێم، هەمیسان سەگەکە کەوتووەتەوە لووراندن. (ڕووی دەمی دەکاتە شەمرایڤ) خێرت دەگات، ئیلیا ئەفەناسێڤچ، فەرمان بدەن پەتەکەی لێ کەنەوە.

**شەمرایڤ:** ئەوە نابێت، پیۆتەر نیکەلایەڤیچ، دەترسم دز خۆیان بگەیەننە عەمبارەکە. من لەوێ هەرزنم هەڵگرتووە. (ڕووی قسەی دەکاتە مدڤیدێنکا کە بەلایدا دەڕوات) بەڵێ، یەک ئۆکتاڤ نزمتر بیلێ: "براڤۆ سیلڤا!" ئاخر هەر گۆرانیبێژیش نەبوو، بابایەکی ئەندامی کۆراڵی کلێسا بوو.

**مدڤیدێنکا:** باشە ئەندامێکی کۆراڵ دەبێ مووچەی چەند بێت؟

(ئەوانی تر هەموو دەچنە دەرەوە، جگە لە دۆرن)

**دۆرن:** نازانم ڕەنگە من هیچ تێ نەگەم، یان شێت بووبم، بەلام من شانۆنامەکەی ئەمشەوم بەدڵ بوو، شتێکی تایبەتیی تێدا هەیە. کاتێک ئەو کیژە باسی تەنیاییی دەکرد، کاتێک چاوە سوورەکانی ئەهریمەن دەرکەوتن من لە حەژمەتدا دەستەکانم دەلەرزین... شتێکی تازە و ساویلکانە بوو.. ئەوەتا وادیارە ئەوە خۆیەتی دەڕوات. حەز دەکەم هەندێک شتی دڵخۆشکەری پێ بڵێم.

**تریپلیۆڤ:** (دێتە ژووریٚ) کەسی لێ نەماوە.

**دۆرن:** من لێرەم.

**تریپلیۆف:** ماشینکا* هەموو باخچەکەی بە دوومدا تەی کردووە. بەڕاست بوونەوەرێکی ناهەموارە.

**دۆرن:** کەنستەنتین گەڤریلەڤیچ، من شانۆنامەکەتانم لە ڕادەبەدەر بە دڵ بوو. وەک بڵێیت شانۆنامەیەکی سەیرە، هەرچەندە کۆتاییەکەیم نەبیست، بەڵام کاریگەرییەکی بەهێزی لا جێ هێشتم. ئێوە مرۆڤێکی بەهرەدارن، پێویستە بەردەوام بن.

(تریپلیۆف بە گەرمی دەستەکانی دەگوشێت و پڕ هەستانە باوەشی پێدا دەکات)

شەیتان بە نەفرەت بێت، چەند شپرزەم. فرمێسک دەڕژێتە چاوم... من چیم دەویست بیڵێم؟ ئێوە بابەتێکتان وەرگرتووە لە بواری بیرۆکەی ئەبستراکتدا، چاکیشتان کردووە، چونکە بەرهەمی هونەری بێگومان دەبێ دەربڕی جۆرە ئایدیایەکی بەرز بێت. تەنیا ئەو شتە قەشەنگە کە جیدیشە. ئای کە ڕەنگتان پەڕیوە!

**تریپلیۆف:** کەواتە ئێوە ڕاتان وابوو کە بەردەوام بم؟

**دۆرن:** بێگومان.. بەڵام تەنیا شتێک بنەخشێنن کە گرینگ و سەرمەدییە. ئێوە دەزانن من ژیانێکی هەمەلایەنە و پڕ چێژ ژیاوم، من لە ژیانی خۆم ڕازیم، بەڵام ئەگەربێتو لە چارەم بنووسرێت کە بە ئەزموونێکی شکۆمەندبوونی گیانییدا تێ بپەڕم، وەک ئەوەی لە کاتی ئەفراندندا بەسەر هونەرمەنداندا دێت، وای بۆ دەچم کە ئەو کاتە بە چاوێکی سووکەوە

* ماشینکا: ناسککراوەی ناوی "ماشا"یە.

دەمڕوانییە ئەو توێکڵە مادییەی دەورەی دابووم و هەموو ئەو خەسڵەتانەش کە پێوەستن بەو توێکڵەوە و تا بوم بکرایە لە زەوی دوور دەکەوتمەوە و بەرەو بەرزی هەڵدەکشام.

**تریپلیۆڤ**: داوای لێبووردن دەکەم. بەڵام زەرێچنەیا لە کوێیە؟

**دۆرن**: ئینجا شتێکی تریش. لە هەموو بەرهەمێکدا دەبێت بیرۆکەیەکی ڕوون و باش و دەستنیشانکراو هەبێت. ئێوە دەبێت بە ئاگا بن لەوەی بۆچی دەنووسن، چونکە گەر ئێوە بەم ڕێگە دڵفڕێنەدا بڕۆن بێ ئەوەی ئامانجێکی دیاریکراوتان هەبێت ئەوا ڕێگەکە بزر دەکەن و بەهرەکەتان سەرتان بە فەتارەت دەبا.

**تریپلیۆڤ** (بە سەبر لێبڕانەوە): کوا زەرێچنەیا؟

**دۆرن**: ئەو گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان.

**تریپلیۆڤ** (بە نائومێدییەوە): باشە من چی بکەم؟ من دەبێ بیبینم... زۆر پێویستە کە بیبینم.. من دەڕۆم بۆ ئەوێ..

(ماشا دێتە ژوورەوە).

**دۆرن** (بە تریپلیۆڤ دەڵێ): هاوڕێی ئازیزم، هێور بنەوە.

**تریپلیۆڤ**: سەرباری هەموو شتێکیش من دەڕۆم. من دەبێ بە ڕێ کەوم.

**ماشا**: کەنستەنتین گەڤریلەڤیچ، بڕۆنەوە ماڵ. دایکتان چاوەڕێتانە. نیگەرانە.

**تریپلیۆڤ**: پێی بڵێن کە من ڕۆیشتم. تکا لە هەمووشتان دەکەم، کارتان نەبێ پێمەوە، وازم لێ بێنن، بەڕێشم مەکەن.

**دۆرن**: ئای، ئای ئازیزم، ئاخر واش نابێت، وا باش نییە.

**تریپلیۆف:** (فرمێسک لە چاویدا قەتیس ماوە) ماڵئاوا دوکتۆر. سوپاستان دەکەم..

(دەڕواتە دەرێ).

**دۆرن** (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ): ئای گەنجێتی، گەنجێتی!

**ماشا:** کە هیچ بە دەستەوە نامێنێت ئینجا دەگوترێت: ئای گەنجێتی، گەنجێتی.. (بۆن بە توونەوە دەکات).

**دۆرن** (قوتووی توونەکەی لە دەست وەردەگرێ و فڕی دەداتە ناو دەوەنەکە): ئەمە شتێکی پیسە!

(پشوویەک)

وا دیارە لە ژوورەوە یاریی کاغەز دەکەن. با بڕۆین بۆ ئەوێ.

**ماشا:** هەندێک چاوەڕێ کەن.

**دۆرن:** چییە؟

**ماشا:** من دەمەوێ جارێکی تریش پێتان بڵێمەوە. دەمەوێ قسەتان لەگەڵدا بکەم.... (کەمێک دەشڵەژێ) من باوکی خۆمم خۆش ناوێ... بەڵام دڵم بڕوای بە ئێوەیە، بە هەموو گیانمەوە هەست دەکەم کە ئێوە لە منەوە نزیکن... جا یارمەتیم بدەن، یارمەتیم بدەن تا کارێکی نابەجێم نەکردووە، تا دەستم نەچووەتە ژیانی خۆم و بە زایەم نەداوە.. چیی تر ناتوانم لەوە زیاتر...

**دۆرن:** ئێوە باسی چی دەکەن؟ لە چیدا یارمەتیتان بدەم؟

**ماشا:** من ئازار دەچێژم. کەسیش، هیچ کەسێک نییە بزانێ هۆی ئەم ئازار چەشتنەم چییە! (بە هێمنی سەری دەنێت بە سنگی دۆرنەوە). من کەنستەنتینم خۆش دەوێ.

**دۆرن:** چییه مەسەلە، هەموو وا شڵەژاون! وا شڵەژاون! ئەی ئەم هەموو خۆشەویستییە!... ئای دەریاچە تەلیسماوییەکە! (ئینجا بە نیانییەوە) دەی باشە من چیم پێ دەکرێت کۆرپەکەم؟ چی؟ پێم بڵێ چی؟

(پەردە دادەرێتەوە)

## پەردەی دووەم

تەختاییيەكی ئامادەكراو بۆ یاریی كرۆكێت. لە قووڵاییی دیمەنەكەدا بەلای ڕاستدا خانوویەك بە بەرهەیوانێكی گەورەوە، لەلای چەپەوە دەریاچەیەك دەبینرێ كە خۆرەكەی تێدا وێنا بووەتەوە و دەبریسكێتەوە، باخچەكە بە گوڵ ڕازاوەتەوە، نیوەڕۆیە، دنیا گەرمە.

لە تەنیشتی پانتاییيەكەی ناوەڕاست و لەژێر سێبەری زەیزەفۆنێكدا ئەركادینا، دۆرن و ماشا لەسەر قەنەفەیەك دانیشتوون، دۆرن كتێبێكی كراوەی لەسەر هەردوو ئەژنۆی داناوە.

**ئەركادینا** (بە ماشا دەڵێت): ئا هەستنە سەرپێ.

(هەردووكیان بە پێوە دەوەستن)

با لە تەنیشت یەكەوە ڕاوەستین. ئێوە تەمەنتان هەر بیست و دوو ساڵە، منیش تەمەنم نزیكەی دوو هێندە دەبێ. دە، یڤگێنی سێرگێیەڤیچ، ئا بڵێن بزانم كاممان گەنجتر دەنوێنین؟

**دۆرن:** ئێوە. بێگومان.

**ئەركادینا:** دە فەرموو.. باشە بۆچی وایە؟ چونكە من كار دەكەم، هەست بە ژیان دەكەم، هەردەم لە بگرە و بەردەدام، بەڵام ئێوە هەر لە هەمان شوێنی خۆتاندا دانیشتوون، ناژین... جگە

لەوەش من ڕێسایەکی خۆمم هەیە، ئەویش ئەوەیەکە: هەرگیز گوێ نەدەمە داهاتوو. من هەرگیز نە بیر لە پیری دەکەمەوە، نە لە مردن. ئەوەی دەبێ ڕوو بدات هەر ڕوو دەدات.

**ماشا:** هەرچی منیشم، هەستێکی وام هەیە کە من زۆر لەمێژە لەدایک بووم، ژیانم، هەروەک پاشەڵی بێ کۆتایی کراسێکی بووکێنی بە دوای خۆمدا دەخشێنم، زۆرجاری واش هەیە هەرچی ئارەزووی ژیانە لە ناخمدا نامێنێ. (دادەنیشێ) دەزانم ئەمە هەمووی شتی بێ مانان، پێویستە خۆم ڕاتەکێنم و هەموو ئەمانە لە خۆم توورڕدەم.

**دۆرن** (لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت): "دە بۆی باس کەن، ئەی گوڵەکانم..."

**ئەرکادینا:** جگە لەوەش من هەموو شتێک بە ڕێ و جێی خۆی دەکەم، وەک ژنە ئینگلیزێک. خۆم، وەک دەگوترێت، باش پاراستووە، هەردەم جلوبەرگم ڕێکوپێکە و قژم لەسەر جوانترین تەرز داهاتووە. بۆ من هیچ کاتێک ڕێگە بە خۆم دەدەم بە بلوزێکەوە لە ماڵ بچمە دەر، با تەنانەت تا ناو باخچەکەش بێت؟ هەرگیز. من بۆیە هەروەک خۆم ماومەتەوە، چونکە نەمهێشتووە پەڕپووت بم و وەک هەندێک، دەستم لە خۆم شتبێت (دەستەکانی دەخاتە کەلەکەیی و بە پانتاییەکی بەردەمیاندا دێت و دەچێت) فەرموو – وەک ئاسکۆڵەیەک، دەتوانم ڕۆڵی کچۆڵەیەکی پازدە ساڵت بۆ بنوێنم.

**دۆرن:** بە هەرحاڵ من بەردەوام دەبم. (کتێبەکە دەگرێت بە دەستییەوە) لە باسی جرجەکان و ئاردفرۆشەکەدا وەستاین....

**ئەرکادینا:** بەڵێ جرجەکان. بەردەوام بن لە خوێندنەوە. (دادەنیشێ)

یان بیـــدەرە دەسـت خـــۆم، من دەیخـــوێنمـــەوە. نۆرەی منـە (کتێبەکەی لێ وەردەگرێت و چاوی پێدا دەگێڕێت) جرجەکان... ئەوەتا.. (دەست دەکـات بە خـوێندنـەوە) "بێگومـان بـۆ خـەڵکی سەردەمـانە کارێکی مـەترسیدارە ڕۆمـاننووسـەکان لە خۆیان نزیک کەنەوە و بدەن بە دەمیانەوە هەروەک چۆن بۆ ئاردفرۆشێک مـەترسیدارە جرج لە عەمبارەکانی خۆیدا ڕاگرێت. هەرچەندە نووسـیاران، هاوکـاتـیش، لای خـەڵک خۆشـەویسـتن، جا کاتێک ئافـرەتێک نووسـیـارێک هەڵدەبژێرێ تا یەخـسـیـری بکات ئەوا جارێ بە پێداهەڵـــدان و میهـــرەبانی و دڵڕاگرتنی ئابڵووقـەی دەدا..." ئا بەڵام ئـەوە ڕەنگە لای فرەنســـاییەکان وا باو بێت، هەرچی ئێمەشین شتی وامـان نییـە، هیچ جۆرە پیلان و پرۆگرام دارشـتـنێکمـان نییـە. لای ئێـمـە وا باوە پێش ئەوەی ئافرەتـەکە کابرای نووسیار بخاتە ناو داو، خۆی تا بینەقاقای عاشقە. هەر زۆر دوور نەڕۆین سەیری من و تریگۆرین کەن.

(سۆرین خۆی داوە بەسەر گۆچانەکەیدا و هاوشـانی نینا ڕەوت دەکات، مـدڤیدێنکا لـە دوایەوە دەڕوات و کورسـیـیـەک بە دوای خۆیدا کێش دەکات)

**ســۆرین** (بە دەنگێکەوە وەک بڵـێـیـت دڵی منداڵێک بداتەوە): ئـەمـڕۆ خۆشیمانە، وانییە؟ دەرەنجام ئەمڕۆ دڵمان خۆشە؟ (ڕوو دەکاتە خـوشکی) ئەمـڕۆ خـۆشـیـیـە! باوکی و باوەژنەکـەی سـەفـەریان کردووە بۆ تڤێر، ئیتر ئێمە سێ ڕۆژی تەواو سەربەستین.

**نینا** (لە تەنیشت ئەرکادینـاوە دادەنیشـێ و باوەشی پێدا دەکات): من بەختیارم! من ئێستا خۆم بە یەکێک لە ئێوە دەزانم.

**سۆرین:** (ڕۆ دەنیشێتە سەر کورسییەکەی خۆی) نینا ئەمڕۆ بە ڕاستی جوانە.

**ئەرکادینا:** جلی جوانیشی پۆشیوە و سەرنج ڕاکێشە... لەسەر ئەوە شایانی ئافەرینیت (ماچی نینا دەکات) بەڵام با زۆریش پێدا هەڵنەدەین، نەبا بیکەین بە چاوەوە. ئەی بەریس ئەلێکسێیەڤیچ لە کوێیە؟

**نینا:** لە حەوزەکە بە قولاپ ماسی دەگرێت.

**ئەرکادینا:** باشە خۆی بێزار نابێت! (دەیەوێ بەردەوام بێت لە خوێندنەوە)

**نینا:** ئەوە چی دەخوێننەوە؟

**ئەرکادینا:** "لەسەر ڕووی ئاو"ەکەی مۆپاسان، نازدارەکەم. (چەند دێرێک لە ەر خۆیەوە دەخوێنێتەوە) ئەوەی دواتر دێت، نە خۆشە و نە ڕاستیشە (کتێبەکە دادەخاتەوە) دەروونم ئاسوودە نییە. پێم ناڵێن کوڕەکەم چییەتی؟ بۆ وا بێ کەیف و وشکە؟ بەم ڕۆژگارە کات لای دەریاچەکە دەباتە سەر، من بە حاڵ دەیبینم.

**ماشا:** ئەو دڵی تەنگە (بە شەرمێکەوە داوا لە نینا دەکا) تکاتان لێ دەکەم تۆزێک لە شانۆنامەکەیمان بۆ بخوێنەوە!

**نینا:** (شانێک هەڵدەتەکێنێ) نازانم، ئێوە دەتانەوێ؟ هێندە خۆشیش نییە!

**ماشا:** (هەوڵ دەدات خۆی کۆنترۆڵ بکات) کاتێک ئەو خۆی شتێک دەخوێنێتەوە چاوەکانی دادەگیرسێن و خۆی سپی هەڵدەگەڕێت. دەنگێکی نایاب و غەمباری هەیە، ڕەفتاریشی شاعیرانەیە.

(سۆرین پرخەی لێ بەرز دەبێتەوە)

**دۆرن:** شەوتان شاد.

**ئەرکادینا:** پیتروشا!*

**سۆرین:** ها؟

**ئەرکادینا:** ئەوە چییە نووستووی؟

**سۆرین:** کەمێک.

(پشوویەک)

**ئەرکادینا:** تۆ چارەیەکی خۆت ناکەیت، باشیش ناکەیت برای خۆم.

**سۆرین:** من حەز دەکەم چارەی خۆم بکەم بەڵام ئەوەتا دوکتۆر نایەوێت.

**دۆرن:** چارەکردن لە تەمەنی شەستساڵیدا!

**سۆرین:** پیاو لە شەست ساڵیشدا حەزی لە ژیانە!

دۆرن (بە نارەزاییەکەوە): ئاھ، دە باشە دڵۆپی ڤالیریانتان بۆ دەنووسم.

**ئەرکادینا:** بەڕای من وا چاکتر بوو گەر سەفەری بکردایە بۆ شوێنێک، شوێنێک نزیک ئاو بێت.

**دۆرن:** چ عەیبی تێدایە، دەتوانێ سەفەر بکات. دەشتوانێ نەیکات.

**ئەرکادینا:** دە فەرموو ئینجا تێی بگە.

**دۆرن:** شتێک نییە پێویستی بە تێگەیشتن بێت. مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە.

(پشوویەک)

* "پیتروشا" و "پیتروشکا": هەردووکیان ناسککراوەی ناوی پیۆتەرە.

**مدڤیدێنکا:** پیۆتەر نیکەلایەڤیچ پێویستە واز لە جگەرەکێشان بهێنێ.

**سۆرین:** قسەی هیچ.

**دۆرن:** نەخێر ئەوە قسەی هیچ نییە. شەراب و جگەرە کەسایەتیی مرۆڤ دەسڕنەوە. دوای جگەرەیەک، یان پێکێک ڤۆدکا، ئیتر ئێوە پیۆتەر نیکەلایەڤیچ نین. بگرە پیۆتەر نیکەلایەڤیچ و کەسێکی تریشن. کەسایەتیتان دەڕەوێتەوە و ئیتر ئێوە وەک لەگەڵ کەسێکی تردا ڕەفتار بکەن وان، لەگەڵ "ئەو"ێکی نامۆدا ڕەفتار دەکەن.

**سۆرین** (پێ دەکەنێ): بۆ ئێوە دەلوێ ئاوا لە ژیان بکۆڵنەوە، ئێوە ژیانێکی خۆشتان بردووەتە سەر، ئەی من چی؟ من بیست و هەشت ساڵم لە وەزارەتی داد بردە سەر، بەڵام ئەوە ژیان نەبوو، خۆشییەکم تێدا نەدی، ئێستاش دیارە کە زۆر ئارەزووی ژیان دەکەم. ئێوە تێرن و هیچتان بە خەیاڵدا نایەت، بۆیە حەزتان لە فەلسەفەکردنە، هەرچی منیشم حەزم لە ژیانە، بۆیە لەگەڵ نانی نیوەڕۆدا خێریس* دەخۆمەوە و سیگاری بۆ دەکێشم، ئیتر ئاو بێنە و دەست بشۆ.

**دۆرن:** پیاو دەبێ ژیان بە جیدی وەرگرێت، بەڵام لە شەست ساڵیدا بە تەما بیت پزیشک چارەت بکات و خەفەت بۆ ئەوە بخۆیت کە لە گەنجیدا ڕات نەبواردووە، ئەمەیان، بمبەخشن، نیشانەی خەمساردییە.

**ماشا:** (هەڵدەستێتە سەرپێ) پێ دەچێ کاتی نانی بەیانی بێت بە

* خێریس: خواردنەوەیەکی ئەلکهولی خەستە، کە دروستکردنەکەی لە ئیسپانیاوە دەستی پێ کردووە.

خاووخلیچکییەوە ڕێ دەکات، هێندە دانیشتووم قاچەکانم سڕ بوون.. (دوور دەکەوێتەوە).

**دۆرن:** ئەوە دەچێ پێش نانی بەیانی دوو پێکی بۆ هەڵدەدات.

**سۆرین:** ئەوەی بەختیاری بێت لە ژیانی ئەو کەساسەدا نییە.

**دۆرن:** ژیان هەمووی بۆش و بەتاڵە، گەورەم.

**سۆرین:** ئێوە وەک مرۆڤێکی تێر بیر لە ژیان دەکەنەوە.

**ئەرکادینا:** ئۆف چ شتێک هەیە مایەی بێزارییەکی زیاتر بێت لەم جاڕسییە شیرینەی ژیانی ناو گوند! دنیا گەرم، کشومات، کەس هیچ ناکات، هەموو خەریکی فەلسەفەکردنی ژیانن.. دانیشتن لەگەڵتاندا خۆشە و گوێگرتن لێتان پەسندە... بەڵام بەخوا لە ژوورەکەی خۆم دانیشم و ڕۆڵێک لە بەرکەم گەلێک چاکترە!

**نینا:** (بە هەستێکی سەرسامبوونەوە) چاکە! من لێتان دەگەم!

**سۆرین:** بێگومان لە شار باشترە. لە ئۆفیسەکەی خۆت لێی دادەنیشیت، کابرای فەڕاشیش بێ ئاگەدارکردنەوە بە تەلەفۆن، ناهێڵێ قووش بێت بە ژووردا... لە دەرەوش کابرای عەرەبانچی چاوەڕێتە و هەموو شت ئامادەیە.

**دۆرن** (گۆرانی دەڵێ): "دە بۆی باس بکەن، ئەی گوڵەکانم.."

(شەمرایێف دێتە ژوورێ. بە دوای ئەویشدا پەلینا ئەندرێیەڤنا)

**شەمرایێف:** ئەوا جەماعەتیش لێرەن. ڕۆژتان باش! (دەستی ئەرکادینا ماچ دەکات، ئینجا دەستی نینا) پڕ بەدڵ شادمانم کە دەبینم تەندروستیتان باشە. (ڕوو دەکاتە ئەرکادینا) ژنەکەم دەڵێ کە ئێوە بە نیازن لەگەڵیدا بچن بۆ شار، ڕاست دەکات؟

**ئەرکادینا:** بەڵێ نیازمان وایە.

**شەمرایڤ:** ئمم... کارێکی زۆر بەجێیە، بەڵام بە چی دەچن، خانمە بەڕێزەکەم؟ ئەمڕۆ خەریکن جۆمان بۆ بار دەکەن، هەموو بەردەستەکانمان سەرقاڵی ئەوەن، جا ڕێگەم بدەن بپرسم بە سواری کام ئەسپانە ئۆغر دەکەن؟

**ئەرکادینا:** بە سواری کامانە؟ ئینجا من چۆن بزانم بە سواری کامانە.

**سۆرین:** ئەی خۆ ئێمە ئەسپی عەرەبانەشمان هەیە.

**شەمرایڤ:** (بە نیگەرانییەوە) ئەسپی عەرەبانە؟ ئەی قایش و ئاوزەنگییەکانیان لە کوێ بێنم؟ قایشەکانیان لە کوێ بێنم؟ بە خوا سەیرە! ئەمە شتێکە بە عەقڵدا ناچێت! خانمە زۆر بەڕێزەکەم! بمبەخشن، من لەبەر بەهرەی جەنابتاندا بە چۆکدا دێم، من ئامادەم دە ساڵی ژیانی خۆمتان پێشکێش بکەم، بەڵام بە خوا ناتوانم ئەسپتان پێ بدەم!

**ئەرکادینا:** ئەی ئەگەر ناچار بم کە هەر دەبێ بڕۆم! بە خوا سەیرە!

**شەمرایڤ:** خانمە زۆر بەڕێزەکەم! ئێوە هیچ لەوە نازانن کە وەرزێری و موڵک و ماڵ بەڕێوەبردن یانی چی؟

**ئەرکادینا:** (بە هەڵچوونەوە) ئەوە بالۆرەیەکی کۆنە! مادامەکی وای لێ هات من هەر ئەمڕۆ دەچم بۆ مۆسکۆ. ڕاسپێرن با لەناو دێدا دوو ئەسپم بۆ بەکرێ بگرن، ئەگینا خۆم بە پێ تا وێستگەی شەمەندەفەرەکە دەڕۆم!

**شەمرایڤ** (بە هەڵچوونەوە): منیش کە وای لێ هات واز لەم کارە دێنم! کەسێکی تر بدۆزنەوە سەرپەرشتیی کاروبارەکانتان بۆ بکات!

(دەچێتە دەرەوە).

**ئەركادینا:** هەموو هاوینێک هەمان بەزمە، هەموو هاوینێک دەبێ لێرە سووکایەتیم پێ بکرێت! شەرت بێ پێم نەیەتەوە بەمماڵەدا!

(بە لای چەپدا دەچێتە دەرەوە، بەرەو ئەو شوێنەی کە دەبێ حەوزی ماسییەکەی لێ بێت. پاش یەک خولەک دیارە چون خۆی دەکات بە ماڵەکەدا و تریگۆرینیش بە داوی ماسییەکان و سەتڵێکەوە دوای کەوتووە)

**سۆرین** (بە هەڵچوونەوە): ئەمەیان ئیتر چاوقایمییە! ئەمە ئیتر سەگ بۆنی پێوە ناکات! من تەواو بێزار بووم لەم حاڵە. هەر ئێستا هەموو ئەسپەکانم بۆ بێننە ئێرە.

**نینا** (بە پەلینا ئەندرێیەڤنا دەڵێ): وەرە پیاو دەست بنێ بە ڕووی ئیرینا نیکەلاییەڤناوە! بە ڕووی هونەرمەندێکی ئاوا ناودارەوە! ئاخر هەر ئارەزوویەکی، بگرە هەر ورککگرتنێکیشی لە هەموو ئەم موڵک و ماڵە و بەڕێوەبردنیان گرینگتر نییە؟ شتی وا بیستراوە!

**پەلینا ئەندرێیەڤنا** (بە بێورەیییەکەوە): دەی باشە من چیم لە دەست دێت؟ خۆتان بخەنە جێگەی من؟ من چیم پێ دەکرێ؟

**سۆرین** (بە نینا دەڵێت): با بچین بۆ لای خوشکم... بە هەموومان لێی بپاڕێنەوە کە لێرە نەڕوات. باش نییە؟ (سەیری ئەو لایە دەکات کە شەمرایێڤ بۆی ڕۆیشت) کابرایەکی ناهەموار! زاڵم!

**نینا** (ناهێڵێت لە شوێنی خۆی بەرز بێتەوە): دانیشن، دانیشن، ئێمە یارمەتیتان دەدەین...

(ئەو و مدڤیدێنکا کورسییەکە ڕادەکێشن)

چەند شتێکی ناحەز بوو!

**سۆرین:** بەڵێ، ڕاستە، شتێکی ناحەزە... بەڵام من دڵنیام کە خوشکم ناڕوات.. من هەر ئێستا قسە لەگەڵ شەمرایڤ دەکەم.

(هەموو دەڕۆن، تەنیا دۆرن و پەلینا ئەندرێیەڤنا دەمێننەوە)

**دۆرن:** ئەم خەڵکە پیاو بێزار دەکەن. ئاخر گەر ڕاستتان دەوێت دەبوایە ملی پیاوەکەتیان بگرتایە و لێرە دەریان کردایە، بەڵام من دەزانم هەمووی بەوە کۆتایی دێت کە ئەو پیرەمێردە سەرژنانییە و خوشکەکەی داوای لێبووردنی لێ دەکەن، ئەوا چاویشتان پێ دەکەوێ!

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** جا ئەو ئەسپی عەرەبانەکانیشی ناردووەتە کێڵگە. هەر ڕۆژە و گرفتێک دەقەومێ. ئەگەر دەتانزانی ئەمە چۆن نیگەرانم دەکات! من نەخۆش دەکەوم، دەبینن چۆن دەلەرزم.. من چیی تر ڕەفتار و قسە ڕەقەکانیم بۆ هەموار ناکرێت (بە لێ پاڕانەوەوە) یڤگێنی، ئازیزم، کەسە بێ هاوتاکەم، بمبەنە لای خۆتان... ئاخر وا ژیانمان بەسەر دەچێت، خۆ ئێمە چیی تر گەنج و تینی لاویمان پێ نەماوە، هیچ نەبێ با لە کۆتاییی ژیانماندا ناچاری خۆ شاردنەوە و درۆکردن نەبین...

(پشوویەک)

**دۆرن:** من وا تەمەنم بووەتە پەنجا و پێنج ساڵ، تازە درەنگە ژیانی خۆم بگۆڕم.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** من دەزانم ئێوە بۆ داواکەم پەسند ناکەن، چونکە

جگە لە من ئـافـرەتی تر هەن کـە لێـتـان نزیکن. خـۆ ناکـرێ هەمـوویان بـەرنە لای خـۆتان، من تێ دەگـەم، بمبـەخـشن کـە بێزارم کردن.

(نینا لە نزیک ماڵەکەوە دەردەکەوێ، گوڵ لێ دەکاتەوە)

**دۆرن:** نا قەیدی نییە

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** من دەناڵێنم بە دەست ئیرەیییەوە. بێگومان، ئێوە دوکـتـۆرن، نـاتوانن خـۆتان لە ئـافـرەت لادەن، من ئەوەیـان تێ دەگەم....

**دۆرن** (بە نینا دەڵێت کە بە لایاندا دەگوزەرێ): لەوێ چ باسە؟

**نینا:** ئیـرینا نیکەلاییـەڤنا دەگـری، پیـۆتەر نیکەلایەڤـیـچـیش تەنگەنەفەسییەکەی بۆ هاتووەتەوە.

**دۆرن** (هەڵدەستێتە سەرپێ): با بچم چەند دڵۆپێکی ڤالێریان بدەم بە هەردووکیان..

**نینا** (گوڵەکانی دەداتێ): فەرموون!

**دۆرن:** زۆر سوپاس (بەرەو ماڵەکە دەڕوات).

**پەلینا ئەندرێیەڤنا** (بە تەنیشتییەوە دەڕوات): ئەو گوڵانە چەند جوانن! (لە نزیک مـاڵەکـەوە بە دەنگێکی وشک) ئەو گـوڵانەم بدەنە دەست! ئەو گـوڵانەم پێ بدە! (هەرکـە گـوڵەکـان وەردەگـرێت هەمـوویان پارچە پارچە دەکـات و فـڕێیـان دەداتە لاوە، ئینجـا هەردووکیان دەچنە ژوورەوە).

**نینا** (تەنیایە): چەند شتێکی نائاسـاییە هونەرمەندێکی ناودار بگری، بە هۆی شتێکی وا بێ ماناشەوە! ئەی سەیر نییە نووسیارێکی

ناسراو، خۆشەویستی خەڵکی، کەسێک کە هەموو ڕۆژنامەکان لە سەری دەنووسن، پورترێتەکانی دەفرۆشرێن، بەرهەمەکانی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانەکانی تر، کەچی بەم ڕۆژگارە خەریکی ماسیگرتنە و کۆڵێک دڵخۆش دەبێ بەوەی دوو ماسیی گرتووە. من وام دەزانی کەسانی ناودار بە خۆیانەوە دەنازن، نزیکبوونەوە لێیان ئاسان نییە و، بە چاوی سووک سەیری ڕەشە خەڵکەکە و شۆرەتی خۆیان دەکەن و وەک بڵێی بە باق و بریقی ناوی خۆیان تۆڵەی ئەوە لەو خەڵکە بکەنەوە کە شۆرەت و ڕەچەڵەک و دارایی لە سەروو هەموو شتێکەوەن لایان. کەچی ئەوەتا دەگرین، ماسی ڕاو دەکەن، یاریی کاغەز دەکەن، شاد دەبن و تووڕە دەبن وەک هەموو ئەو خەڵکەی تر...

**تریپلیۆف** (بێ شەپقە دێتە ژوورەوە، تفەنگێک و نەورەسێکی کوژراوی بە دەستەوەیە): ئێوە لێرە بە تەنیان؟

**نینا:** بە تەنیام.

(تریپلیۆف نەورەسەکە دەخاتە بەرپێی)

ئەمەیان مانای چییە؟

**تریپلیۆف:** ئەمڕۆ من ئەم کارە نزم و دزێوەم ئەنجام دا و ئەو نەورەسەم کوشت. وا دەیخەمە بەرپێی ئێوە.

**نینا:** چیتانە؟ (نەورەسەکە بەرز دەکاتەوە و تێی دەڕوانێت).

**تریپلیۆف** (پاش پشوویەک): بەم زووانە بە هەمان شێوە خۆشم دەکوژم.

**نینا:** من ناتانناسمەوە.

**تریپلیۆف:** ڕاستە، پاش ئەوەی منیش چیی تر ئێوەم بۆ ناناسرێتەوە، ئێوە لە ئاست مندا گۆڕاون، لە چاوەکانتاندا ساردی دەبینم، بوونم لە نزیکتانەوە دڵتەنگتان دەکات.

**نینا:** لەم مایەوەی دواییدا ئێوە بە هەموو شتێک تووڕە دەبن، قسەکانتان نادیارن، بە سیمبۆل دەدوێن. ئەوەتا ئەم نەورەسەش وا دیارە سیمبۆلێک بێت، بەڵام بمبوورن، من تێ ناگەم لێی... (نەورەسەکە دەخاتە سەر قەنەفەکە). من لەوە سادەترم لە ئێوە بگەم.

**تریپلیۆف:** هەمووی ئەو ئێوارەیە دەستی پێ کرد کە شانۆنامەکەم بەو شێوە شەرمەزارانە شکستی هێنا. ژنان چاوپۆشییان نییە لە ئاست شکست خواردندا. من هەموو کارەکانی خۆم سووتاند، گەر دەتانزانی من چەند بەدبەختم! ساردبوونەوەتان لە ئاستی من ترسناکە، ناچێت بە مێشکمدا، هەروەک ئەوەیە لە خەو بێدارم بووبێتەوە و ئەم دەریاچەیە لە پڕ وشکی کردبێت، یان ڕۆ چووبێتە ژێر زەوی. هەر ئێستا گوتتان کە ئێوە لەوە سادەترن لە من تێ بگەن، ئاخر مەگەر شتێک هەیە لێی تێ نەگەن؟ شانۆنامەکەتان بە دڵ نەبووە، سووکایەتی بە ئیلهامم دەکەن، و من بە کابرایەکی ساویلکە و هیچ لەباردا نەبوو دەزانن کە هاوشێوەم تا بڵێی زۆرن... (پێ دەدا بە زەوییەکەدا) ئای کە باش لەمە دەگەم، ئای کە تێی دەگەم! من هەر دەڵێیت بزمارێک لە مێشکم چەقیوە، نەفرەتم کرد لەویش و لەو بە خۆنازینەم، کە هەروەک مارێک خوێنم دەمژێ.. (چاوی بە تریگۆرین دەکەوێت کە بەدەم ڕۆیشتنەوە کتێبێک دەخوێنێتەوە) فەرموون ئەوەتا

بەهرەی ڕاستەقینە، وەک هاملێت هەنگاو دەنێت و کتێبێکیشی بە دەستەوەیە دەکەوێتە پێ ڕابواردن "سەرفرازی، سەرفرازی، سەرفرازی..." ئەو خۆرە هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستتان، کەچی ئێوە هەر لە ئێستاوە خەندە نیشتووەتە سەر لێوەکانتان، نیگاتان لەبەر تیشکیدا دەتوێتەوە. من نامەوێ ڕێگەتان لێ بگرم (خێرا خۆی دوور دەخاتەوە و دەڕوات)

**تریگۆرین** (لە دەفتەرەکەی دەستیدا شتێک تۆمار دەکات): بۆن بە تووتنەوە دەکات و ڤۆدکا دەخواتەوە، هەردەم ڕەشپۆشە. کابرای مامۆستا عاشقێتی.

**نینا:** سڵاو، بەریس ئەلێکسێیەڤیچ!

**تریگۆرین**: سڵاوتان لێ بێت. کارەکان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو شکانەوە، جا پێ دەچێ ئەمڕۆ لێرە بڕۆین. باوەڕ ناکەم جارێکی تر چاومان بە یەک بکەوێتەوە.. ئەوەش مایەی داخە بۆ من، کەم ڕێ دەکەوێت من چاوم بە کچی گەنج بکەوێت، گەنج و سەرنج ڕاکێش، من لە یادم چووەتەوە و ناتوانم بیهێنمەوە زەینی خۆم مرۆڤ لە ١٨-١٩ ساڵیدا هەست بە چی دەکات، بۆیە ئەو کچە گەنجانەی لە ڕۆمان و چیرۆکەکانمدا باسیان دەکەم هەموو کات هەڵبەستراو و ساختە دێنە بەرچاو. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ئەگەر بۆ سەعاتێکیش بوایە لە شوێنی ئێوە بوومایە، تا بمزانیایە ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە و هەر بەگشتیش بمزانیانە ئێوە چ جۆرە مرۆڤێکن.

**نینا:** بەڵام من حەزم دەکرد لە جێی ئێوە بوومایە.

**تریگۆرین:** بۆچی؟

**نینا:** تا بمزانیایە ئاخۆ نووسیارێکی ناودار و بەهرەمەند چۆن هەست دەکات. کەسانی بە شۆرەت هەستیان چییە؟ ئێوە لە ئاست بە ناوبانگبوونی خۆتاندا هەست بە چی دەکەن؟

**تریگۆرین:** چۆن هەست دەکەین؟ وا بزانم بە هیچ جۆرێک. من خۆم هەرگیز بیرم لەو پرسیارە نەکردووەتەوە (کەمێک بیری بۆ دەکاتەوە) پێ دەچێ مەسەلەکە یەکێک بێ لەم دووانە؛ یان ئەوەتا ئێوە زیادەڕۆیی دەکەن لە مەزەندەکردنی ناوبانگی من، یان ئەوەتا ئەو ناوبانگە بە هیچ جۆرێک هەستی پێ ناکرێت.

**نینا:** ئەی کاتێک کە باسی خۆتان لە ڕۆژنامەکاندا دەخوێننەوە؟

**تریگۆرین:** کاتێک ستایشت دەکەن بە لاتەوە خۆشە، کاتێکیش سەرکۆنە دەکرێیت تا دوو ڕۆژ ئاگات لە خۆت نییە.

**نینا:** دنیایەکی سەیرە! خۆزگە دەتانزانی من چەند ئیرەیی بە ئێوە دەبەم! بەشی خەڵکی لەم ژیانەدا تا بڵێی جیاوازە، هەندێک بوونێکی بێزراوی، نەبینراو دەبەنە سەر، هەموو لەیەک دەچن و گشتیان بەدبەختن، هەندێکی تریش، بۆ نموونە ئێوە، کە ڕەنگە لە ملیۆنێکدا یەکێک وابێ، ژیانێکی خۆشی، پڕ ڕۆشنایی و پڕ ماناتان پێ دراوە، ئێوەمانان بەختەوەرن...

**تریگۆرین:** من؟ (شانی هەڵدەتەکێنێ) همم... ئێوە باسی شۆرەت، بەختەوەری، باسی ژیانێکی خۆشی ڕۆشن دەکەن، بەڵام ئەم وشانە، داوای لێبووردن دەکەم، بە لای منەوە وەک مرەبان کە من هەرگیز نایخۆم. ئێوە زۆر گەنجن و دڵتان زۆر باشە.

**نینا:** ژیانی ئێوە تا بڵێی قەشەنگە!

**تریگۆرین:** دەبێ چی تێدابێ وا قەشەنگ بێت؟ (سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات) ئێستا دەبێ بڕۆم بنووسم. بمبەخشن، کاتم نییە... (پێ دەکەنێ) ئێوە، وەک دەڵێن، پێتان نا بە هەستیارترین مێخەکەمدا* و ئەوەتا ئەم قسەیە دەمهەژێنێ، بەڵام ناشتوانم تووڕە بم. یان چاکتر وایە بدوێین. با سەبارەت ئەو ژیانە کامەران و ڕۆشنەی من بدوێین... ئێ.. لە چییەوە دەست پێ بکەین؟ (کەمێک ڕادەمێنێ) هەندێک خولیای خۆسەپێنەر هەن، بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ شەو و ڕۆژ تەنیا و تەنیا بیر لە مانگ دەکاتەوە، جا منیش مانگێکی لەو بابەتەم هەیە. شەو و ڕۆژ تاکە یەک بیرۆکەی خۆسەپێنەر شەکەتم دەکات: من دەبێ بنووسم و بنووسم و بنووسمەوەوە... هێشتا بە تەواوی لە نووسینی چیرۆکێک نەبوومەتەوە، هەست دەکەم، ئیتر لەبەر هەر هۆیەک بێت، کە دەبێ چیرۆکی دووەم بنووسم، ئینجا سێیەم و دواتر چوارەمیش بنووسم... من بێوچان دەنووسم، من ناتوانم بە شێوەیەکی تر کار بکەم. جا من لە ئێوە دەپرسم، ئەمە چ شتێکی خۆش و پرشنگداری تێدایە؟ فەرموو من ئێستا لەگەڵ ئێوەدام، گیانم هەژاوە، بەڵام هەر ساتێکیش بیرم لای ئەوەیە کە چیرۆکێکی تەواونەکراو چاوەڕێمە. ئەوەتا من هەورێک دەبینم لە پیانۆیەک دەچێت. خێرا بیر دەکەمەوە: پێویستە لە شوێنێکی چیرۆکەکەمدا باسی هەورێک بکەم کە لە شێوەی پیانۆیەکدایە و ڕووی ئاسمان تەی دەکات. یان لە پڕ

* پێتان نا بە هەستیارترین مێخەکەمدا: ئەم دەربڕینە لە چەندین زمانی ئەوروپاییدا بەکار دێت بەو واتایە دێت کە باسێکتان ورووژاندووە بە لای منەوە گرینگە و ناتوانم هەروا خۆمی لێ لادەم.

بۆنی هیلیۆترۆپ* دێت، خێرا دەبێ لە مێشکمدا هەڵی گرم: بۆنێکی شیرین، ڕەنگێکی بێوەژنانە، لە کاتی وەسفکردنی ئێوارەیەکی هاویندا یادم نەچێت ئاماژەی پێ بکەم. هەڵوێستە لەسەر هەر ڕستەیەکی ئێوە و خۆیشم، بگرە هەر وشەیەک دەکەم و خێرا دەمەوێ لە گەنجینەی ئەدەبیی خۆمدا حەشاریان دەم بە هیوای ئەوەی کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێک مەیسەر بکەن! کاتێک من لە کار دەبمەوە و خێرا خۆم دەکەم بە شانۆیەکدا یان دەچمە ڕاوەماسی دەبوا بحەوێمەوە، ئیتر بیرم ئاسوو دەبێت، بەڵام نەخێر، هەر دەمودەست شتێکی قورس، وەک تۆپێکی ئاسنی حەوتجۆش لە مێشکمدا دەخولێتەوە- بابەتێکی نوێ سەرهەڵدەدات و پەلکێشم دەکات بۆ لای مێزی نووسینەکەم و ناچارم دەکات بنووسم و بنووسمەوە. ئەمەش هەموو کات دووبارە دەبێتەوە و خۆم ئاسوودەیی لە خۆم دەتارێنم و هەست دەکەم من ژیانی خۆم هەڵدەلووشم و وا هەست دەکەم کە من لەبەر خاتری ئەو هەنگوینەی دەیدەم بە کەسێکی نەناسراو، لەو دنیایەدا هەڵاڵەی جوانترین گوڵەکانم دەچنمەوە، خودی گوڵەکانیشم هەڵدەپرووزێنم و ڕەگ و بێخیان دەخەمە ژێر لەقەپێوە. جا ئاخۆ ئەمە شێتی نییە؟ تۆ بڵێی دۆست و ناسیاوەکانم وەک کەسێکی ئاسایی و تەندروست ڕەفتار لەگەڵ مندا بکەن؟ " سەرقاڵی نووسینی چین؟ ئەمجارە چیمان پێشکێش دەکەن؟" هەمان قسە و هەمان پرسیار دەکرێنەوە و وا دێتە بەرچاوم کە گرینگیدانی ناسیاوانم و

* هیلیۆترۆپ: ڕووەکێکی دەوەنئاسایە، گەڵای پان و گەورەی هەیە و جۆرە گوڵێکی مۆر دەگرێت.

پێداهەڵدانیان و سەرسامبوونیان- گشتی فێڵێکە، وەک نەخۆشێک دەمخلەتێنن و جاری وا هەیە دەترسم کە بێ خشپە دوام کەوتبن و لە پڕێکدا باڵم بگرن و وەک "پەپریشین"* بمبەن بۆ شێتخانە، خۆ ساڵانی لاوێتیم، کە باشترین ساڵانێک بوون، کاتێک تازە دەستم پێ کردبوو، نووسین ئەشکەنجەیەکی ڕووت بوو. نووسیارێکی گچکە بە تایبەتی گەر بەخت یاری نەبێ، خۆی ڕیۆڵە و ناڕەحەت و نەخوازراو دێتە پێش چاو، دەمارەکانی گرژ و لە سەرپێن؛ بێ پەروا نزیک کەسانی سەر بە ئەدەب و هونەر دەسوورێتەوە، بەڵام کەس دانی پێدا نانێ، سەرنجی کەس ڕاناکێشێ، دەترسێت ڕاست و ڕەوان و بێ ترس بڕوانێتە چاوی خەڵک، هەروەک قومارچییەکی بەنگین کە پارەی پێ نەبێ. من خوێنەری خۆمم نەدەدی، بەڵام لە خۆمەوە نادۆست و کەمبڕوا دەهاتە بەرچاوم، من لە جەماوەرەکە دەترسام، ئەو دەیتۆقاندم، هەر جارێک شانۆنامەیەکی نوێم پێشکێش بکردایە، وام دەزانی ژنە قژڕەشەکان مەزاجیان دوژمنانەیە بەرامبەرم و قژزەرد و کاڵەکانیش بێ سۆز و خەمساردن. ئای خوایە ئەوە چەند شتێکی ترسناک بوو! چەند ئازاردەر بوو!

**نینا:** ببوورن، بەڵام ئاخۆ ئیلهام و خودی پرۆسەی خوڵقاندن چەندین ساتی بەرز و پڕ کامەرانیتان پێ نادەن؟

* دەترسم کە بێ خشپە دوام کەوتبن و لە پڕێکدا باڵم بگرن و وەک پەپریشین بمبەن بۆ شێتخانە: پەپریشین پاڵەوانی چیرۆکێکی نووسیاری گەورەی ڕووسیا نیکەلای گۆگەلە، کە لە ساڵی ١٨٣٥دا بە ناوی" یاداشتنامەکانی شێتێک" بلاو کراوەتەوە.

**تریگۆرین:** بەڵێ. کـــاتێک دەنـووسـم، هـەست بـە خـــۆشی دەکـــەم، پێـداچوونەوەی ڕەشنووسـە چاککراوەکانیش کارێکی خـۆشـە. بەڵام.. هـەر بەرهـەمەکە لە چاپ دەردەچێ و دەیگرم بە دەستەوە، یەکسـەر سـەرنج دەدەم کە بەرهـەمـەکـەم ئەوە نییـە من چاوەڕێی بووم، کـە شـتێکی هـەڵەیە، شـتێکـە کە هـەر نەدەبوو بنووسـرایە، ئیـــتـــر پـەژارە دەمگرێ، باری دەروونم پـەرێشـــان دەبـێ.. (پـێ دەکـەنێ) بەڵام خـەڵکەکە دەیخـوێننەوە و دەڵێن:" وایە، باشـە، پڕ بەهـرەیە، جـوانە، بەڵام زۆری مـاوە بۆ تەڵسـتـۆی" یان دەڵێن" شـتـێکـی نازدارە، بەڵام " باوکـان و کـوڕان"ەکـەی تـورگـێنـێڤ چاکترە". ئیـتر ئاوا، تا سـەرم دەیدا لە بـەردی ئەلحـەد، لەو دوو وشـەیە زیاتر نییە، جوانە، پڕ بەهرەیە، جوانە، پڕ بەهرەیە، لەو زیاتـر هیـچی تر نیـیـە، کـە مـردیشـم، ناسـیـاوەکـانم بە لای گـۆڕاکـەمـدا تـێ دەپەڕن و دەڵێن:" ئەمـە گـۆڕی تریگۆرینە، نووسیارێکی چاک بوو، بەڵام نەدەگەیشتە تورگێنێڤ."

**نینا:** ببـوورن، بەڵام من لێتـان تـێ ناگـەم. پێ دەچێ مـەسـەلەکـە هـەر ئەوەیە کە ئێوە نازپێدراوی شۆرەت و سـەرکەوتنەکانتانن.

**تریگۆرین**: کـام سـەرکـەوتنانە؟ من هـەرگـیـز خـۆمم بە دڵ نـەبووە. من خـۆم، وەک نووسـیـارێک، خـۆش ناوێت. لە هـەمـووشی خـراپتـر ئەوەیە کـە من لە جـۆرە سـەرلێشـێـوانێکدا دەژیم، خـۆشم لەوە ناگـەم کـە دەینووسم.. من ئـەوەتا ئەم ئـاوەم خـۆش دەوێ، ئەم دێیـە و ئاسـمـانەکـەیم خـۆش دەوێ، من هـەست بە سـروشت دەکـــەم، ســـروشت ئارەزووم تێـــدا دەبزوێنێ، ئارەزوویەکی بەرپێنەگیراوی نووسین. بەڵام من تەنیا وێنەکێشێکی سروشت

نیم، من هاوولاتیشم، نیشتمان و گەلەکەی خۆمم خۆش دەوێ و وەک نووسیارێک پێویسستی سەرشانمە سەبارەت بەگەلەکەم و ئێش و ئازارەکـــانی بدوێم، باسی داهاتووی بکەم و باسی زانست، مافەکانی مرۆڤ و چی و چیی تر بدوێم. لە ڕاستیشدا من سەبارەت هەموو ئەمانە قسە دەکەم، لە هەموو لایەکەوە پەلەم لێ دەکرێ، تووڕە دەبن لێم، منیش ڕوو لەملا دەکەم، لەولا دەکەم، هەروەک ڕێوییەک سەگەلێک ڕاوی بنێ، دەبینم ژیان و زانست بەرەو پێـــشـــەوە دەڕۆن و دەڕۆن، منیش تا دێ پاش دەکەوم و پاش دەکەوم، وەک جووتیارێک کە لە شەمەندەفەر دوا کـــەوتبێ، لە ئاکـــامـــدا هەست دەکـــەم کـــە من هەر توانای وەســـفکردنی دیمەنی ســـروشـــتم هەیە و بەس، لە هەمـــوو بوارەکانی تردا من ساختەم، تا سەر مۆخ ساختەم.

**نینا:** ئێوە وا سەرقاڵی کارەکەتان بوون کە نە کاتتان هەیە و نە ئارەزووی ئەوەی هۆشیارانە لە بایەخی خۆتان بگەن. با ئێوە بە دڵی خۆشتان نەبن، بەڵام بۆ کەسانی تر ئێوە مەزن و بەهادارن! ئەگەر من نووسیارێکی وەک ئێوە بوومایە، ئەوا هەموو ژیانم دەبەخـشـیـیـە خـوێنەرانم و لەوەش دەگەیشتم کە تەنیا بەختیارییەک بۆ ئەوان ئەوەیە کە بەرز بنەوە بۆ ئاستی من و ئەوانیش هەر بە سواری گالیسکەی سەرفرازی منیان دەگێڕا.

تریگۆرین ئا. ئا، بە سواری گالیسکە.. ئەگامێمنوونم*، چی؟

---

* ئەگامێمنوون: یەکێکە لە پاڵەوانەکانی داستانی ئێلیادەی هۆمیرۆس و شای میکینێ بووە و سوپاسالاری هێزە هێلانییەکان، واتە یۆنانییەکان، بووە. لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا ناوەکە بووە بە ئاغا مەمنوون.

(هەردووکیان بزەیەک دەیانگرێ)

**نینا:** بەرامبەر بەختیاریی ئەوەی نووسیارێک یان هونەرمەندێک بوومایە، ئامادە بووم خۆم لە ئاست تووڕەییی خزمان، نەداری و نائومێدی ڕاگرتایە، ئامادە بووم بە ساپیتە خۆم داپۆشم و نانی جۆ خۆراکم بوایە. خۆڕاگر دەبووم لە ئاست خەفەتخواردنم بەوەی کە بەدڵی خۆم نیم و هەستکردنم بە کەموکوورییەکانم، بەڵام هاوکاتیش داوای شۆرەتم دەکرد، شۆرەتێکی ڕاستەقینە و بە دەنگ و سەدا... (بە دەستەکانی دەموچاوی خۆی دادەپۆشێ) سەرم دەسووڕێ... ئۆف!..

**دەنگی ئەرکادینا دێت** (لە ماڵەکەوە هاوار دەکات): "بەریس ئەلێکسێیەڤیچ!"

**تریگۆرین:** بانگم دەکەن، دیارە بۆ خۆ کۆکردنەوەیە... هەرچەندە هیچ دڵم پێوە نییە ئێرە جێ هێڵم (چاوێک بە دەریاچەکەدا دەگێڕێ) سەیر چ نیعمەتێکە! چەند جوانە!

**نینا:** ئەو ماڵە و باخچەکەی دەوروبەری دەبینن لە کاناری ئەوبەرەوە؟

**تریگۆرین:** بەڵێ.

**نینا:** ئەوە موڵک و مەزرای دایکی ڕەحمەتیمە. من لەوێ لەدایک بووم. هەموو ژیانم نزیک ئەم دەریاچەیە بردووەتە سەر، یەک بە یەکی دۆرگەلەکانی شارەزام.

**تریگۆرین:** شوێنێکی جوانتان هەیە! (چاوی بە نەورەسە کوژراوەکە دەکەوێ) ئەی ئەمە چییە؟

**نینا:** نەورەسێکە، کەنستەنتین گەڤریلەڤیچ کوشتوویەتی.

**تریگۆرین:** باڵندەیەکی جوانە. هەر بەڕاست ناخوازم لێرە بڕۆم. بەشکم بتوانن ئیرینا نیکەلاییەڤنا قایل بکەن بمێنێتەوە. (شتێک لە دەفتەرەکەیدا تۆمار دەکات)

**نینا:** ئەوە چی دەنووسن؟

**تریگۆرین:** هیچ، هەر شتێکم تۆمار کرد.. دیمەنێک بە خەیاڵمدا هات.. (دەفتەرەکە دەشارێتەوە) دیمەنێک بۆ چیرۆکێکی بچووک؛ کیژێکی لاو، کیژێکی وەک ئێوە، لە لێوار دەریاچەیەک دەژی؛ وەک نەورەسێک دەریاچەکەی خۆش دەوێت، هەروەک نەورەسێکیش کامەران و سەربەستە. بەڵام بە ڕێککەوت کەسێک پەیدا دەبێت و چاوی پێی دەکەوێت، لە وەڕسی و دەستبەتاڵیدا کیژەکە دەکوژێت، هەروەک ئەو نەورەسە.

(پشوویەک)

(لە پەنجەرەکەوە ئەرکادینا دەبینرێ)

**ئەرکادینا:** بەریس ئەلێکسێیەڤیچ، ئێوە لە کوێن؟

**تریگۆرین:** هەر ئێستا! (دەڕوات و لە نینا دەڕوانێ؛ لەلای پەنجەرەکەوە وەڵامی ئەرکادینا دەداتەوە) چییە؟

**ئەرکادینا:** ئێمە لێرە دەمێنینەوە.

(تریگۆرین دەچێتە ماڵەکەوە)

**نینا** (لە پلیکانەکە نزیک دەبێتەوە؛ پاش کەمێک ڕامان): ئەمە خەوە!

پەردە دادەدرێتەوە

## پەردەی سێیەم

ژووری نانخـواردنی مـاڵەکـەی سـۆرین. لە هـەردوو لای ڕاست و چەپەوە دەرگە هەن. بوفێیەکی قاپ و قاچاغ، دۆڵابێک دەرمـانی تێــدا دانراوە. لـە ناوەڕاســتی ژوورەکــەدا مــێــزێک دانراوە، جانتایەک و چەند کارتۆنێک، دیارە کە بۆ سەفەر ئامادە کراون. تریگۆرین نانی بەیانی دەخوات، ماشا لای مێزەکەوە وەستاوە.

**ماشا:** من هەمـوو ئـەمـەتان وەک نووسـیـارێک بۆ بـاس دەکـەم، دەتوانن دوایی بەکاریان بهێنن. من بە ڕاست پێتان دەڵێـم؛ ئەگەر ئەو بە شـێـوەیەکی مـەترسـیـدار خـۆی زامـدار بکردایە، من بۆ یەک خولەکیش ژیانم نەدەبوو. سەرباری هەمـوو شـتێکیش من ئازا بووم. من بـڕیاری خـۆمم دا: مـن ئەو خـۆشـەویسـتـیـیـە لە دڵم هەڵدەکەنم، لە ڕەگەوە هەڵی دەکێشم.

**تریگۆرین:** جا بە چ شێوەیەک؟

**ماشا:** من شوو دەکەم بە مدڤیدێنکا.

**تریگۆرین:** بە مامۆستاکە؟

**ماشا:** بەڵێ

**تریگۆرین:** بەڵام تێ ناگەم، چ پێویست دەکات وا بکەن؟

**ماشا:** ئەگەر وانەبێ دەبێ گیرۆدەی خۆشەویستییەکی بێ هیـوا بم، سـاڵانی سـاڵ دانیـشم چاوەڕێی شـتـێک بم ڕوو بدات... بەڵام

هەرکە شووم کرد، ئیتر نامپەرژێتە سەر خۆشەویستی، گرفتە نوێیەکان، کۆنەکان خەفە دەکەن. جگە لەوەش شووکردن لە خۆیدا گۆڕانکارییەکە. تازەی نەکەینەوە؟

**تریگۆرین:** ئاخر زۆر نابێت؟

**ماشا:** دە باڵێ! (پێکێک بۆ هەردووکیان تێ دەکات) ئێوە وا لە من مەڕوانن. ژنان زیاتر لەوە دەخۆنەوە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە. بەشێکی کەمیان بە ئاشکرا دەخۆنەوە، بەڵام زۆرینەیان بە نهێنی. بە ڕاستمە. جا یان ڤۆدکا یان کۆنیاکیش دەخۆنەوە. (پێکەکەی دەدا لە پێکی تریگۆرین) بە خۆشیتان! ئێوە مرۆڤێکی سادەن، جێی داخە جێمان بێڵن.

(هەردووکیان دەخۆنەوە)

**تریگۆرین:** من خۆشم ئارەزووی ڕۆیشتنم نییە.

**ماشا:** دە باشە ئێوە تکای لێ بکەن تا بمێنێتەوە.

**تریگۆرین:** نەخێر. ئێستا ئیتر بە هیچ شێوەیەک نامێنێتەوە. کوڕەکەی تا بڵێی ناشیرینانە ڕەفتار دەکات. دەمێک فیشەک بە خۆیەوە دەنێ و ئێستاش دەڵێن نیازێتی من ناچاری شەڕی بەرامبەرێنە بکات. لەبەر چیش؟ تاوێک خیش دەکات، تاوێکیش دەفرمێنێ و بانگەشەی فۆرمی نوێ دەکات... ئاخر خۆ جێگە بەشی هەموان دەکات، بە نوێخواز و کۆنخوازەوە، ئیتر چ پێویست بە پاڵەپەستۆ دەکات.

**ماشا:** جگە لەوەش، دیارە دڵپیسیش لە ئارادایە، هەرچەندە من کارم بەمەیانەوە نییە.

(پشوویەک)

(یاکەڤ بە جانتایەکەوە لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست تێ دەپەڕێ؛ نینا دێتە ژوورەوە و لای پەنجەرەکەوە دەوەستێت)

مامۆستاکەی من زۆر ژیر نییە، بەڵام دڵباش و هەژارە و منیشی زۆر خۆش دەوێت. بەزەییم پێیدا دێتەوە، پیرێژنەکەی دایکیشی گوناهە. دەسا ڕێگەم بدەن ئاواتەخوازی گشت خۆشییەک بم بۆتان. گلەیی جێ بێڵن. (توند دەستی دەگوشێ). من زۆر سوپاسگوزارتانم بۆ هەستی دۆستانەتان بەرامبەرم. تکایە کتێبەکانی خۆتانم بۆ بنێرن، بە ئۆتۆگرافی خۆتانەوە. بەڵام مەنووسن " بۆ زۆر ڕێزدار" بگرە سادە و ساکار بنووسن" بۆ ماریا، کە نە خانەوادەی دێتەوە یادی کەس، نە دەزانرێ بۆ لەم دنیایەدا دەژی". ماڵئاوا! (دەڕوات).

**نینا** (دەستی بەرەو لای تریگۆرین ڕادەکێشێ و چنگی وەک مستەکۆڵەیەک گرمۆڵە کردووە): جووت یان تاک؟

**تریگۆرین:** جووت.

**نینا** (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ): نەخێر. من تەنیا دەنکە ماشێک لە دەستمدایە. پرسیارێکم خستبووە دڵمەوە: ئەکتەری بکەمە پیشەم یان نا؟ خۆزگە کەسێک بووبوایە بیتوانایە ئامۆژگارییەکم بکات.

**تریگۆرین:** لە شتی وادا ئامۆژگاری ناکرێت.

(پشوویەک)

**نینا:** ئێمە لێک جیا دەبینەوە و... ڕەنگە چیی تر چاومان بە یەکتری

نەکـەوێتـەوە، جـا تـکاتان لـێ دەکـەم ئـەم مـەداليا چکۆلەيەم وەک يادگارێک لێ وەرگرن. من ڕام سپـاردووە لە ديوێکی يەکەم پيتی ناوەکـەتـان و لە ديوەکـەی تريشـی نـاوی کـتـێبـەکـەتان، "ڕۆژان و شـەوان" هـەڵکـەنن.

**تريگۆرين:** چـەند ناسکە! (مـەداليـاکـە مـاچ دەکـات) دياريـيـەکی نەشميلەيە!

**نينا:** جاروبار يادێکم بکەنەوە.

**تريگۆرين:** بێگومـان يادتان دەکـەم. ئێوە بـەو شـێوەيە دێنەوە يادم وەک ئەو ڕۆژە ڕۆشـنـەی هـاتـن – دێتـەوە بيـرتـان؟ هەفـتـەيەک پێش ئێسـتـا، کـە جلێکی ڕەنگ کـاڵتـان لەبەردا بوو.. ئێمـە قسـەمـان دەکرد پێکەوە... نەورەسـە سـپـيـيـەکە هێشـتـا لەسـەر قـەنەفـەکە کەوتبوو.

**نينا** (بير دەکاتەوە): بەڵێ، نەورەسـەکە.

(پشوويەک)

لەمـە زياتر نـابێت قـسـە بکەين، بەرەو ئـێـرە دێن... بـەر لەوەی سـەفـەر بکەن دوو خـولەکم بـدەنێ، تکاتـان لـێ دەکـەم... (بەلای چەپدا دەڕوا، هـاوکـات لەلای ڕاسـتـەوە ئەرکـادينا و سـۆرين بە فـراکـەوە* و بە ئـەسـتـێرەک بەسـەر سنگيـيەوە دێنە ژوورەوە، بە دوای ئەوانيشدا ياکەڤ کە شپرزەی خۆ کۆکردنەوەی سەفەرە.

**ئەرکـادينا:** دە تـۆ، پيـرەپيـاو، لە مـاڵـەوە بمێنـەرەوە،... تۆ بـەو

* فراک: پۆشاکێکی پياوانەيە و زياتر بۆ بۆنە ڕەسمی و گرينگەکان لەبەر دەکرێ و وەک چاکەت وايە بەڵام لە پشتەوە تا ئاستی لای ئەژنۆ درێژ بووەتەوە.

ڕوماتیزمەتەوە کەی کەڵکی سەفەرت پێوەیە؟ (ئینجا لە تریگۆرین دەپرسێ) ئەوە کێ بوو ئێستا چووە دەرەوە؟ نینا بوو؟

**تریگۆرین:** بەڵێ.

**ئەرکادینا:** پەردۆن کە لێمان تێک دان... (دادەنیشێ). وا دیارە هەموو شتێکم پێچاوەتە. بێزار بووم.

**تریگۆرین** (نووسینی سەر مەدالیاکە دەخوێنێتەوە): "ڕۆژان و شەوان"، لاپەڕە ١٢١، دێری ١١ و ١٢.

**یاکەڤ** (بە دەم پاککردنەوەی سەر مێزەکەوە): قامیشی ڕاوەماسییەکانیش کۆ کەمەوە؟

**تریگۆرین:** ئا، هێشتا پێویستم پێیان دەبێ. بەڵام کتێبەکان بدەن بە کەسێک.

**یاکەڤ:** بە سەرچاو.

**تریگۆرین** (لەبەر خۆیەوە): لاپەڕە ١٢١ دێرەکانی ١١ و ١٢. ئاخۆ چی نووسرابێ لەو دێرانەدا ؟ (لە ئەرکادینا دەپرسێ) ئەرێ کتێبەکانی من لێرە هەن؟.

**ئەرکادینا:** لە ژووری کارەکەی سۆرینی برام، لە دۆڵابی گۆشەکەدا.

**تریگۆرین:** لاپەڕە ١٢١... (دەچێتە دەرەوە)

**ئەرکادینا:** هەر بەڕاست پیتروشا لێرە بمایتایەوە باشتر بوو...،

**سۆرین:** ئێوە سەفەر دەکەن، بەبێ ئێوەش زۆر سەختە بۆ من لێرە بم.

**ئەرکادینا:** ئەی لە شار چیت هەیە؟

**سۆرین:** هیچی ئەوتۆم نییە، بەڵام بەهەرحاڵ. (پێ دەکەنێ) داڕشتنی

بناغەی خانووە زستانییەکە و شتی لەو بابەتە... حەز دەکەم بۆ یەک دوو سەعات ئەم بەرگی سڕبوون و خامۆشییە لە خۆم دامالّم، ئەگینا دەمێکە لێ کەوتووم وەک دارجگەرەیەکی کۆن.

من ڕام سپاردووە ئەسپەکان بۆ سەعات یەک ئامادە کرابن هەموومان پێکەوە دەکەوینە ڕێ.

**ئەرکادینا:** (پاش بێدەنگییەک) دە بۆ خۆت لێرە بژی، وەڕس مەبە و خۆت مەدەرە بەر سەرما. ئاگایەکیشت لە کوڕەکەم بێت، بیپارێزە، ڕێنوێنیی بکە.

(پشوویەک)

ئەوەتا من دەڕۆم، بێ ئەوەی بزانم کەنستەنتین بۆ فیشەکی نا بە خۆیەوە. من وای بۆ دەچم کە هۆکاری سەرەکی ئیرەیی بووبێت و تا من زووتر تریگۆرین لێرە ببەمەوە چاکترە.

**سۆرین:** نازانم چۆن پێت بڵێم؟ بەڵام هۆکاری تریش لە ئارادا بوون. شتەکە ئاشکرایە، کوڕێکی لاو، زیرەک، لە گوندێکدا، لەم لاچەپەکەدا دەژی، بێ پارە، بێ پلە و پایە، بێ داهاتوویەک. سەرقاڵی هیچ شتێک نییە، لەو بێ کارییەی خۆی شەرم دەکات و دەترسێ. من تا بڵێی خۆشم دەوێ، ئەویش هۆگری منە، بەڵام لەگەڵ هەموو شتێکیشدا سەرەنجام وا هەست دەکات کە لە ماڵەکەدا زیادەیە، کە سپڵی لاورگە و خۆی داوە بەسەر خەڵکیدا. ئێ دیارە کەرامەتی....

**ئەرکادینا:** چاک داماوم بە دەستییەوە! (بە دەم بیرکردنەوە) نازانم، تۆ بڵێی بچووایە بۆ سەربازی باشتر بووایە...

**سۆرین:** (کەمێک فیکە لێ دەدات و دواتر بە دوودڵییەوە دەڵێ) من پێم وایە لە هەموو شتێک چاکتر ئەوە دەبوو، ئەگەر تۆ... کەمێک پارەت بدایە پێی. بەر لە هەموو شتێک پێویستە جلوبەرگێکی وەک ئەو خەڵکی خوایە بپۆشێ، سێ ساڵە هەمان چاکەتی لە بەردایە، بەبێ پاڵتۆ دەسووڕێتەوە... (پێ دەکەنێ) خۆ خراپیش نییە بیتوانیایە بایەکی باڵی خۆی بدات، بچوایە بۆ هەندەرانێک بۆ نموونە، خۆ ئەوە هێندەشی تێ ناچێت.

**ئەرکادینا:** سەرباری ئەوەش... ڕەنگە پارەی قاتێک جلم پێ هەڵسووڕێت، بەڵام بە خوا بۆ هەندەرانەکە.. نەخێر، من لەم کاتەدا بۆ دەستەجلەکەش ناتوانم. (شێلگیرانە) پارەم نییە

(سۆرین پێ دەکەنێ)

نیمە!

**سۆرین** (دەکەوێتەوە فیکە لێدان): چار چییە. بمبەخشە گیانەکەم، سەغڵەت مەبە. من باوەڕت پێ دەکەم... تۆ ژنێکی بەخشندە و ئاکار بەرزی.

**ئەرکادینا:** (بەدەم فرمێسکەوە) من پارە شک نابەم!

**سۆرین:** من پارەم هەبوایە، بێگومان من خۆم پارەم پێ دەدا، بەڵام من هیچم نییە، پێنج کەپیکیشم نییە. (پێ دەکەنێ) کابرای سەرپەرشتیارم هەموو مووچەی خانەنشینییەکەم لە دەست دەسێنێ و لە کاری جووتیاری و ئاژەڵداری و هەنگ بەخێوکردندا سەرفی دەکات، پارەکانیشم هەروا تێدا دەچن، هەر هەنگە و دەمرێ، هەر مانگایە و بەلادا دێت، ئەسپەکانیشم هیچ کاتێک ناخرێنە بەردەستم..

**ئەرکـادینا:** ڕاسـتـە من پارەم هـەیە، بەڵام مـن هونەرمـەندم؛ مـن هـەر ئارایشت و جلوبەرگ بە جارێک نابووتیان کردووم.

**سـۆرین:** تۆ دڵبـاش و میـهرەبـانی.. من ڕێزم هەیە بـۆت... بەڵێ.. ئەوا دیسانەوە شـتێکمـە.. (ڕەت دەبا) سـەرم گێژ دەخـوات. (خۆی بە مێزەکە دەگرێتەوە) حاڵم باش نییە.

**ئەرکـادینا:** (بە ترسـەوە) پیـتروشـا! (هـەوڵ دەدات بچـێـتـە ژێـر باڵی) پیتروشکا، ئەزیزەکەم... (دەقیژێنێ) بگەنە فریام!..

(تریپلیـۆف بە سـەری بەسـتـراوەوە لـەگـەڵ مـدڤـیـدێنکادا دێنە ژوورەوە)

حاڵی پەشێوە!

**سـۆرین:** هیچ نییـە، هیـچ نیـیـە... (بزەیەک دەخـاتە سـەر لێـوی و ئاو دەخواتەوە) هیچ نییە، تێ پەڕی... تەواو.

**تریپلیـۆف:** (بە دایکی دەڵێ) مـەترسـە، دایە، ئەوە ترسناک نییـە. خـاڵە ئێـسـتـا زوو زوو وای لێ دێت (ئینجـا ڕوو دەکـاتە خـاڵی) خـاڵە پێویستە پاڵ کەویت.

**سـۆرین:** ڕاسـتـە کـەمـێک پشـووم پێـویسـتـە، بەڵام بۆ شـار هـەر دەڕۆم، برێک پاڵ دەکەوم و ئینجـا دەکەومـە ڕێ... بیرکردنەوەی ناوێ.. (دەڕوات و خۆی بە گۆچانەکەی ڕادەگرێ)

**مـدڤـیـدینکا** (قۆڵی گرتووە): مـەتەڵێک هەیە دەڵێ: بەیانی لەسـەر چوار پەل، نیوەڕۆ لەسـەر دووان و ئێوارەش لەسـەر سیان...

**سـۆرین:** (بە دەم پێکەنینەوە) خـۆیەتی. شـەویش لەسـەر پشت. سوپاستان دەکەم ئیتر خۆم دەتوانم بڕۆم..

**مدڤیدێنکا:** دەستمان کردەوە بە لوتف نواندن!

(مدڤیدینکا و سۆرین دەچنە دەرەوە)

**ئەرکادینا:** چۆن تۆقاندمی!

**تریپلیۆف:** ئەو ژیانی لادێی پێ ناکەوێ. پەژارە دای دەگرێت. بەڵام دایە ئەگەر تۆ لە پڕ سەخاوەتت بنواندایە و هەزار و پێنجسەد، دوو هەزارێکت بە قەرز بدایەتێ و ئەوا ئەو دەیتوانی ساڵێک لە شار پێی بژی.

**ئەرکادینا:** من پارەم نییە. من هونەرمەندم نەک خاوەن بانک.

(پشوویەک)

**تریپلیۆف:** دایە بەنداژەکەی سەرم بۆ بگۆڕە. تۆ باشی دەکەی.

**ئەرکادینا** (لە دۆلابی دەرمانەکە یۆد و بەنداژی برینپێچان دەردەهێنێت): دوکتۆریش ئەمڕۆ دواکەوتووە.

**تریپلیۆف:** بەڵێنی دا پێش سەعات دە لێرە بێت، کەچی وا نیوەڕۆیە و هەر دیار نییە.

**ئەرکادینا:** دانیشە (پەڕۆکەی دەوری سەری لێ دەکاتەوە) دەڵێی مێزەرت بە سەرەوەیە. دوێنێ یەکێک، لەوانەی لێرەوە دەگوزەرێن لە چێشتخانەکە، دەیپرسی ئاخۆ تۆ سەر بە چ میللەتێکی. برینەکەت خەریکە بەتەواوی ساڕێژ دەبێ. ئەوەی ماوە فشەیە. (سەری ماچ دەکات) دڵنیا بم لەوەی کە بەبێ من لێرە جارێکی تر تاق و تیق ناکەیتەوە؟

**تریپلیۆف:** نا، دایە، ئەوە ساتێکی بێ هیوایی بوو بەسەرمدا تێ پەڕی و من خۆمم بۆ کۆنترۆڵ نەکرا. ئەوە دووبارە نابێتەوە (دەستی ماچ

دەکات) دایە تۆ دەستەکانت زێڕینن. لە یادمە، زۆر دەمێکە، کە تۆ هێشتا لە شانۆی دەوڵەت کارت دەکرد – من ئەو کات منداڵ بووم – لە گەڕەکەکەماندا بوو بە شەڕ، ئافرەتێکی جلشۆر زۆری لێدان خوارد. لە بیرتە؟ بە بووراوەیی بەرزیان کردەوە... دواتر تۆ هەر سەرت لێ دەدا، دەرمانت بۆ دەبرد و لە تەشتێکیشدا منداڵەکانیت بۆ دەشت. بە ڕاستتە، بیرت نایەتەوە؟

**ئەرکادینا:** نەخێر (بەنداژێکی تازە لە سەریەوە دەپێچێ).

**تریپلیۆڤ:** ئەو کاتەش دوو سەماکاری بالێت لە هەمان خانوودا دەژیان کە ئێمەی تێدا بووی... دەهاتنە لای تۆ بۆ قاوەخواردنەوە..

**ئەرکادینا:** ئەویانم لە یادە.

**تریپلیۆڤ:** دوو ئافرەتی زۆر خواپەرستیش بوون.

(پشوویەک)

لەم ماوانەی دواییدا، ئا لەم ڕۆژانەدا من هەروەک سەردەمی منداڵیم تۆم هێندە بە سۆز و هەستەوە خۆش دەوێت. من ئێستا جگە لە تۆ کەسێکی ترم نییە. بەڵام تۆ بۆچی، بۆ دەکەویتە ژێر کاریگەری ئەو زەلامەوە؟

**ئەرکادینا:** تۆ لە کەنستەنتین تێ ناگەیت. ئەو جوامێرترین کەسایەتییە.

**تریپلیۆڤ:** بەڵام کە هەواڵیان پێ دا من دەمەوێ شەڕی ڕووبەڕووی لەگەڵدا بکەم، جوامێرییەکەی ڕێی ئەوەی لێ نەگرت وەک ترسنۆکێک ڕەفتار بکات. سەفەر دەکات. چ هەڵهاتنێکی ئابڕووبەرانەیە!

**ئەرکادینا:** قسەی هیچ و بێ مانا! من خۆم داوای لێ دەکەم کە ئێرە جێ بهێڵێت.

**تریپلیۆڤ:** جوامێرترین کەسایەتی! ئەوەتا من و تۆ خەریکە لەسەر ئەو دەبێتە دەمەقاڵێمان، ئەویش ئێستا یان لە ژووری میوانەکەیە یان لەناو باخچەکەدایە و پێمان پێ دەکەنێ... یارمەتیی نینا دەدات پێش کەوێت، دەیەوێ بە یەکجاری باوەڕی پێ بێنێ کە خۆی بلیمەتێکە.

**ئەرکادینا:** هەموو خۆشیی تۆ هەر لەوەدایە قسەی دڵشکێن بە من بڵێی. من ڕێزی ئەو مرۆڤە دەگرم و تکام وایە لە بەردەمی مندا بە خراپە ناوی نەهێنی.

**تریپلیۆڤ:** بەڵام من ڕێزم نییە بۆی. تۆ دەتەوێ منیش بە بلیمەتی دابنێم، بەڵام بمبەخشە، من فێر نیم درۆ بکەم، من قێزم دێتەوە لە بەرهەمەکانی.

**ئەرکادینا:** ئەوە ئیرەییە. کەسانێک کە بێ بەهرەن، بەڵام خۆیان بە شت دەزانن، هیچیان لەباردا نییە جگە لەوەی ناوی بەهرەدارە ڕاستەقینەکان بزڕێنن و لەکەداریان کەن، هەر باشە سەبوورییەکە!

**تریپلیۆڤ** (بە لاقرتییەوە): بەهرەدارە ڕاستەقینەکان! (ئینجا بە تووڕەیییەوە) من لە هەمووتان بەهرەدارترم، مادامەکی وای لێ هات! (بەنداژەکەی سەری دادەماڵێ) ئێوە، دووچاری ڕۆتین بوون، پلەی یەکەمتان لە هونەردا گرتووە و ئیتر وا دەزانن تەنیا ئەوە یاسایی و ڕاستەقینەیە کە خۆتان دەیکەن و هەموو خەڵکەکەی تریش دەچەوسێننەوە و خەفەیان دەکەن! بەڵام من ددانتان پێدا نانێم، من نە ددان بە تۆدا نە بەویشدا دەنێم!

**ئەركادينا:** كابرايەكى ديكادێنى!..

**تريپليۆڤ:** تۆش خۆت بگەيەنە شانۆ نەشميلەكەت، ڕۆڵە بێ تامەكانت لە شانۆنامە بێ بەهرەكاندا بگێڕە!

**ئەركادينا:** من هيچ كاتێک ڕۆڵى وام نەديوە. لێم گەڕێ! تۆ تەنانەت ڤەديڤيلێكى* بێ نموونەيشت پێ نانووسرێ. بەقاڵەكى شارى كييف! سپڵى لاورگ!

**تريپليۆڤ:** ڕەزيلى پيسكە!

**ئەركادينا:** شڕە پياو!

(تريپليۆڤ دادەنيشێ و بێدەنگ دەگرى)

هيچ و پووچ (ئينجا نيگەران دەبێت) مەگرى. پێويست بە گريان ناكات (خۆيشى دەگرى) پێويست ناكات... (ناوچەوان و ڕوومەتەكانى و سەرى ماچ دەكات) كۆرپەى شيرينم بمبوورە.. دايكە گوناهبارەكەت ببەخشە، دايكە خێر نەديوەكەت ببەخشە.

**تريپليۆڤ:** (باوەشى پێدا دەكات) تۆ ئاگات لە چييە! من هەموو شتێكم لەدەست چووە. نينا چيى تر منى خۆش ناوێ و منيش تواناى نووسينم نەماوە.. هەرچى هيوايەكم هەبوو بەبادا چوو...

**ئەركادينا:** هيوابڕاو مەبە.. هەموو شتێک وەک خۆى لێ دێتەوە. ئەو ئێستا دەڕوات، نيناش وەكو جاران تۆى خۆش دەوێتەوە (فرمێسكەكانى دەسڕێتەوە) ئيتر بەسە. ئێمە تەواو، ئاشت بووينەوە.

---

* ڤەديڤيل: شانۆنامەيەكى كۆميدييە كە گۆرانى و سەماى تێدايە و بە جۆرێكى ئاسان و كەمبايەخى هونەرى شانۆ دەژمێردرێت.

**تریپلیۆڤ:** (دەستی ماچ دەکات) ئا، دایکە.

**ئەرکادینا:** (بە سۆزێکەوە) دە لەگەڵ ئەویشدا ئاشت بەرەوە. شەڕی ڕووبەڕوو پێویست ناکات.. وا نییە، پێویست ناکات.

**تریپلیۆڤ:** باشە.. بەڵام دایە وا بکە چاوم بە چاوی نەکەوێ... ئەوە زۆر سەختە بۆ من.. لە سەروو توانامەوەیە...

(تریگۆرین دێتە ژووریٚ)

وا من دەچمە دەرەوە... (بە خێرایی دەرمانەکان لە دۆڵابەکە دەردەهێنێ) بەنداژەکەش دوکتۆر بۆم دەبەستێ.

**تریگۆرین** (چاو بە کتێبەکەدا دەگێڕێ): لاپەڕە ١٢١.. دێری ١١ و ١٢.. ئەوەتا (دەیخوێنێتەوە) "ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانی منت پێویست بوو، وەرە و بیبە بۆ خۆت"

(تریپلیۆڤ بەنداژەکە لەسەر ڕەفەکە هەڵدەگرێت و دەچێتە دەرەوە)

**ئەرکادینا** (بە دەم سەیرکردنی کاتژمێرەکەوە): کەمێکی تر ئەسپەکان ئامادە دەکرێن.

**تریگۆرین** (لەبەر خۆیەوە): ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانی منت پێویست بوو، وەرە و بیبە بۆ خۆت.

**ئەرکادینا:** هیوادارم شتەکانی تۆ هەمووی کۆ کرابێتەوە؟

**تریگۆرین** (بە ئارامییەوە): بەڵێ، بەڵێ.. (بە دەم بیرکردنەوەوە) باشە بۆچی من لە هاواری ئەم گیانە بێگەردەدا غەمگینییەکم هاتە گوێ و بۆ وا دڵم بە ئازارەوە گووشرا؟.. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانی منت پێویست بوو، وەرە و بیبە بۆ خۆت (بە ئەرکادینا دەڵێ) ڕۆژێکی تریش لێرە دەمێنینەوە!

(ئەرکادینا سەری بە" نا" دەلەقێنێ)

دەمێنینەوە!

**ئەرکادینا:** گیانەکەم، دەزانم چییە کە وا لێرە ڕاگیرت دەکات. بەڵام هەوڵ بدە زاڵ بیت بەسەر خۆتدا. تۆ تۆزێک مەستیت، بێرەوە هۆش خۆت.

**تریگۆرین:** تۆش بە هۆش و ژیر بە، عەقڵت بەکار بهێنە، من لێت دەپاڕێمەوە کە وەک دۆستێکی ڕاستەقینە بڕوانیتە گشت ئەمە.. (دەستی دەگووشێ) تۆ توانای خۆبەختکردنت تێدایە.. هاوڕێم بە و ڕێگەم ئازادکە...

**ئەرکادینا:** (بە نیگەرانییەکی زۆرەوە) تۆ ئاوا گیرۆدە بووی؟

**تریگۆرین:** شتێک پەلکێشم دەکات بۆ لای ئەو! ڕەنگە ئەمە ئەو شتە بێت کە پێویستمە.

**ئەرکادینا:** عەشقی کیژۆڵەیەکی لادێ؟ ئای چەند کەم خۆت دەناسی!

**تریگۆرین:** جاری وا هەیە خەڵکانێک بە دەم ڕۆیشتنەوە خەویان لێ دەکەوێ، منیش ئا ئێستا لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم بەڵام وا هەست دەکەم نووستووم و خەو بەوەوە دەبینم... خەوە شیرین و ئەفسووناوییەکان گیانمیان تەنیوە.. ڕێگەم بدە با بڕۆم...

**ئەرکادینا** (دەلەرزێ): نا.. نا.. من ژنێکی ئاساییم، ناشێ لەگەڵ مندا وا قسە بکەیت، بەریس، ئەشکەنجەم مەدە.. من دەترسم...

**تریگۆرین:** گەر ئارەزوو بکەیت تۆش دەتوانیت ژنێکی نائاسایی بیت. خۆشەویستییەکی لاو، قەشەنگ، شاعیرانە، خۆشەویستییەک کە مرۆڤ دەباتە دنیای خەونەکان تەنیا ئەو خۆشەویستییە لە

توانیـــدایە کـــامـــەرانیـــمـــان پـێ بدا لـەســـەر زەوی! مـن خۆشـەویسـتییەکی لەو چەشنەم نەچێژتووە... تا گەنج بووم کاتم نەبوو، دەرگەی چاپەمـەنییەکانم دەکوتا، زۆرانم لەگەڵ نەبوونیدا دەگـرت.. ئێـسـتـا وا لە بـەردەسـتـمـایە، ئەو خـۆشـەویسـتـیـیـە سـەرەنجام هاتووتە سـەر ڕێم و بەرەو لای خـۆی بانگم دەکات.. ئیتر بۆ دەبێ لێی ڕابکەم؟

**ئەرکادینا** (بە تووڕەییەوە): تۆ شێت بوویت!

**تریگۆرین**: باشە با وابێ.

**ئەرکادینا**: ئەمـڕۆ هـەمـوو قـسـەتان کـردووە بـەیەک ئازاری ڕۆحـم بدەن! (دەگری).

**تریگۆرین** (دەست دەگـرێ بە سـەری خـۆیەوە): تـێ ناگـات! نـایەوێ تـێ بگات!

**ئەرکادینا**: تۆ بڵێی من هێندە پیر و ناحەز بـووبم، کە بێ هـیچ شـەرم و شکۆیەک لە بەرچاوی خـۆم باسـی ئـافرەتـی تـر بکەیت؟ (بـاوەشی پێـدا دەکـات و مـاچی دەکـات) ئاخ، تۆ ژیریت لـەدەست داوە! کەسە بێ هـاوتـاکەم، کەسە شـیرینەکەم... تۆ دوا لاپەڕەی ژیانی منی! ( دادەبەزێتـە سـەرچۆک) خـۆشـی ژیانم، مـایەی شـانازیم، هـەمـوو کـامـەرانیم.. (باوەش دەکـات بە ئەژنـۆکـانیـدا) گـەر تۆ بەجێم بێڵـی، با بۆ یەک سـەعـاتیش بێت، ئەوا مـن ژیانم نابێت، شێت دەبم، کەسە دەگمەنەکەم، کەسە بێ وێنەکەم، سەروەرم..

**تریگۆرین**: ڕەنگە یەکێک بێتـە ژوورەوە (یارمـەتیی دەدات هـەسـتـێتـەوە سـەرپێ)

**ئەرکـــادینا:** جـــا با بێن، من شـــەرم ناکـــەم لەوەی خـــۆشم دەوێیت (دەستەکانی ماچ دەکات) گەنجینەکەی من، کەسە سەرەڕۆکەم، تۆ دەتەوێت کـارێکی شـێـتـانە بکەیت، بەڵام من نامـــەوێت، من ڕێگەی ئـەوەت نادەم.. (پـێ دەکـــــەنـێ) تـۆ هـی منـی... تـۆ هـی خـۆمی.. ئەو ناوچەوانەت هی منە، چاوەکانیـشت هی مـن، قژە جوانە ئاوریشمییەکەشت هەر هی منە، تۆ سەرتاپا هی خۆمی. تـۆ هـێـنـدە بـەهـرەمـــــەندی، هـێـنـدە ژیری، تـۆ لـە هـەمــــــوو نووسیارەکانی ئێستا چاکتریت، تۆ تاکە هیوای ڕووسیایت... لە تـۆدا هێندە ڕاسـتگۆیی، سـادەیی، پـاراوی و گـیـانی قـسـە خۆشی هەیە.. تۆ بە نووکە قەڵەمێک دەتوانی سیمای سەرەکیی کەسایەتییەکان و دیمەنەکان بگەیەنیتە خوێنەر، کەسایەتییەکان هەر دەڵێی خـەڵکی ڕاستەقینە و زیندوون. کەس نییە بتوانێت، بێ سـەرسـام بوون، شـتـی تۆ بخـوێنێتـەوە. تۆ وا دەزانیت ئەمە بخـوور بۆ سـووتاندنە؟ وا دەزانـی مـەراییت دەکـەم؟ دە بـڕوانە چاوەکانم.. باش سەیر کە.. من لە درۆزن دەچم؟ خـۆت دەیبینی کە تەنیا من دەتوانم نرخی خۆتت بدەمێ؛ تەنیا منم ڕاستیت پێ دەڵێم، کـەسی شـیـرین و پڕ سـیـحـرم. جـا سـەفـەر دەکـەیت لەگەڵمدا؟ ها؟ بەجێم ناهێڵی؟..

**تریگۆرین:** من ئیرادەی خۆمم نییە.. من هەرگیز خـاوەنی ئیرادەی خۆم نەبووم.. هەردەم خـاووخلیـچک، شل و ول و گوێڕایەڵ بووم – تۆ بڵێی ژن شـتێکی وای بە دڵ بێ؟ باشـە بمبە لەگەڵ خۆتدا، بەڵام مەهێڵە بۆ هەنگاوێکیش چییە لێت دوور کەومەوە..

**ئەرکـادینا** (لەبەر خـۆیەوە): ئێـسـتـا ئـیـتـر هـی خـۆمـە. (بـە ڕوویەکی

خـــۆشـــەوە، هەروەک هیچ ڕووی نەدابێ) هەرچەندە ئەگـــەر ئارەزووت لێـیـە، دەتوانی بمێنیـتـەوە. من خـــۆم دەڕۆم، تۆش دەتوانی دواتر بێیت، هەفتەیەکی تر. هەر بە ڕاستـیش پەلەی چیتە؟

**تریگۆرین:** نا تازە پێکەوە سەفەر دەکەین.

**ئەرکادینا:** چۆنت دەوێ وا، پێکەوە، باشە پێکەوە..

(پشوویەک)

(تریگۆرین شتێک لە دەفتەرەکەیدا تۆمار دەکات)

ئەوە چییە؟

**تریگۆرین:** ئەم بەیانیــــیــــە دەربڕینێکی باشم بەرگـــوێ کـــەوت "پاکیزەدارستانێکی سنەوبەر" ڕەنگە ڕۆژێک بەکار بێت (خۆی دەکێشێتەوە) کەواتە تەواو؟ دیسانەوە ڤاگۆن، وێستگەی شەمەندەفەر، بوفیێ، شفتە و قسەوباس...

**شـەمـرایڤ** (دێتـە ژوورەوە): شـەرەفی ئەوەم هـەیە کـە بـە دڵێکی پڕ کەسەرەوە پێتان ڕابگەیەنم کە ئەسپەکان ئامادە کراون. خانمە بەڕێزەکـەم ئیـتـر کـاتی ئەوەیە بەرەو وێسـتگە بەڕێ کـەون؛ شەمەندەفەرەکە دوو خولەکی بوێ بۆ پێنج دێت. تکایە، ئیرینا نیکەلاییەڤنا، ئێوەش ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکەن و سۆراغێکی سوزدالتسەڤی هونەرمەندم بۆ بکەن، ئاخۆ ئێستا لە کوێیە؟ لە ژیاندایە؟ نەخۆش نییە؟... سەردەمانێک پێکەوە گۆرانیمان دەگـوت.. لە شـانۆگـەریی "پۆسـتـە تالانکراوەکـە "دا لە لاسـاییکردنەوە نەدەهات، بیـرمـە ئەو کـاتـە لە شـاری

ئیلیزابیتگراد ئەکتەری تراجیدی ئیزمایلەڤ کاری دەکرد، ئەویش کەسایەتییەکی بەرچاو بوو... خانمە بەڕێزەکەم پەلەش مەکەن، هێشتا پێنج خولەکی بە دەمەوەیە. جارێکیان لە میلۆدرامایەکدا ڕۆڵی دوو کەسی پیلانگێڕیان دەبینی، جا کە لە کۆتاییدا دەگیرێن، دەبوایە بیانگوتایە " کەوتینە تەڵەکەوە" کەچی ئیزمایلەڤ لە بریی ئەوە گوتی" کەوتینە تێلاکەوە"..... (دەداتە قاقای پێکەنین).... تێلاکەوە!...

(تا شەمرایڤ خەریکی قسەیە، یاکەڤ سەرگەرمی کارە بە دەوری جانتاکاندا، کارەکەرێک شەپقە و مانتۆ و چەترەکەی ئەرکادینا دەهێنێ، هەموو یارمەتیی ئەرکادینا دەدەن جلەکانی لەبەر کات. لە دەرگەی لای چەپەوە چێشتکەرەکە دەردەکەوێت، پاش کەمێک سووڕانەوە بە دوودڵییەکەوە دێتە ژوورەوە. پەلینا ئەندرێیەڤنا دێتە ژوورەوە بە دوای ئەویشدا سۆرین و مدڤیدێنکا).

**پەلینا ئەندرێیەڤنا** (بە سەبەتەیەکی بچکۆلانەوە): فەرموون ئەوە هەڵووژەیە بۆ ڕێگە... زۆر شیرینن.. ئەگەر حەزتان کرد دەمتان شیرین کەن..

**ئەرکادینا:** ئێوە زۆر میهرەبانن، پەلینا ئەندرێیەڤنا.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** بە دوعا ئازیزەکەم! ئەگەر شتێکیشتان بە دڵ نەبووبێ داوای لێبووردن دەکەم. (دەست دەکات بە گریان).

**ئەرکادینا** (باوەشی پێدا دەکات): هەموو شتێک زۆر باش بوو، هەموو شتێک نایاب بوو، بەڵام گریان پێویست ناکات.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** کاتی ئێمە وا بەسەر دەچێت.

**ئەرکادینا:** جا دەسەڵات چییە!

**سۆرین** (بە پاڵتۆیەکی کڵاودار و بە شەپقەیەک بە سەریەوە و گۆچانێک بە دەستەوە لە دەرگەکەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە، پاش ئەوەی هەموو ژوورەکە دەبڕێ): خوشکێ ئیتر کاتێتی، هەر دوا نەکەوین باشە. من دەچم سوار دەبم. (دەچێتە دەرەوە).

**مدڤیدێنکا:** من بە پێ دەچم بۆ وێستگەکە بۆ بەرێکردنتان. من هەر ئێستا.. (دەچێتە دەرەوە)

**ئەرکادینا:** بە هیوای دیدار ئازیزان.. ئەگەر ماین و ساغ بووین هاوینی داهاتوو چاومان بەیەک دەکەوێتەوە...

(کارەکەرەکە و یاکەڤ و چێشتکەرەکە دەستی ماچ دەکەن)

من لە یاد نەکەن (ڕۆبڵێک دەدا بە چێشتکەرەکە). ئەوە ڕۆبڵێک بۆ هەرسێکتان

**چێشتکەرەکە:** پڕ بە دڵ سوپاستان دەکەین خانمەکەمان. سەفەرێکی خۆش! کۆڵێک سوپاسگوزارتانین!

**یاکەڤ:** خوا بکات سەفەری خێرتان بێت!

**شەمرایڤ:** هیچ نەبێ بە کورتە نامەیەک بەختیارمان کەن! خواتان لەگەڵ، بەریس ئەلێکسێیەڤیچ!

**ئەرکادینا:** ئەی کەنستەنتین کوا؟ پێی بڵێن وا من دەڕۆم. دەبێ ماڵئاوایی لە یەک بکەین. ئەمانەت بێ بە خراپە ناومان مەبەن! (بە یاکەڤ دەڵێ) ئەوە ڕۆبڵێکم دا بە چێشتکەرەکە. بۆ هەرسێکتانە.

(هەموو بەلای ڕاستدا دەچنە دەرەوە. سەر شانۆکە چۆڵە. لە پشت شانۆکەوە غەڵبەغەڵبی ماڵئاواییکردن دێتە گوێ. کارەکەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەبەتەی هەڵووژەکە لەسەر مێزەکە ببات و جارێکی تر دەچێتە دەرەوە).

**تریگۆرین** (لە کاتی گەڕانەوەیدا): گۆچانەکەم لە بیر چووە. وا دیارە لەبەر هەیوانەکەدایە. (دەڕوات لەلای دەرگەی چەپەوە لووتی دەبێت بە لووتی نیناوە کە دێتە ژوور) ئەوە ئێوەن؟ ئێمە وا خەریکین بڕۆین...

**نینا**: دڵم خەبەری دابوومێ کە ئێمە چاومان بە یەک دەکەوێتەوە. (بە شپرزەییەوە) بەریس ئەلێکسێیەڤیچ، من بڕیاری یەکجارەکیی خۆمم داوە و زاری بەختی خۆمم هەڵداوە و دەچم لە شانۆدا کار بکەم. سبەینێ من لێرە نابم، لەلای باوکم دەڕۆم و هەموو شتێک جێ دەهێڵم. ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەم.. من هەروەک ئێوە سەفەر دەکەم بۆ مۆسکۆ. لەوێ یەکتری دەبینین.

**تریگۆرین** (سەیرێکی ئەملا و لای خۆی دەکات): لە ئوتێلی"سلاڤیانسکی بازاڕ" دابەزن، هەرکە گەیشتیشن هەواڵم بدەنێ من لە شەقامی مەڵچەنۆڤکا، لە خانووی گرەخۆلسکیدا دەژیم.. ئێستا من دەبێ خێراکەم...

(پشوویەک)

**نینا**: یەک خولەکی تر چاوەڕێ کەن...

**تریگۆرین** (بە دەنگێکی کەمێک نزمەوە): ئێوە قەشەنگن.. خوایە چەند بەختیارم کە ئێمە بەم زووانە یەکتری دەبینینەوە!

(نینا خۆی دەدا بەسەر سنگیدا).

من جارێکی تر ئەو چاوە جوانانە دەبینمەوە، ئەو زەردەخەنە نازدارە.. ئەو ڕووە شیرینە، ئەو سیما پاکە فریشتەییە... ئای کەسە ئازیزەکەم..

(ماچێکی دوور و درێژ).

(پەردە دادەدرێتەوە).

(لە نێوان پەردەی سێیەم و چوارەمدا دوو ساڵ تێ دەپەڕێ).

## پەردەی چوارەم

(ژوورێک لە ژوورەکـانی مـیـوان لە مـاڵی سـۆریـندا، کـە لەلایەن کەنستـەنتین تریپلیۆڤـەوە کراوە بە ژووری کـارکـردن. ژوورەکـە لـەلای ڕاست و چـەپـەوە دەرگـــەی هـەیە کـــە دەچـنـەوە ســـەر ژوورەکـانی ناوەوە، لەلای پـێـشـــەوە دەرگـەیەکی شـووشـە کـە دەچێتەوە سـەر پێش هـەیوانەکە. جگە لەو شـتـانەی لە ژوورێکی دانیشـتنی عادەتیدا هـەن، ئەوا لە گۆشـەی لای ڕاسـتدا مـێزێکی نووسین دەبینرێت. نزیک دەرگەکەی لای چەپیشـەوە قـەنەفەیەکی تورکی، دولابێکی کـتـێب، چەند کـتـێـبـێک لەسـەر پێـشی پەنجـەرەکـان و کورسـییـەکـان دەبینرێن، کـاتی ئێـوارەیە. یەک چرای کـڵاودار داگـیـرسـاوە. ژوورەکە نـیـمـچـە تاریکە. دەنگی لەرینەوەی درەخـتـەکـان و لوورەی با بە ناو دووکـەڵکێشـەکـاندا دێتـە گـوێ. پاسـەوانێک بۆ هـاودەنگی زرمـە لە شـتـێک دێنێ. مدڤیدێنکا و ماشا دێنە ژوورەوە).

**ماشا** (بانگ دەکـات): کـەنسـتـەنتین گـەڤریلـەڤـیچ! هۆ کـەنسـتـەنتین گـــەڤـــریلـــەڤـــیـچ (بەمـــلا و لادا دەڕوانـێ) کـــەسی لـێ نیـــیـــە، پیرەمێردەکەی خاڵی هەموو دەقەیـەک پرسیار دەکات کۆستیا لە کوێیە، کوا کۆستیا.. بێ ئەو ناکارێ بژی...

**مدڤیدێنکا:** لە تەنیایی دەترسێ (گوێ هـەڵدەخا) چ هـەوایەکی ناخۆشی هـەیە! ئەوا دوو شەو و ڕۆژە.

**ماشا** (ئاگری چراکە زیاد دەکات): دەریاچەکە شەپۆل دەدا، شەپۆلی زەبەلاح.

**مدڤیدێنکا**: ناو باخچەکەش تاریکە، دەبێ پێیان بڵێین ئەو شانۆیەی ناو باخچەکەش بڕووخێنن، ڕووتەڵە و چارەگەران، وەک پەیکەرێکی ئێسک لەوێدا قووت بووەتەوە، بایەکەش پەردەکەی دەدا بەیەکدا. کە دوێنێ ئێوارە بەلایدا تێ پەڕیم وا دەهاتە گوێ وەک یەکێک لە ناوەوە بگری.

**ماشا**: دە فەرموو،...

(پشوویەک).

**مدڤیدێنکا**: ماشا، با بڕۆینەوە ماڵێ!

ماشا (سەری بە" نا" دەجووڵێنێ): من شەو لێرە دەبم.

**مدڤیدێنکا**: (بە لێ پاڕانەوەوە) ماشا، با بڕۆین! ڕەنگە کوڕەکەمان برسیبێت.

**ماشا**: قسەی بێ مانا، ماترینا خواردنی دەداتێ.

(پشوویەک)

**مدڤیدێنکا**: دە گوناهت دەگات، ئەو منداڵە وا سێ شەوە بێ دایکە.

**ماشا**: ئاه کە پیاو بێزار دەکەیت. جاران هیچ نەبێ کەمێک دەمت لە فەلسەفەوە دەژەند، ئێستا هەر باس باسی منداڵەکە و ماڵەوەیە، منداڵەکە و ماڵەوە شتێکی ترت لێ نابیسترێت.

**مدڤیدێنکا**: ماشا، با بڕوێن!

**ماشا**: خۆت بڕۆ.

**مدڤیدێنکا:** ئاخر باوکت ئەسپ نادات بە من.

**ماشا:** دەیدات. داوای لێ بکە، دەیدات.

**مدڤیدێنکا:** ناچارم داوای لێ بکەم. کەواتە تۆ سبەینێ دێیتەوە؟

**ماشا** (بۆن بە تووتنەکەوە دەکات): باشە سبەینێ، ئیتر خۆ بەرۆکی پیاو بەرنادات.

(تریپلێۆڤ و پەلینا ئەندرێیەڤنا دێنە ژوورێ؛ تریپلیۆڤ سەرین و لێفەی پێیە، پەلینا ئەندرێیەڤناش چەرچەفەکانی هەڵگرتووە: هەمووی لەسەر قەنەفە تورکییەکە دادەنێن و تریپلیۆڤ دەچێتە لای مێزەکە و دادەنیشێ).

دایە بۆچی ئەو شتانەتان هێناوەتە ئێرە؟

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** چونکە پیۆتەر نیکەلایەڤیچ داوای کرد کە لای کۆستیا جێی بۆ ڕاخرێت.

**ماشا:** دەبێنە با من... (دەست دەکات بە ڕاخستنی جێگەکە).

**پەلینا ئەندرێیەڤنا** (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ): پیاو کە پیر بوو وەک منداڵی لێ دێت.. (نزیک مێزەکە دەبێتەوە و ئانیشک دەداتە سەر مێزەکە و سەیری دەستنووسەکان دەکات)

(پشوویەک).

**مدڤیدێنکا:** باشە وا من دەڕۆم، خواحافیز ماشا (دەستی ژنەکەی ماچ دەکات) ماڵئاوا دایە گیان. (دەیەوێ دەستی خەسووشی ماچ کات).

**پەلینا ئەندرێیەڤنا** (بە بێزارییەوە): دە بڕۆ، خوات لەگەڵ.

**مدڤیدێنکا:** ماڵئاوا، کەنستەنتین گەڤریلەڤیچ.

(تریپلیۆڤ بێدەنگ دەستی دەداتێ بۆ تەوقەکردن، مدڤیدێنکا دەچێتە دەرەوە).

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** کۆستیا لە خەیاڵی کەسدا نەبووە کە ئێوە نووسیارێکی ڕاستەقینەتان لێ دەردەچێت. کەچی ئەوەتا، لە خوا بەزیاد بێت، کۆوارەکان پارەتان بۆ دەنێرن. (دەست دەهێنێ بە قژی تریپلیۆڤدا) جگە لەوەش کورێکی قۆز و جوانتان لێ دەرچووە... گیانەکەم کۆستیا، کەمێک نەرمونیانی بەرامبەر ماشای کچم بنوێنە!...

**ماشا** (بە دەم نوێن چاککردنەوە): وازی لێ بێنە، دایە.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** ماشا کچێکی تا بڵێی باشە.

(پشوویەک)

کۆستیا، ژن هیچی ناوێ، هەر بە نیانییەوە تێی بڕوانە، ئیتر بەسییەتی، من بە خۆمدا دەزانم.

(تریپلیۆڤ بێدەنگ لە پشت مێزەکەوە ڕاست دەبێتەوە و دەچێتە دەرەوە).

**ماشا:** فەرموو ئەوا تووڕەت کرد، پێویست نەبوو سەر کەیتە سەری.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** ماشینکا، ئاخر من دڵم بە تۆ دەسووتێ.

**ماشا:** جا ئەوە بە دەردی چیم دەخوا!

**پەلینا ئەندرێیەڤنا:** من دڵم ژان دەکات بۆت، کچم. من هەموو شت دەبینم و هەموو شتێ فام دەکەم.

**ماشا:** هەموو مەسەلەکە بێ مانایە. دڵداریی بێ هیوا، هەر لە ڕۆمانەکاندا هەیە. قسەی پڕوپووچ. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ خۆی

نەدا بە دەست ئاواتی درۆزنانەوە و چاوەڕێ بێت خــۆر لەژێر هەورەوە سەر دەرهێنێ.. گەر خۆشەویستی لە دڵدا چەکەرەی کرد هەر زوو لە ڕەگەوە هەڵی کێشێ. ئەوەتا بەڵێنیان داوە مێردەکەم بگوازنەوە بۆ ناوچەیەکی تر، جا هەرکە چووینە ئەوێ، هەمــوو شــتێک لە یاد خــۆم دەبەمــەوە و لە دڵمــدا ڕیشەکێشی دەکەم.

(دوو ژوور لەولاترەوە ئاوازی ڤالسێکی غەمگین دێتە گوێ).

**پەلینا ئەندرییەڤنا:** ئەوە کۆستیایە مۆسیقا لێ دەدات، ئەوەش مانای ئەوەیە کە دڵی تەنگە.

**ماشا** (بێدەنگ دوو سێ سووڕی دانسی ڤالس دەکات): دایە گرینگ ئەوەیە لە بەرچاوم نەبێ. خوا دەکا کارەکەی سیمۆنی مێردم دەگوازنەوە، ئیتر دڵنیات دەکەم، بە یەک مانگ لە بیر خۆمی دەبەمەوە. هەموو مەسەلەکە قسەی بۆش و بەتاڵە.

(دەرگەکەی لای چەپ دەکرێتەوە دۆرن و مدڤیدێنکا کورسییە چەرخدارەکەی سۆرین دێننە ژوورەوە).

**مدڤیدێنکا:** ئێستا ئێمە لە ماڵەوە شەش کەسین، ئەی دەزانن ئەمڕۆ ڕبەی ئارد بە حەوت گرێڤنە*.

**دۆرن:** جا وەرە بژی.

**مدڤیدێنکا:** بۆ خۆتان پێ بکەنن. خۆتان هێند پارەتان هەیە بە هیچ تەواو نابێ.

**دۆرن:** من پارەم هەبێ؟ سا لە ماوەی ئەو سی ساڵەدا کە سەردانگەی

* گرێڤن: یەکەیەکی پارەیە لە ڕووسیای کۆندا.

پزیشکی خـۆمم هەبووە، کـە نـە بەڕۆژ و نـە بەشـەو سـەرەوتم نەبووە، من سـەری بگرە و بنـی بگرە، هـەمـووی دوو هـەزارم بۆ پاشـەکـەوت کراوە، ئەویشم دەمێکە فوو لێ کردووە، کـاتێک لە هەندەران بووم. جا ئێستا ئەوەی پارە بێت شکی نابەم.

**ماشا** (بە مێردەکەی دەڵێت): ئەوە نەڕۆیشتوویت؟

**مدڤیدێنکا** (هەست بە خەتاباری دەکات): جا چیم لە دەست دێ بیکەم، کە کەس ئەسپم نەداتێ؟

**ماشا** (بە بێزارییەکی تاڵەوە و بە دەنگێکی کەمێک نزم): خۆزگە من چاوم لە چاوت دەبڕا.

(کـورسـییـەکـە لەلای چەپی ژوورەکـە ڕادەوسـتێ؛ پەلینا ئەندرێیەڤنا و ماشا و دۆرن لە نزیکییەوە دادەنیشن؛ مدڤیدێنکا بە غەمبارییەوە لەولای ئەوانەوە دانیشتووە.)

**دۆرن:** تۆ سـەیر کە چەند شـتـەکانتـان گۆڕیوە! ژووری مـیوانەکـەتان کردووە بە ژووری کارکردن.

**ماشا:** بۆ کەنستـەنتین گەڤریلـەڤیچ خـۆشـترە لێرە کـار بکات. هەر کاتێک بخوازێ دەتوانێ لێرەوە بچێتە ناو باخچەکە و بۆ خۆی بیر بکاتەوە.

(پاسەوانەکە تەپەتەپێک دەکات).

**سۆرین:** خوشکم لە کوێیە؟

**دۆرن:** چوو بۆ وێسـتگەی شـەمـەندەفەر بۆ پێـشـوازیی تریگۆرین. هەر ئێستا دەگەڕێتەوە.

**سۆرین:** ئەگەر ئێوە بە پێویستتان زانیبێت کە خوشکم بانگهێشتن

بکەن بۆ ئێرە، دەبێ من نەخـۆشـیـیەکی ترسناکم هەبێ. (پاش کەمێک بێدەنگی) بەڵام سـەیرەکە لەوەدایە کە من نـەخۆشییەکی ترسناکم هـەیە و لەگەڵ ئەوەشدا هیـچ دەرمانێکم نادەنێ.

**دۆرن:** باشە ئێوە دەتانەوێ چیتان بۆ بنووسم؟ دڵۆپی ڤالیریان؟ سۆدا؟ یان کنین؟

**سۆرین:** ئەوا دیسـانەوە فـەلسـەفـەکردن دەستی پێ کرد. دە خـوایە ئەم سـزایە بۆ! (بە سـەر ئامـاژە بۆ قـەنـەفـەکـە دەکـات) ئەوە بۆ من جێگەتان چاک کردووە؟

**پەلینا نیکەلایەڤنا**: بەڵێ بۆ ئێوە، پیۆتەر نیکەلایەڤیچ.

**سۆرین:** سوپاستان دەکەم.

**دۆرن** (لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت): "مانگ ئاسمانی شەو تەی دەکات..."

**سـۆرین**: دەخـوازم بـابـەتی شـانـۆگـەرییـەک بدەم بە کـۆسـتـیـا. دەبێ ناوەکـەی بەمـجـۆرە بێت،" ئەو مـرۆڤـەی خـواسـتێکی هـەبوو". من سەردەمـێک لە گـەنجیدا دەمویست ببم بە ئـەدیب – بەڵام سـەری نەگرت؛ دەمـویست جـوان بدوێم، کـەچی گفـتـار و قسـەم ناحـەز دەردەچوو. (گـاڵـتـە بە خـۆی و جـۆری قـسـەکـردنـەکـەی خـۆی دەکـات) " ئەوە و هـەمـوو ئەوەی لەو جـۆرەیە، ڕەنـگە وابێ یان وا نەبـێ" جـاری وا هـەبـوو ئارەقم دەردەدا بـۆ ئەوەی قـسـەکـانم کـەمێک ڕێکوپێک کـەم؛ ئینجا ویسـتم ژن بێنم ئەویشم بۆ نەبوو؛ ویسـتم هـەموو ژیانم لـە شـار بەرمـە سـەر، فـەرمـوو وا لە دێیەکدا کۆتا بە ژیانم دێنم، ئاو بێنە و دەست بشۆ.

**دۆرین**: ویستیشتان ببنە ڕاوێژکاری پلە یەکی دەوڵەت، بووشن بەوە.

**سۆرین:** (پێ دەکەنێ) ئەویان شتێک نییە هەوڵم بۆ دابێت، خۆی وا دەرچوو.

**دۆرن:** وابزانم قسەم دەسەلمێنن گەر بڵێم گلەیی کردن لە ژیان لە تەمەنی شەست و دووساڵیدا نیشانەی گیانفراوانی نییە.

**سۆرین:** جا چ سەرسەختێکە. ئاخر تێ بگەن پیاو ئارەزووی ژیانی هەیە!

**دۆرن:** ئەمیان کاڵفامییە. بەپێی یاساکانی سروشت هەموو ژیانێک دەبێ بەرەو کۆتا بڕوات.

**سۆرین:** ئێوە وەک مرۆڤێکی تێر قسە دەکەن. لەبەرئەوەی تێرن ئەوا ژیان بە لاتانەوە گرینگ نییە، گوێ نادەنە هیچ شتێک. بەڵام با مردن بەردەرگەتان پێ بگرێت ئەوسا ترس داتان دەگرێت.

**دۆرن:** ترس لە مەرگ، ترسێکی ئاژەڵییە لە هەموومان‌دا هەیە، بەڵام مرۆڤ دەبێ خەفەی بکات. تەنیا ئەوانەی باوەڕیان بە ژیانی جاویدانی هەیە، هۆشمەندانە لە مەرگ دەترسن، چونکە لەو گوناهانە دەترسن کە کردوویانە. هەرچی ئێوەشن؛ یەکەم ئێوە باوەڕتان بە خوا نییە، دووەمیش دەبێ گوناهتان کامە بێت؟ ئێوە بیست و پێنج ساڵ لە بەڕێوەبەرایەتیی دادگە کارتان کردووە و تەواو.

**سۆرین:** (پێ دەکەنێ) بیست و هەشت ساڵ....

تریپلیۆڤ دێتە ژوورێ و لەسەر کورسییەک لای قاچی سۆرینەوە دادەنیشێ. ماشاش بە درێژاییی کات چاوی لێ ناترووکێنێ.

**دۆرن:** ئێمە ڕێگەشمان لە کەنستەنتین گەڤریلەڤیچیش گرتووە

کارەکانی خۆی بکات.

**تریپلیۆڤ:** نا، گرفتێک نییە.

(پشوویەک)

**مدڤیدێنکا:** ڕێگەم دەدەن پرسیارتان لێ بکەم، دوکتۆر، ئاخۆ کام شارتان لە هەندەران لە هەموو شارەکانی تر زیاتر بە دڵ بووە؟

**دۆرن:** جینەوا.

**تریپلیۆڤ:** بۆچی جینەوا؟

**دۆرن:** دیمەنی خەڵکی سەر شەقامەکانی تا بڵێی سەرنج ڕاکیشە. کاتێک ئێواران لە ئوتێلەکەت دێیتە دەرەوە شەقامەکان سیخناخن لە خەڵکدا. ئیتر خۆت دەدەیتە دەم ڕەوتی قەرەباڵغییەکە، لەمسەر بۆ ئەوسەر، لەسەر هێڵێکی شکاوە دەڕۆیت، دەبیت بە بەشێک لە قەرەباڵغییەکە و لەگەڵیدا دەژیت، لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە ئامێتەیان دەبیت و وا هەست دەکەیت کە بوونی گیانێکی جیهانی هاوبەش، وەک ئەوەی نینا زەرێچنەیا لە شانۆنامەکەی ئێوەدا نواندی، کاری کردەنییە. ئەرێ بەڕاست زەرێچنەیا ئێستا لە کوێیە؟ کەوتە چ لایەک و خەریکی چییە؟

**تریپلیۆڤ:** پێ دەچێ سەلامەت و تەندروست بێت.

**دۆرن:** بیستوومە کە گوایە جۆرە ژیانێکی تایبەتی دەباتە سەر. چییە مەسەلە؟

**تریپلیۆڤ:** دوکتۆر ئەوەیان سەرگوزەشتەیەکی دوور و درێژە.

**دۆرن:** جا ئێوە کورتەکەی بگێڕنەوە.

(پشوویەک)

**تریپلیۆف:** نینا لە ماڵی باوکی هەڵاتووە و ئێستا لەگەڵ تریگۆرین پێک هاتووە. ئەمەیانت بیستووە؟

**دۆرن:** دەزانم.

**تریپلیـۆف:** منداڵێکیشی بوو، بەڵام منداڵەکە مرد. تریگۆرین پاش ماوەیەک لە بەرچاوی کەوت و هەروەک چاوەڕوان دەکرا گەڕایەوە بۆ پێوەندییە کۆنەکانی. هەرچەندە ئەو لە ڕاستیدا هەرگیز وازی لەوانەی پێشتر نەهێنابوو. هێندەی من تێی گەیشتبم، لەوەی بەرگوێم کەوتووە، ئەوا ژیانی تایبەتی نینا وەک پێویست ڕێچکەی خۆی نەگرتووە.

**دۆرن:** ئەی لەگەڵ شانۆدا چۆن؟

**تریپلیـۆف:** پێ دەچێ ئەمیان لەوەش خراپتر بێت. یەکەم جار لە شانۆیەکی هاوینەی دەوروبەری مۆسکۆ دەستی کردبوو بە کار، دواتر چووبووە ناوچەیەکی دوورتر. تا ئەو کاتە من نەمدەهێشت لە چاوم ون ببێ، بۆ کوێ دەڕۆیشت من بە دوایەوە بووم. هەردەم خۆی دەخستە ژێر باری ڕۆڵە گەورە و سەختەکانەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناهەموار و بێ تام ڕۆڵی دەبینی، دەنگی دەبوو بە قیژە و زیاد لە پێویست دەستی ڕادەوەشاند، ساتی واش هەبوو، کە بە شێوەیەکی بەهرەدارانە هاواری دەکرد، یان دەمرد، بەڵام ئەوە تەنیا چەند ساتێک ڕووی دەدا.

**دۆرن:** کەواتە، بەهەرحاڵ بەهرەیەکی هەر هەیە؟

**تریپلیۆف:** ئەستەنگە پیاو لێی تێ بگات، بێگومان بەهرەیەکی دەبێ

هەبێ، من ئەوم دەدی بەڵام ئەو نەیدەویست من ببینێ، بەردەستەکانی ڕێگەیان نەدەدام بچمە ژوورەکەی. من لە مەزاجی دەگەیشتم و پێم دانەدەگرت لەوەی کە چاوم پێ بکەوێت.

(پشوویەک)

چیی تریشتان بۆ باس کەم؟ دواتر کە من گەڕامەوە ماڵەوە، ئینجا نامەم لەوەوە پێ دەگەیشت. نامەکانی زیرەکانە، گەرموگوڕ و سەرنج ڕاکێش بوون؛ لەو نامانەدا ئەو گلەیی و گازەندەی لە بەختی خۆی نەدەکرد، بەڵام من هەستم دەکرد چەند بەدبەخت بوو، هەر دێڕێکی وەک دەمارێکی بە ئازار و گرژ بوو. هەستم دەکرد کە خەیاڵیشی شێوا بوو. لە شانۆگەریی" شازادەی دەریا"دا، ئاشەوانەکە دەڵێت کە ئەو قەلەڕەشکەیە، نیناش لەنامەکانیدا دەیگوت و دەیگوتەوە کە ئەو نەورەسە. بەهەرحاڵ ئەو ئێستا لێرەیە.

**دۆرن:** یانی چی لێرەیە؟

**تریپلیۆڤ:** لێرە، لە شارە، لە ئوتێلەکە دابەزیوە. پێنج ڕۆژ دەبێ لەوێ ژوورێکی گرتووە. من ویستم بیبینم، هەروەها ماریا ئیلینیچناش هەوڵی دابوو، بەڵام ئەو نایەوێ کەس ببینێ. سیمیۆن سیمیۆنەڤیچ دڵنیایە لەوەی کە گوایە دوێنێ پاش نانی نیوەڕۆ لەناو کێڵگەیەکدا، دوو کیلۆمەتر لەولای ئێرەوە دیوێتی.

**مدڤیدێنکا:** بەڵێ ڕاستە، من خۆم دیم، بەو لایەدا دەڕۆیشت کە بەرەو شار دەچێت، سڵاوم لێ کرد و لێم پرسی بۆ سەردانی ئێمە ناکات، گوتی هەر دێت.

**تریپلیۆڤ**: ئەو بۆ ئێرە نایەت.

(پشوویەک).

باوکی و باوەژنەکەی نایانەوێ هەر بیشیبین. بە هەرچواردەوردا پاسەوانیان داناوە تا نەهێڵن هەر لە ماڵەوەش نزیک کەوێتەوە. (لەگەڵ دوکتۆردا دەچێتە لای مێزی نووسینەکە) چەند کارێکی ئاسانە، دوکتۆر، مرۆڤ لەسەر کاغەز فەیلەسووف بێت و لە کرداریشدا چەند کارێکی سەختە!

**سۆرین**: کچێکی تا بڵێی باش بوو!

**دۆرن**: ببوورن، چی؟

**سۆرین**: دەڵێم، کچێکی باش بوو،. تەنانەت سۆرینی ڕاوێژکاری کارای دەوڵەتیش ماوەیەک عاشقی بوو.

**دۆرن**: ئەی کووڵە مێباز!

(دەنگی پێکەنینی شەمرایێف دێتە گوێ).

**پەلینا ئەندرێیەڤنا**: وادیارە خەڵکەکەمان لە وێستگەی شەمەندەفەر گەڕاونەتەوە...

**تریپلیۆڤ**: بەڵێ گوێم لە دەنگی دایکمە.

(ئەرکادینا و تریگۆرین دێنە ژوورەوە و شەمرایێڤیش بە دوایاندا دێت).

**شەمرایێف** (بە دەم هاتنە ژوورەوەوە): ئێمە گشتمان پیر دەبین، باو و بۆرانی سروشت دەمانپووکێنێتەوە، ئێوەش، خانمە هێژاکەم، هەر وەکو خۆتان گەنجن... بە خۆتان و چاکەتێکی والاوە، وزە و بەژنزەریفیتان لێ دەبارێ.

**ئەركادینا:** دیسانەوە دەتانەوێ بمکەنەوە بە چاوەوە، بە خوا کابرایەکی بەدن!

**تریگۆرین** (بە سۆرین دەڵێ): سڵاوتان لێ بێت، پیۆتەر نیکەڵایەڤیچ! ئەوە چییە دیسانەوە ناساغن؟ بەخوا باش ناکەن! (چاوی بە ماشا دەکەوێت و بە خۆشییەوە هاوار دەکات) ئەوە ئێوەن، ماریا ئیلینەچنا!

**ماشا:** ناسیتانمەوە؟ (تەوقەی لەگەڵدا دەکات).

**تریگۆرین:** شووتان کردووە؟

**ماشا:** دەمێکە.

**تریگۆرین:** ئەی بەختیارن؟ (کەمێک خۆی ڕووەو دۆرن و مدڤیدێنکا دەچەمێنێتەوە، دواتر بە دوودڵییەکەوە بەرەو لای تریپلیۆڤ دەچێت) ئیرینا نیکەڵاییەڤنا دەڵێت کە ئێوە ڕابردووتان لە یاد کردووە و چیی تر تووڕە نین.

(تریپلیۆڤ دەستی درێژ دەکات و تەوقەی لەگەڵدا دەکات).

**ئەركادینا** (بە تریپلیۆڤی کوڕی دەڵێت): ها، ئەوە بەریس ئەلێکسێیەڤیچ ئەم کۆوارەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، چیرۆکە نوێیەکەی تۆیان تێدا بڵاو کردووەتەوە.

**تریپلیۆڤ** (کۆوارەکە وەردەگرێت و بە تریگۆرین دەڵێ): سوپاستان دەکەم، ئێوە زۆر میهرەبانن.

(هەموو دادەنیشن).

**تریگۆرین:** خوێنەرانتان سڵاو و ڕێزیان هەیە بۆتان.. لە پیتربۆرگ و هەم لە مۆسکۆش زۆر بە بایەخەوە بەرهەمەکانتان دەخوێندنەوە

و بەردەوام پرسیاری ئێوەم لێ دەکەن. دەپرسن یەکێکی چۆنە، تەمەنی چەندە، مووکاڵە یان مووڕەشە، هەمووشیان، ئیتر لەبەر هەر هۆیەک بێت، وا دەزانن کە ئێوە تەمەنی لاوێتیتان تێ پەڕاندووە. کەسیشیان ناوی ڕاستەقینەی خانەوادەکەتان نازانن، چونکە ئێوە بە ناوێکی خوازراوەوە بەرهەمەکانتان بڵاو دەکەنەوە. ئێوە پڕ نهێنین هەروەک "دەمامکە ئاسنینەکە" *

**تریپلیۆف**: زۆر لامان دەمێننەوە؟

**تریگۆرین**: نەخێر، بە نیازم هەر سبەینێ بچمە مۆسکۆ. پێویستە. دەبێ دەستوبرد بکەم چیرۆکێکم تەواو بکەم و بەڵێنیشم داوە شتێک ئامادە بکەم بۆ ئەنتەلۆجیایەک. بە کورتییەکەی- بەزمە کۆنەکەیە.

(تا ئەوان خەریکی قسەن ئەرکادینا و پەلینا ئەندرێیەڤنا مێزی یاریی کاغەزەکە دەبەنە ناوەڕاستی ژوورەکە؛ شەمرایڤ مۆمەکان دادەگیرسێنێ و کورسییەکان بە دەوری مێزەکەدا دادەنێ. یەکێک کاغەزی یاری لە دۆڵابەکە دەردەهێنێ).

هەواکەی میهرەبان نەبوو لەگەڵمدا، ڕەشەبایەکی سەختە. سبەی بەیانی ئەگەر کەمێک هێور بووەوە دەچمە دەریاچەکە بۆ ڕاوەماسی. بێ لەوەش دەبێ بە وردی سەرنجێکی باخەکە و ئەو شوێنەش بدەم - ئەگەر لە یادتان بێت - لە کوێ شانۆنامەکەتان نمایش کرد. مۆتیڤێک خەریکە پێ دەگات لام، تەنیا ئەوەم پێویستە شوێنی بەسەرهاتەکە لە مێشکمدا زیندوو بکەمەوە.

* دەمامکە ئاسنینەکە: ڕۆمانێکی ئەلیکساندەر دومایە.

**ماشا** (بە باوکی دەڵێ): باوکە ڕێگەی سیمیۆنی مێردم بدە ئەسپەکان بەرێ! دەبێ بگەڕێتەوەماڵەوە.

**شەمرایڤ** (گاڵتەی پێ دەکات): ئەسپ.. بۆ ماڵەوە... (ئینجا بە توندی) خۆت بینیت: هێندە نییە ناردمن بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، خۆ دیسانەوە نایاننێرمەوە.

**ماشا** (بە باوکی دەڵێ): ئاخر خۆ ئەسپی تر هەیە... (کە دەبینێ باوکی هەر بێدەنگە، دەستێک ڕادەتەکێنێ) جا پیاو ئیشی بکەوێتە ئێوە...

**مدڤیدێنکا:** ماشا، من خۆم بە پێ دەچم بۆ وێستگەکە، پێویست ناکات...

**پەلینا ئەندرێیەڤنا** (بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە): بە پێ، بەم تۆف و هەوایە.. (لەلای مێزی یارییەکەوە دادەنیشت) فەرموون، بەڕێزان.

**مدڤیدێنکا:** هەمووی شەش کیلۆمەترە.. ماڵئاوا (دەستی ژنەکەی ماچ دەکات) خواحافیز، دایە (خەسووی بە نابەدڵییەکەوە دەستی بۆ درێژ دەکات) لە ڕاستیدا کەسم نەدەخستە نارەحەتییەوە.. بەڵام منداڵەکە... (خۆی ڕووەو هەموویان دەچەمێنێتەوە) دەی خواحافیز... (دەچێتە دەرەوە، بە ڕەوتێکەوە کە گوناهباری پیشان دەدات).

**شەمرایڤ:** با بە پێ بڕوا، خۆ جەنەراڵ نییە.

**پەلینا ئەندرێیەڤنا** (تەقە لە مێزەکەوە دێنێ): فەرموون، بەڕێزان. با کات بە فیڕۆ نەدەین، هاکە بانگیان کردین بۆ نانی ئێوارە.

(شەمرایڤ، ماشا و دۆرن لە دەوری مێزەکە دادەنیشن).

**ئەرکادینا** (ڕووی قسەی لە تریگۆرینە): کاتێک ئێوارانی دوور و درێژی پایز دادێت، لێرە یاریی لۆتۆ دەکرێت. تەماشا بکەن لۆتۆیەکی سەیرە، هێشتا دایکی ڕەحمەتیم لەگەڵ ئێمەدا، کە منداڵ بووین، دەیکرد. ئارەزوو ناکەن، تا کاتی نانی ئێوارە دێت، دەستێکمان لەگەڵدا بکەن؟ (لەگەڵ تریگۆریندا، لای مێزەکە دادەنیشن) یارییەکی وەڕسکەرە، بەڵام کە پیاو پێی ڕاهات، خراپ نییە (هەریەکە و سێ کارتی دەداتێ).

**تریپلیۆڤ:** (لاپەڕەکانی کۆوارەکە هەڵدەداتەوە) چیرۆکەکەی خۆی خوێندووەتەوە، ئەوەی منیش تەنانەت پەڕەکانیشی لێک نەکردووەتەوە (کۆوارەکە دەخاتە سەر مێزی نووسینەکە و ئینجا ڕووەو دەرگەکەی لای چەپ دەڕوات؛ کاتێک بەلای دایکیدا تێ دەپەڕێ، سەری ماچ دەکات)

**ئەرکادینا:** ئەی تۆ، کۆستیا، یاری ناکەیت؟

**تریپلیۆڤ:** بمبەخشە، وەک شتێ، دڵم پێوەی نییە.. من تۆزێک دەسووڕێمەوە.

(دەچێتە دەرەوە).

**ئەرکادینا:** هەر دابەزینێک گریڤینێکە، دوکتۆر ئێوە لە بریی من داینێن.

**دۆرن:** بە چاوان.

**ماشا:** هەموو داتان ناوە؟ من دەست پێ دەکەم... بیست و دوو!

**ئەرکادینا:** هەمە.

**ماشا:** سێ!

**دۆرن:** بەڵێ.

**ماشا:** سێ دابەزین؟ هەشت! هەشتا و یەک! دە!

**شەمرایڤ:** پەلە مەکە!

**ئەرکادینا:** ئای چ پێشوازییەکیان لێ کردم لە خارکەڤ*، باوکە گیان، تا ئێستاش سەرم گێژ دەخوات!

**ماشا:** سی و چوار!

(لە پشت پەردەکەوە دەنگی ڤاڵسێکی غەمگین دێت).

**ئەرکادینا:** قوتابییەکانی زانکۆ بە دەم چەپڵەوە هاواری خۆشییان لێ بەرز دەبووەوە، سێ سەبەتە هەر گوڵ... دوو تاجە گوڵینە و ئەمەشم وەرگرت..

(برۆشێک لە سنگی دەکاتەوە و فڕێ دەداتە سەر مێزەکە).

**شەمرایڤ:** بەڕاستی شتێکی شایستەیە!

**ماشا:** پەنجا!

**دۆرن:** هەر ڕێک پەنجا؟

**ئەرکادینا:** بەرگێکی هێندە نایابم لەبەردا بوو! من لە هیچ شتێکدا شارەزا نەبم، لە خۆپۆشیندا گاڵتەم پێ ناکرێ.

**پەلینا ئەندرییەڤنا:** ئەوە کۆستیایە مۆسیقا دەژەنێ، کڵۆڵە دڵی پڕ پەژارەیە.

**شەمرایڤ:** لە ڕۆژنامەکاندا زۆر قسەی پێ دەڵێن.

---

* خارکەڤ: شارێکە لە ئۆکرانیای ئێستا.

**ماشا:** حەفتا و حەوت!

**ئەرکادینا:** هـی ئەوە نییە پیاو خۆی پێوە سەرقاڵ بکات.

**تریگۆرین:** بەختی نایهێنێ. هەرچەند دەکات دەنگی ڕاستەقینەی خۆی بۆ نادۆزرێتەوە. شتێکی نامۆ و دەستنیشاننەکراو دەنووسێ کە هەندێ جار لە وڕێنە دەچێ. تاکە کەسایەتییەکی زیندوو لە بەرهەمەکانیدا نادۆزیتەوە.

**ماشا:** یازدە!

**ئەرکادینا** (دەڕوانێتە لای سۆرین): چییە، پیتروشا، بێ تاقەتی؟

(پشوویەک).

نووستووە.

**دۆرن:** ڕاوێژکاری کارای دەوڵەت، هەر بە ڕاست خەوی لێ کەوتووە.

**ماشا:** حەوت! نەوەت!

**تریگۆرین:** جا من ئەگەر لە ماڵێکی وادا و لە لێوار دەریاچەیەکی ئاوا بژیامایە بۆچی هەرگیز خولیای نووسین دەیگرتم ؟ من ئەو ئارەزووەم لە خۆمدا دەتاساند و هەر خەریکی ڕاوەماسی دەبووم.

**ماشا:** بیست و هەشت!

**تریگۆرین:** ڕاوکردنی ماسی نیعمەتێکە بۆ خۆی! بەڵام حەیف

**دۆرن:** من بەشبەحاڵی خۆم باوەڕم بە کەنستەنتین گەڤریلیچ هەیە. ئەو کوڕە شتێکی تێدایە! شتێکی هەیە! بیرۆکەکانی هەردەم لە دیمەندا دەنەخشێنێ، چیرۆکەکانی پڕ ڕەنگ و ڕووناکین، بە تەواوی هەستی من دەجوولێنن. بەڵام حەیف، کە ئامانجی

دياريكراوى نييە. هەست دەهەژێنێ، ئيتر لەوە زياتر تێ ناپەڕێ، ئاشكراشە كە تەنيا هەست هەژاندن زۆرى لێ سەوز نابێت. بەڕاست ئيرينا نيكەلايێڤنا ئێوە پێتان خۆشە كە كوڕەكەتان نووسيارە؟

**ئەركادينا:** باوەڕ بكە هێشتا هيچيم نەخوێندووەتەوە، هەر كاتم بۆ هەڵناكەوێت.

**ماشا:** بيست و شەش!

(تريپليۆڤ بێدەنگ دێتە ژوورەوە و دەچێتە لاى مێزەكەى خۆى)

**شەمرايێڤ** (بە تريگۆرين دەڵێ): دەزانن، شتێكى ئێوە لاى ئێمە ماوەتەوە.

**تريگۆرين:** شتى چى؟

**شەمرايێڤ:** كاتى خۆى كەنستەنتين گەڤريلەڤيچ نەورەسێكى كوشتبوو، ئێوەش منتان ڕاسپارد كە كاى تێ كەم و هەڵى گرم بۆتان.

**تريگۆرين:** نايەتەوە يادم (هەوڵ دەدات بير بكاتەوە) يادم نييە!

**ماشا:** شەست و شەش! يەك!

**تريپليۆڤ** (پەنجەرەكە دەخاتە سەرپشت، گوێقولاغ دەبێت): چەند تاريكە! نازانم بۆ وا هەست بە نائارامى دەكەم.

**ئەركادينا:** كۆستيا پەنجەرەكە دابخە، هەواى دێت.

(تريپليۆڤ پەنجەرەكە دادەخات).

**ماشا:** هەشتا و هەشت!

**تريگۆرين:** بەڕێزان من پێرم پێيە.

**ئەركادينا** (بە خۆشييەوە): ئافەرين! ئافەرين!

**شەمرايڤ:** ئافەرين!

**ئەركادينا:** ئەم پياوە لە هەموو شتێكدا بەختى هەيە. (هەڵدەستێتە سەرپێ) ئينجا با بچين شتێك بخۆين. ميوانە ناودارەكەمان ئەمڕۆ قاوەڵتيى نەكردووە. دواى نانى ئێوارە بەردەوام دەبين. (بە كوڕەكەى دەڵێت) كوستيا، دەستنووسەكەت دانێ و با بڕۆين نان بخۆين.

**تريپليۆڤ:** نامەوێ نان بخۆم، دايە، من تێرم.

**ئەركادينا:** كەيفى خۆتە. (سۆرينى براى بێدار دەكاتەوە) پيتروشا، كاتى نانى ئێوارەيە! (قۆڵ دەكات بە قۆڵى شەمرايڤدا) ئێستا بۆتان باس دەكەم، لە خاركەڤ چ پێشوازييەكيان لێ كردم...

(پەلينا ئەندرێيەڤنا مۆمەكانى سەر مێزەكە دەكوژێنێتەوە، پاشان ئەو و دۆرن كورسييە چەرخدارەكە پاڵ پێوە دەنێن؛ تەنيا تريپليۆڤ و مێزى نووسينەكەى لەسەر شانۆكە دەمێننەوە).

**تريپليۆڤ** (خۆى ئامادە دەكات بنووسێ): من بەردەوام باسى فۆرمى نوێم كردووە، كەچى وا هەست دەكەم كە خۆيشم بەرەو نووسينى ڕۆتينانە بۆى دەخشێم. (دەخوێنێتەوە) " ئەفيشى سەر پەريژينەكە ئەوەى ڕادەگەياند كە.."... "دەموچاوێكى ڕەنگ پەريو لەناو چوارچێوەيەك لە قژى ڕەشدا".. تۆ سەيرى ئەم وشانە كە "ڕاى دەگەياند... لەناو چوارچێوەيەكدا" ئەوەى پێى بگوترێ بەهرە لەمەدا نييە (قەڵەمێكيان بەسەردا دێنێت) چاكترە لەوێوە دەست پێ بكەم چۆن دەنگى باران پاڵەوانەكە

بێدار دەکاتەوە و هەموو ئەوی تر فڕێ بدەم. وەسفی ئێوارە مانگئامێزەکە دوور و درێژ و ناسروشتییە. تریگۆرین کەرەستە و نهێنییەکانی نووسین فێر بووە، بۆ ئەو ئاسانترە.. لای ئەو ملی شووشەیەکی شکاوە لەسەر خاولییەک شەوق دەداتەوە... سێبەری پەروانەی ئاشێک تۆختر دەبێتەوە، بەمەش دیمەنی شەوە مانگئامێزەکە لای ئەو ئامادەیە، بەڵام لای من ڕووناکی بە ترپە و بریسکەی ئارامی ئەستێرەکان و دەنگی دووریی پیانۆیەک، کە لە هەوایەکی پڕ بۆن و بەرامەدا خامۆش دەبێت... ئای چ ئەشکەنجەیەکە.

(پشوویەک).

من تا دێت زیاتر و زیاتر دەگەمە ئەو بڕوایەی کە کار لە فۆرمی کۆن و نوێدا نییە، بگرە لەوەدایە کە مرۆڤ کاتێک دەنووسێت لە ڕاستیدا بیر لە هیچ جۆرە فۆرمێک ناکاتەوە، ئەو بۆیە دەنووسێت، چونکە نووسین خۆی ئازادانە و بێ پەروا لە ڕۆحیەوە سەر دەکات.

(یەکێک لە نزیکترین پەنجەرەی لای مێزەکەوە دەدات).

ئەوە چی بوو؟ (لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات) هیچ دیار نییە.. (دەرگە شووشەکە دەکاتەوە و سەیری ناو باخچەکە دەکات.) یەکێک بە ڕاکردن بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە (هاوارێک دەکات) ئەوە کێیە.

(دەڕوات؛ دێتە گوێ چۆن بە بەرهەیوانەکەدا تێ دەپەڕێ. خولەکێک پاشتر لەگەڵ نینا زەرێچنەیادا دەگەڕێتەوە).

(بە سۆزەوە) نینا! نینا! ئەوە ئێوەن.. ئێوە.. من هەروەک بڵێی دڵم خەبەری دابێت، هەموو ڕۆژەکە گیانم لە نائارامییەکی ترسناکدا بوو (کڵاوەکەی سەری و باڵاپۆشەکەی سەرشانی لادەدات) ئای چ خۆشییەکە، کیژە میهرەبانەکەم، گیانە شیرینەکەم هاتووە! نا فرمێسک نارێژین، ناگرین.

**نینا:** یەکێک لێرەیە.

**تریپلیۆڤ:** نا کەسی لێ نییە.

**نینا:** دەرگەکە داخەن ئەگینا یەکێک دێتە ژوورەوە.

**تریپلیۆڤ:** کەس نایەتە ژوورەوە.

**نینا:** من دەزانم ئیرینا نیکەلاییەڤنا لێرەیە. دەرگەکە داخەن..

**تریپلیۆڤ:** (دەرگەکەی لای ڕاست بە کلیل دادەخا و بەرەو دەرگەکەی لای چەپ دەڕوات). ئێرە قفڵی نییە، کورسییە چەرخدارەکە دەخەمە بەری (کورسییەکە دەداتە بەردەرگەکە) ئیتر مەترسن کەس نایەتە ژوورەوە.

**نینا** (بە وردی سەرنج لە ڕووی دەدا): با جارێ سەیری دەموچاوت بکەم (بە چواردەوری خۆیدا دەڕوانێ) ئێرە چەند گەرم و خۆشە.. جاران ئەمە ژووری میوان بوو. پێم بڵێن من زۆر گۆڕاوم؟

**تریپلیۆڤ:** بەڵێ.. لاواز بوون و چاوەکانتان گەورەتر دەنوێنن. کەمێک سەیرە، کە من ئێستا دەتانبینم. هۆی چی بوو نەتاندەهێشت چاوم پێتان بکەوێت؟ بۆ تا ئێستا نەتاندەویست بێن بۆ ئێرە؟ من ئاگەدارم کەوا بۆ هەفتەیەک دەچێ ئێوە لێرە دەژین.. من

هـەمـــوو ڕۆژێک چەند جـــارێک دەهاتم بـۆ لاتـان و هـەروەک سوالْکەرێک لەژێر پەنجەرەکەتاندا دەوەستام.

**نینا:** لەوە دەترسام ئێوە ڕقتان لە من بێتەوە. من هەموو شەوێک خەو دەبینم کە ئێوە سەیرم دەکەن و نامناسنەوە. گەر دەتانزانی! من هەر لەو ڕۆژەی گـــەڕاومـــەتەوە، زوو زوو دێم بۆ ئێـــرە.. بۆ دەوروبەری دەریاچەکە.. زۆرجار دەهاتمە نزیک ماڵەکەتان، بەلاَم زاتی ئەوەم نەدەکرد بێمە ژوورەوە. با دانیشین.

(هەردووکیان دادەنیشن).

دادەنیشین و قسە دەکەین و دەکەینەوە. ئێرە خۆش و دڵگیرە.. گـوێتـان لە دەنگی بایە؟ تورگـێنێڤ لە بەرهـەمـێکیـدا دەڵێ: "بەختیارە ئەو کەسەی لە شەوانێکی وادا ساپیتەیەکی هەیە و دەتوانێ لەژێریدا دانیـشێ و سـووچێکی گـەرمی هـەیە تێـدا هەڵکورمێ"، مـن – نەورەسم، نـا، دەمـەوێ شـتـێکی تر بڵـێم. (ناوچەوانی خـۆی دەسـڕێ) باسی چیم دەکـرد؟ ئا تورگـێنێڤ "خـواش بە هـانای ئەوانەوە بچێت کە بێلانە و ئاوارەن..." هیچ نییە (دەداتە پرمەی گریان)

**تریپلیۆڤ:** نینا، ئێوە دیسانەوە... نینا!

**نینا:** هـیچ نیـیـە... من ســەبووریم بەمـە دێت... مـن ئەمـە دوو ســاڵە نەگریاوم. دوێنـێ ئێـوارە، درەنگانێک، چووم سەیری باخـچەکە بکەم و بزانم شـانۆکەمـان ماوە.. لە ڕاسـتـیـشـدا هەر لە جـێی خـۆی بوو، بۆ یەکەم جار لە مـاوەی ئەم دوو سـاڵەدا گریام، بەو گریانەش دەروونم ئاسـوودەتر بووەوە و ڕۆحـم ڕۆشـنتـر. دەبیـنن، من چیی تر نـاگـریم. (هەردوو دەسـتی تریپلیـۆڤ دەگــرێ)..

کەواتە ئێوە بوون بە نووسیار، ئێوە نووسیارن، منیش ئەکتەر.. هەردووکمان ڕاپێچی گێژاوەکە بووین.. من ژیانێکی شاد دەژیام، بەیانییان بێدار دەبوومەوە و دەستم دەکرد بە گۆرانی گوتن؛ عاشقی ئێوە بووم، خەوم بە ناو پەیداکردنەوە دەدی، بەڵام ئێستاکە چی ماوە؟ بەیانی زوو دەبێ بکەومە ڕێ بۆ یلێتس*، لە ڤاگۆنێکی پلەی سێدا دانیشم... لەگەڵ جووتیارەکاندا، لە یلێتسیش بازرگانەکان بە لوتف نواندن و پێشنیازی نابەجێوە پێمەوە دەلکێن. چ ژیانێکی ناحەزە ئەم ژیانەم!

**تریپلیۆڤ**: جا بۆ دەبێ بچن بۆ یلێتس؟

**نینا**: کارێکم وەرگرتووە بۆ هەموو زستانەکە. دەبێ بڕۆم.

**تریپلیۆڤ**: نینا، من نەفرەتم لێتان کردبوو، ڕقم لێتان بوو، هەموو نامە و وێنەکانتانم دڕاندبوو، بەڵام هەموو ساتێکیش دەمزانی کە ڕۆحم بۆ هەموو کات ئالوودەتانە. من ناتوانم خۆشم نەوێن، نینا، لەو کاتەوەی ئێوەم لەدەست دا و شتەکانم کەوتنە بڵاوبوونەوە، ژیانم ناهەموارە و ئازار دەچێژم.. وەک بڵێیت لاوێتیم لە پڕێکدا پچڕابێت و وا هەست دەکەم نەوەت ساڵە بەسەر ڕووی زەوییەوەم. من بەردەوام ناوتان دێنم و بانگتان دەکەم، ئەو خاکە ماچ دەکەم کە بەسەریدا دەڕۆیشتن؛ بۆ کوێ دەڕوانم ڕووتان دەبینم و ئەو زەردەخەنە پڕ میهرەبانییەتان کە خۆشترین ساڵانی ژیانمی ڕووناک کردبووەوە...

**نینا**: (بە سەرلێشێواوییەکەوە و لەبەر خۆیەوە) بۆ وا دەدوێ، بۆ ئەم

* یلێتس: شارێکە لە ڕووسیا و کەوتووتە خوارووی مۆسکۆوە.

قسانە دەكات؟

**تریپلیۆڤ:** من تەنیام، خۆشەویستیی کەسێک شک نابەم گەرمییەک بداتە ژیانم، سەرمامە هەروەک لەژێر خاکدا بم، هەر شتێکیش دەنووسم وشک و برنگ و تاریک و نووتەک دەردەچێ. لێرە بمێننەوە، نینا، تکاتان لێ دەکەم، یان ڕێگەم پێ بدەن منیش بێم لەگەڵتاندا!

(نینا خێرا شەپقەکە دەکاتە سەری و بالاپۆشەکەی دەداتەوە بە شانیدا).

نینا، ئاخر بۆ؟ لە ڕێی خوادا، نینا،... (سەیر دەکات چۆن نینا جلەکانی لەبەر دەکات).

(پشوویەک)

**نینا:** ئەسپەکانم لای دەروازەکەوە وەستاون. بەڕێم مەکەن، خۆم دەڕۆم.. (بە دەم فرمێسکەوە) کەمێک ئاوم بدەنێ...

**تریپلیۆڤ** (ئاوەکەی دەداتێ): باشە ئێستا بۆ کوێ دەڕۆن؟

**نینا:** بۆ ناو شار.

(پشوویەک)

ئیرینا نیکەلایەڤنا لێرەیە؟

**تریپلیۆڤ:** بەڵێ... ڕۆژی چوارشەم خاڵم باری تەندروستیی خراپ بوو، ئیتر ئێمە تیلیگرامێکمان بۆ نارد، تا بێت بۆ ئێرە.

**نینا:** بۆچی ئێوە دەڵێن کە ئەو خاکە ماچ دەکەن من بەسەریدا دەڕۆم؟ من شایانی کوشتنم. (بەسەر مێزەکەدا دەچەمێتەوە) من هێندە ماندووم! خۆزگە کەمێک پشووم بدایە.. کەمێک ماندووێتیم

دەرچوایە! (سەری بەرز دەکاتەوە) من – نەورەسم، نا، نەخێر، من – ئەکتەرم... دە فەرموو دەی! (کاتێک گوێی لە پێکەنینی ئەرکادینا و تریگۆرین دەبێ، کەمێک گوێقولاغ دەبێت و پاشان ڕادەکات بەرەو دەرگەکەی لای چەپ و لە کونی کلیلەکەوە سەیری دەرەوە دەکات) ئەویش لێرەیە... (دەگەڕێتەوە لای تریپلیۆڤ).. قەیدی نییە.. هیچ نییە.. ئەو بڕوای بە شانۆ نەبوو... پێکەنینی دەهات بە خەونەکانم، وردە وردە من خۆشم بڕوام پێیان نەما و وڕەم بەردا.. لەولاشەوە دەردیسەری خۆشەویستی و دڵپیسی و ترسی بەردەوامم سەبارەت منداڵەکە.. ئیتر من تا دەهات ڕیۆڵە دەبووم و دەپووکامەوە و ڕۆڵی بێ مانام دەبینی.. نەمدەزانی چی لە دەستەکانم بکەم، نەمدەتوانی وەک پێویست لەسەر شانۆ بوەستم، بەسەر دەنگی خۆمدا زاڵ نەبووم، ئێوە شارەزای ئەو هەستە نین کاتێک خۆت هەست دەکەیت کە زۆر خراپ ڕۆڵەکەت دەبینی. من – نەورەسم.. نا، نا... لە یادتانە کە نەورەسەکەتان کوشت؟ بەڕێک کەوت کەسێک هات و لە بێ ئیشیدا کوشتی.. ئەمە بابەتێکی لەبارە بۆ کورتە چیرۆکێک... بەڵام نەخێر... (ناوچەوانی دەسڕێت) دەمەوێ باسی چی بکەم؟... باسی شانۆ دەکەم... من ئێستا وا نەماوم، من ئەکتەرێکی ڕاستەقینەم، چێژ لەو ڕۆڵانە دەبینم کە دەیاننوێنم و سەرسام دەبم بەرامبەریان، لەسەر تەختی شانۆکە مەست دەبم و هەست بە لێهاتوویی و کەموێنەیی خۆم دەکەم. ئێستاش، تا لێرە دەژیم، بە پێ پیاسە دەکەم، دەڕۆم و بیر دەکەمەوە، بیردەکەمەوە و هەست دەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ هێز و بڕستی ڕۆحیم گەشە دەسێنێت.. من ئێستا

شتەکان دەزانم و لێیان تێ دەگەم. کۆستیا، من ئێستا تێ دەگەم کە لەم بوارەی من کاری تێدا دەکەم، شتی سەرەکی شۆرەت و باق و بریقەکە نییە، ئەوە نییە کە من خەوم پێوە دەدی، بگرە گرنگترین شت ئەوەیە توانای دان بەخۆداگرتنت هەبێت. توانای ئەوەت هەبێت خاچەکەی خۆت هەڵگریت و خاوەن بڕوا بیت.

**تریپلیۆف:** ئێوە ڕێگەی خۆتان دۆزیوەتەوە و دەزانن بەرەو کوێ ڕێ دەکەن، هەرچی منیشم هەر لە ئاشووبی خەیالات و دیمەنە دژ بەیەکەکاندا دەژیم و نازانم گشتی لە پای چییە و کەڵکی کێ دەگرن. من باوەڕم لەق بووە و نازانم پەیامم چییە.

**نینا:** (گوێ شل دەکات) وسس.... من دەڕۆم. هەر کاتێک بوومە ئەکتەرێکی گەورە وەرن و سەیرم کەن. بەڵێنم پێ دەدەن بێن؟ ئێستاش... (توند دەستی دەگوشێ) ئیتر درەنگە. من بە ئەستەنگ خۆم لە سەرپێ ڕاگرتووە.. تەواو شەکەتم، دەمەوێ شتێک بخۆم...

**تریپلیۆف:** بمێننەوە، من خواردنی ئێوارەتان بۆ ئامادە دەکەم.

**نینا:** نا... نا، بەڕێم مەکەن. من خۆم دەڕۆم... ئەسپەکانم نزیکن لێرەوە... کەواتە دایکتان ئەوی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ ئێرە؟... بەهەرحاڵ، کاتێک تریگۆرین دەبینن، هیچی پێ مەڵێن... من خۆشم دەوێت.. بگرە من ئێستا لە جاران زیاتر خۆشم دەوێت.. ئەمەش بابەتێکە بۆ کورتە چیرۆکێکی تر.. خۆشم دەوێت، خۆشەویستییەکی پڕ سۆز و ناکام. جاران خۆش بوو، کۆستیا! لە یادتانە؟ چ ژیانێکی ڕۆشن، پڕ گەرمی و شادی و بێگەردمان

هەبوو، چ جۆرە هەستێک گیانی تەنی بووین، ئەو هەستانەی لە گـــــــوڵـی نـازک و ڕەنگـین دەچـوون.. لـە یـادتـانـە؟... (بـۆی دەخـوێنێتـەوە) "مـرۆڤـەکان، شـێـرەکان، هەڵۆکان و کـەوەکان، ئاسکە شـاخـدارەکـان، قـازەکـان، جـاڵـجـاڵۆکـەکـان، مـاسـیـیـە بێدەنگەکانی بن دەریا، ئەستێرە دەریاییەکان و ئەوانەش کە بەچاو نەدەبینران، بەکورتی هەموو ژیان، هەموو ژیان، هەموو ژیان پاش ئەوەی خولی خەمئامێزی خۆی تەواو کرد، کوژایەوە.. ئەوا هەزار سەدەیە ڕووی زەوی تاکە گیانەوەرێکی نەگرتووەتە خـۆ، ئەو مـانگە کـەسـاسـەش بێـهـوودە چراکـەی خـۆی دادەگـیـرسـێنێ، چیی تر قـوولنگەکـان بەدەم چریکەوە لە مێرگەکاندا بە ئاگا نایەنەوە، چیی تر قالۆنچـەکانی بەهار لە دارستانەکاندا دەنگیان نایەت". (بە تاسەوە باوەشێک دەکات بە تریپلیۆڤدا و بەرەو دەرگە شووشەکە ڕادەکات).

**تریپلیۆڤ** (پاش پشوویەک): باش نییە گەر یەکێک لە باخەکەدا ببینێ و دواتر بۆ دایکمی بگێڕێتەوە. ئەوە دەبێتە مایەی نیگەرانیی دایکم..

(لە ماوەی دوو خولەکدا بە بێدەنگییەوە دەستنووسەکانی خۆی دەدڕێنێ و فڕێیان دەداتە ژێر مێزەکەوە، دواتر دەرگەکەی لای ڕاست دەکاتەوە و دەچێتە دەرەوە).

**دۆرن** (بە دەم هەوڵدانەوە بۆ کردنەوی دەرگەکەی لای چەپ): شـتێکی سـەیرە، دەرگـەکـە لەوە دەچێت داخـرابێت.. (دێتـە ژوورەوە و کـورسـیـیـەکـە لە شـوێنی خۆی دادەنێ) ئـەمـەیە ئەسـپـسـواری بەسەر کۆسپەکاندا.

(ئەركـــادينا و پەلينا ئەندرێيـــەڤنا دێنە ژوورەوە، دوا بەدوای ئەوانيش ياكـەڤ بە چەند شـووشـەيەكـەوە و مـاشـا، ئينجـا شەمرايێڤ و تريگۆرين دێنە ژوورەوە).

**ئەركادينا:** شـەرابە سـوورەكە و بيرەكەی بەريس ئەێكسـێيەڤيچ لێرە، لەسـەر مێزەكە، دانێن. ئێمە بە دەم يارييەوە دەشخۆينەوە. دەبا دانيشين، بەڕێزان.

**پەلينا ئەندرێيەڤنا** (بە ياكەڤ دەڵێت): هـەر ئێسـتا چايەكەش بگێڕە.. (مۆمەكان دەكوژێنێتەوە و لەلای مێزی يارييەكەوە دادەنيشێ).

**شەمرايێڤ** (تريگۆرين دەباتە لای دۆڵابەكەوە): فەرموون ئەوە ئەو شتەی كـەمـێک پێش ئێسـتـا باسم كـرد ( نەورەسـە كـاتێكراوەكـە لە دۆڵابەكە دەردەهێنێ) فەرموون ئەوە ڕاسپاردەكەتان.

**تريگۆرين** (بە دەم ســەيركــردنی نەورەســەكــەوە): نايەتەوە يادم! (ديسانەوە بير دەكاتەوە) هيچ بيرم نييە.

(لە پشـتـەوە و لەلای ڕاستی شـانۆكەوە دەنگی فيشـەكێک دێتە گوێ. هـەموويان ڕادەچڵەكێن).

**ئەركادينا:** (بە ترسەوە) ئەوە چی بوو؟

**دۆرن:** هيچ نييـە، دەبێت شـتێكی نـاو جانتـای پزيشكييـەكەی من بێت تەقيبێت. خۆتان سـەغڵـەت مەكـەن (لە دەرگەكەی لای ڕاستـەوە دەچێتـە دەرەوە، پاش نيو خولەک دەگـەڕێتـەوە) هـەر قسـەكـەی خـۆم دەرچوو، شـووشـەيەكی ئيتـير لە جـانتـاكـەدا تەقی. (لەبەر خۆيەوە گۆرانی دەڵێت) "سـەرلەنوێ بە مـەفتوونـی لەسـەر ڕێگەت وەستاوم..."

**ئەرکادینا:** (بەدەم دانیشتنەوە لە دەوری مێزەکە) ئای کە ترسام. وەک بڵێیت ئەوەی یاد هێنامەوە کە... (دەموچاوی خۆی بە هەردوو دەستی دادەپۆشێ) تەنانەت بەرچاویشم تاریک داهات...

**دۆرن:** (بە دەم هەڵدانەوەی پەڕەکانی کۆوارەکەوە، بە تریگۆرین دەڵێت) دوو مانگ لەمەوبەر وتارێکیان لێرەدا بڵاو کردبووەوە... نامەیەک لە ئەمەریکاوە.. جا بۆیە، ویستم لە جەنابتان بپرسم (باوەش دەکات بە ناوقەدی تریگۆریندا و بەرەو تەختەکە دەیبات) بەو پێیەی من ئەو مەسەلەیەم زۆر لا گرینگە... (ئینجا بە دەنگێکی نزمتر) هەر چۆنێک دەکرێ ئیرینا نیکەلاییەڤنا لێرە دوور خەرەوە. لە ڕاستیدا کەنستەنتین گەڤریلەڤیچ فیشەکێکی ناوە بە خۆیەوە.

(پەردە دادەدرێتەوە).